خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا    لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان ڕەئوف    ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر    بابان ئەنوەر

# کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی

## تیۆری و پڕاکتیک

مایك گۆنزالێس
ئیسەم کۆنارا

وەرگێڕانی: بابان ئەنوەر
2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (117)

ناوی کتێب: کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی
بابەت: فکری
ناوی نووسەر: مایك گۆنزالێس - ئیسەم کۆنارا
وەرگێڕانی بابان ئەنوەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال - کەیوان عومەر
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: چاپخانەی دلێر
نرخ: 3000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە و

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1392 )ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

# كارڵ ماركس و ليۆن ترۆتسكی

## تيۆری و پڕاكتيك

مايك گۆنزالێس
ئيسەم كۆنارا

وەرگێڕانی: بابان ئەنوەر
2016

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە
به هاوڕێی خۆشەویستم (ساڤین)
کە هاندەر و پاڵپشتی سەرەکییم بوو
لە تەواوکردنی ئەم کارە

## ناوەڕۆک


**کتێبی یەکەم** 7

بەشی 1: لە دایکبوونی "خەباتگێڕێکی چاونەترس"...................... 9

بەشی 2: رووکردنە پاریس........................................................ 15

بەشی 3: ئەو دە رۆژەی جیهانی هەژاند........................................ 21

بەشی 4: مەلەکردن لەگەڵ رەوتی شۆڕشگێڕیدا............................ 33

بەشی 5: روانین بۆ پێشەوە... و بۆ دواوە....................................... 45

بەشی 6: کەڵەکەکردن... کەڵەکەکردن......................................... 53

بەشی 7: دەستنیشانکردنی دڕندەکە............................................ 61

بەشی 8: قەیران و هەل........................................................... 71

بەشی 9: ئەو رۆژەی زەمان تێیدا وەستا: کۆمۆنەی پاریس............ 77

بەشی 10: مارکس لە مڕۆدا....................................................... 85

**کتێبی دووەم** 87

بەشی 1: ترۆتسکی لە سەدەی بیستویەکدا.................................. 89

بەشی 2: چۆن ترۆتسکی بووە شۆڕشگێڕ؟.................................... 91

بەشی 3: چی جۆرە پارتێک؟...................................................... 95

بەشی 4: 1905: دامەزراندنی یەکەم ئەنجومەنی کرێکاران........... 99

بەشی 5: شۆڕشی بەردەوام........................................................ 105

بەشی 6: ئەزموونکردنی جەنگ................................................... 113

بەشی 7: 1917: شۆرشی روسیا.................................................. 119

بەشی 8: سەرەتاکانی کۆمەڵگەیەکی نوێ............................... 127

بەشی 9: چەکدارکردنی شۆڕش............................................ 131

بەشی 10: بڵاوکردنەوەی شۆڕش.......................................... 137

بەشی 11: بەرەی یەکگرتوو................................................ 143

بەشی 12: هەڵکشانی بیرۆکراتیزم........................................ 149

بەشی 13: سۆسیالیزم لە یەك وڵاتدا..................................... 153

بەشی 14: جیهانێك بە بێ ڤیزا............................................ 159

بەشی 15: خەبات دژ بە فاشیزم.......................................... 161

بەشی 16: شۆڕشێکی غەدرلێکراو........................................ 167

بەشی17:ئایاترۆتسکی دەیتوانی شکست بە ستالین بهێنێت؟..... 173

بەشی 18: میراتی لیۆن ترۆتسکی....................................... 177

# کتێبی یەکەم

## بەشی (1)
## لە دایکبوونی "خەباتگێڕێکی چاونەترس"

کارڵ مارکس شۆڕشگێڕ بوو. پێش مردنیشی پرسیاردەکرا کە ئایا مارکس خۆی مارکسیستە، ئەویش بەڵێنی خۆی دووپاتکردەوە کاتێك لەو کەسانەی دەڕوانی کە خۆیان بە مارکسیست دادەنا. لە دوای مردنییەوە لە ساڵی 1883، لە گەلێك بۆنەی جیاوازدا ناوی مارکس وەك پاساوێك بۆ ستەمکاریی و چەوساندنەوە بەکارهاتووە- یاخود لەو ستراتیژیی و ئایدۆلۆژییانەدا کە رێك پێچەوانەی باوەڕەکانی مارکس بوون بوو. هەتاوەکو کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیستیش "مانیفێستی کۆمۆنیزم" کە بە هاوبەشیی لەگەڵ (فریدریك ئەنگڵس)ی هاوڕێی تەمەنیدا نووسیویانە، لە سەرەوەی لیستی پڕفرۆشترین کتێبەکان بوو، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکەمیشدا، راپرسییەکی جەماوەریی کەناڵی بی بی سی دەریخست کە هەتاوەکو ئێستاش مارکس جێگە و مەکانی خۆی پاراستووە وەك مەزنترین فەیلەسوفی سەرتاپای سەردەمەکان.

بەڵام وەسفکردنی بە فەیلەسوف، وەسفێکی ورد و تەواو نییە، بە تایبەت دوای ئەوەی مارکس وتی "هەتا ئێستا فەیلەسوفان جیهانیان راڤەکردووە، بەڵام کارەکە بریتییە لە گۆڕینی جیهان". ئەم رستە بە ناوبانگەی خاڵێکی جیاکەرەوە و ساتێکی یەکلاکەرەوەیە لە گەشەسەندنی فیکری مارکس خۆیدا، ئەو ساتەی لە فەیلەسوفێکەوە دەبێتە بیرمەندێکی شۆڕشگێڕ[1].

کارڵ مارکس، وەك کوڕی خێزانێکی مامناوەندی جولەکە ساڵی 1818 لە شارۆچکەی ترێر (Trier) لە راینلاندی ئەڵمانیا لە دایکبووە. پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی پروس، بە فەرمانڕەواییە پادشاییە ستەمکارییەکەیەوە، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا سوپای ناپلیۆن بۆ ماوەیەکی کەم ئەو شارۆچکەیەی داگیرکرد، مانەوەی ناپلیۆن لە شارۆچکەکەدا کەم بوو، بەڵام لە دوای خۆی چەند ئایدیایەکی دەربارەی ئازادی و گۆڕان بەجێهێشت، بە مانایەکی تر ئایدیا و پرەنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسی.

هاینریشی باوکی مارکس، کتێبەکانی ڤۆڵتێر و رۆسۆی لە دڵ و دەرونیدا لەبەرکردبوو، بە لێدوانە ئاشکرا و راشکاوەکانی ناسرابوو لە بۆنە گشتییەکاندا دەربارەی پێویستیی بوونی سیستەمێکی سیاسی کە بە شیوەیەکی تەندروست فەرمانڕەوایی بکات، سەرەڕای نارەزاییەتییەکانی دەربارەی ئەو جیاکارییەی جولەکەکانی پروسیا بە دەستییەوە گیرۆدەبوون. هاینریش )پاش ئەوەی ئاینی خۆی لە جولەکەوە گۆڕی بۆ پرۆتستانتی و ناوی خۆشی گۆڕی) شۆڕشگێڕ نەبوو- بەڵام سەلامەتیش نەبوو لەو شەپۆلە گۆڕانکارییەی لەو دەمەدا سەرجەم ئەوروپای گرتبووەوە. کارڵی لاو هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو جگە لەوەی کاریگەر بێت بە هەندێك لە ئایدیا لیبرالییەکانی باوکی.

باوکی مارکس سووربوو لەسەرئەوەی کوڕەکەی یاسا بخوێنێت. لە ساڵی 1835 و لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا مارکس دەستیکرد بە خوێندنی یاسا لە زانکۆی بۆن، بەڵام لە راستیدا زیاتر شیعر و

فەلسەفەی بەلاوە گرنگ بوو. تاڕادەیەك كاریگەربووبە (لۆدیڤیك ڤۆن ویستڤالین) كە كوڕی خێزانێكی دەوڵەمەند بوو، یەكێك بوو لە هاوڕێكانی ماركس، كارڵی لاوی بە شكسپیر و شاعیرە یۆنانییەكان ئاشناكرد. ساڵی 1843 كچەكەی لۆدڤیكی هاوڕێی بە ناوی یەنا دەبێتە هاوسەر و هاوڕێی گشت تەمەنی ماركس.

گەرموگوڕی ماركس بۆ فەلسەفە، تەنها گەرموگوڕییەك نەبوو لە نێو ئەكادیمیا و خوێندندا، بەڵكو كاتێك خویندكار بوو، دیبەیتە فەلسەفییەكان هەلێكی باش بوو بۆ سەرنج ڕاكێشانی بەرەو كێشەكانی كۆمەڵگە، مێژوو و گەشەی توانا مرۆییەكان. فەیلەسوفێكی دیار هەژمونی بەسەر كۆی ئەم مشتومڕە دڵنشینانەوە هەبوو، كە بریتیبوو لە )هیگڵ). هیگڵ یەكێك بوو لە لایەنگرە سەرسەختەكانی شۆڕشی فەرەنسی، لەو باوەڕەشدا بوو كاتێك عەقڵ دەستدەكات بە گەشەپێدان و بەشدارییكردن لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەكاندا، ئەوا جیهان پیدەنێتە قۆناغێكی نوێوە، بەڵام كە كاتی ئەوە دێت ماركس بكەوێتە ناكۆكی لەگەڵ هیگڵ دا، ئیدی هیگڵ دەبێتە یەكێك لە بیرمرندە كۆنزێرڤاتیڤەكان و دەگاتە ئەو باوەڕەی كە خودا نوێنەرایەتی لۆژیكی ڕەها دەكات-دەوڵەتی پرۆسی بە دەسەڵاتە سەركوتكەرەكەیەوە روونترین گوزارشتە لەم لۆژیكە ئیلاهییە.

بەرەوپێشەوەچوونەكانی ماركس لە (ترێر)، هاوكات بەرەوپێشچونی بوو لە ئایدیا لیبرالیستییەكاندا، هەربۆیە سەرنجی كۆمەڵە لاوێكی بۆخۆی ڕاكێشا كە تواناكانی خۆیان لە "گۆڕین بە ڕێگەی ئایدیاكان"ەوە بە خەرجدەدا- واتا هیگڵیانیستە لاوەكان.

هیگڵ کە لە دەمی رابردوودا شۆڕشگێڕ بوو، ئەویش لە ناو ئەم بازنەیەدا بوو، لیبراڵەکانی ئەوکات ئەتایست و بۆهیمی بوون و خەریکی بادەنۆشین بوون، رێك وەك مارکس ئەو دەمەی گەیشتە بەرلین و چووە ریزی یانەی مامۆستایان، ریش و قژێکی درێژی هەبوو، کە نیشانەیەکی خوازراوە بۆ ناسینەوەی بیرمەندی رادیکاڵ.

هیگڵیانیستە لاوەکان و دەوروبەرەکەیان کۆکبوون لەسەر دژایەتییان بۆ ستەمکاریی سەرکوتکەرانەی دەوڵەتی پروسی، لای ئەوان شۆڕشی فەرەنسی بە مانای رۆشنگەری و گۆڕانکاری و بیرکردنەوەی پێشکەوتنخوازانە دێت کە دەتوانێت ئەڵمانیای فیودالی بگۆڕێت بە دەوڵەتێکی سەرمایەداریی دیموکراتیی مۆدێرن. لەودەمەدا مارکس بە تەواوی ئەو ئایدیایانەی تێپەڕاندبوو کە پێشتر پێیان کاریگەر ببوو لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی لە ماڵی باوکی سازدەکران. سەرەڕای ئەوەش ناسیاوەکانی باوکی لە بزنسمانە پێشکەوتنخوازەکان بوون، دەستەیەك لە وانە دەستگرۆیی رۆژنامەی "راینش تسایتۆنگ Neue rheinishe Zeitung"یان دەکرد کە رۆژنامەیەکی پێشکەوتنخواز بوو، بەرهەڵستیی بەردەوام بوونی فۆڕمە فیودالییەکەی دەوڵەتی پرۆسی دەکرد، ئەمە هەمان ئەو رۆژنامەیە بوو کە دوای گەڕانەوەی بۆ ترێر لە ساڵی 1841 مارکس بوو بە سەرنوسەری.

رووداوێکی بچووك کاریگەریی هەبوو لەسەر بەرەوپێشچوونی بیرکردنەوەکانی مارکس. لەو سەروبەندەدا جوتیارە ئاساییەکان بە پێی یاسایەکی نوێ کە ئەم کارەی بە دزی لەقەڵەمدەدا، لە مافی کۆکردنەوەی داروتەختە لە دارستانەکاندا

بێبەشکران، لە بەر ئەوەی ئەو داروتەختانە خاوەندارێتی تایبەتیین. هەریەکە لە خاوەن زەوییەکان و چینی پیشەسازیی تازەدەرکەوتوو )کە دەستگرۆیی دەرکردنی رۆژنامەکەیان دەکرد) پێشوازییان لەم بڕیارە کرد و لە لایان پەسەند بوو. دۆخەکە بەمجۆرە دەستیپێکرد، ئابوریی سەرمایەداریی نوێ کە پشتبەستە بە خاوەندارێتی تایبەت، هیچ دڵنیاییەك بۆ هەژاران و کرێدەران فەراهەم ناکات. لەسەر هەمان رێباز، مارکس درکی بەوەکرد هەر دەوڵەتێك پارێزگاریی لە خاوەندارێتیی تایبەت بکات، هەرگیز ناتوانێت بەرژەوەندییەکانی چینی کارکەر بپارێزێت.

ئەوە هەنگاوی یەکەم بوو بۆ مارکس بە ئاڕاستەی تێگەیشتن لە دەوڵەت لە روانگەی چینایەتییەوە. کاتێکیش هەندێك لە ئایدیا نوێیەکانی لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکەی بڵاوکردەوە، هەلێکی باشبوو تا سانسۆری دەوڵەتی پرۆسی پەڵپ و نارەزایەتیی خۆی دەرببڕێت و رێگری لە بڵاوبوونەوەی بکات و کەیسەکە بخاتە خانەی "بێڕێزی کردن و دەمدرێژییەکی زیاد لە پێویستی سەرنوسەر"ەوە. کۆی رۆژنامە پێشکەوتنخوازەکانی دیکەی ئەڵمانیاش رووبەڕوی هەمان چارەنووس بوونەوە. ئیدی کاتی ئەوە هات مارکس هەنگاوێك بنێت، پاش ماوەیەکی کورت خۆی و یەنای هاوسەری رۆیشتن بەرەو پاریس. خێزانە ئەرستۆکراتییەکەی یەنا هیچ دڵخۆشنەبوون کە چارەنووسی کچەکەیان بەستراوەتەوە بە رۆژنامەنووسێکی موفلیس و سەرەڕۆوە. بەڵام هەڵوێستی خێزانەکە مانا و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو بۆ مارکس و هاوسەرەکەی.

## پەراوێز:

1. دەشێت ئەم قسەیەی نوسەری ئەم کتێبە زیاتر وەک گەمەیەکی زمانەوانی و خۆجیاکردنەوەیەکی ناپێویست سەیربکەین، دەنا کاتێک نوسەرێک وسفێکی وەک "فەیلەسوف" ڕەتدەکاتەوە خوێنەر و چاودێر چاوەڕێیە لە بڕگەی دووەمی ئارگومێنتەکەدا پاساوێکی بەهێز یان ڕاستتر بڵێین سیفەتێکی تەواو جیاوازتر لە فەیلەسوف بخاتەڕوو، نەوەک سیفەتی "بیرمەند" کە جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینین. هەروەها کاتێک مارکس ئەو دێڕە دەنوسێت ئەگەر وەک ڕەخنەش لە فەیلەسوفان تەماشای بکەن، ئەوا دەکرێت خودی مارکس وەک فەیلەسوفێک تەماشابکەین کە ڕەخنەی لەو جەشنە ڕێڕەوەی کاری فەیلەسوفان هەبووە، بەڵام لە ئێستادا نایەوێت هەمان شت دووبارە بکاتەوە و دەکرێت هەر خودی خۆی فەیلەسوفێک بێت و کار بە بڕگەی دووەمی گوتەکە بکات کە بریتییە لە گۆڕینی جیهان. بۆیە هەرگیز ئەم وتەیەی مارکس وەک دژە فەلسەفە و دژە فەیلەسوفەکان تەماشاناکرێت.

## بەشی (2)
## رووکردنە پاریس

گەلێك لە نەفیکراوەکان روویانکردە پاریس، کە دەیانتوانی لە رێگەی رۆژنامەیەکی نوێوە ئایدیا پێشکەوتنخوازەکان بڵاوبکەنەوە. لە ئۆکتۆبەردا مارکس داوای لە )لۆدڤیك فیورباخ(ی فەیلەسوف کرد وتارێك بنوسێت لە بارەی ئەوەی کە ئایدیاکان بەرهەمی بارودۆخی کۆمەڵایەتیین، نەك پێچەوانەکەی. وتارەکە گەلێك گرنگ و ئیلهامبەخش بوو، مارکس بە تەواوی گوڕی دایە خۆی بۆ ئەوەی بە ئایدیاکانیەوە دوورتر لە هیگڵ و هێگڵیانیستە لاوەکان هەنگاوبنێت. هەتا ئەودەمە ئارگومێنت و گفتوگۆکان تاڕادەیەك ئەبستراکت بوون، بەڵام ئەوەیان رووندەکردەوە کە گۆڕانی جیهان پڕۆسەیەکی ماتریالییە، گۆڕانێکی ریشەیی مەرجە سەرەکییەکانی ژیانە؛ ئیدی لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا ئایدیا و توانای نوێ گەشەدەکەن.

ئەم گۆڕانکارییە لە بیرکردنەوەی مارکسدا، هەر بە تەنها بازدانێکی تیۆریی نەبوو، بەڵکو لە فەرەنسا رووبەڕوی واقیعی چینی کارکەر بووەوە لە کۆمەڵگەیەکی تازە بە پیشەسازیی بوودا، ئیدی ئایدیا کۆمۆنیستی و سۆسیالیستییەکان رەسەنایەتی و ریشەییبوونی خۆیان سەلماند، نەك هەر بە تەنها لە نێوەندی چینی کرێکارانی فەرەنسیدا، بەڵکو لە نێو زیاتر لە چل هەزار کرێکاری ئەڵمانیشدا کە وەك کۆچبەر

له فەرەنسا بوون. مارکس بە "زیندوویی و بە هێزیی" ئەو کرێکارانە کاریگەربوو.

"لەنێو (بەربەرییەکان)ی کۆمەڵگە بە شارستانی بووەکانماندا، مێژوو کاری خۆی لەسەر ئامادەکردنی توخمی بنەڕەتیی رزگاربوونی رەگەزی مرۆیی دەکات".

رۆژنامەکە رووبەڕوی کێشەیەك بووەوە؛ ئەو نوسخانەی بە نهێنی دەنێردران بۆ ئەڵمانیا بوونەهۆی وروژاندنی توڕەیی سانسۆری حکومەت. دەستبەجێ فەرمانی گرتنیان بۆ مارکس و هاوەڵەکانی دەرکرد و ترسیان لە بڵاوکەرەوەکان پەیداکرد. هەڵبەتە ئەمە یەکەم جار نەبوو، بێگومان دواجاریش نابێت کە مارکس خۆی لە بەردەم چەند هەلێکی بچوکی ژیان و داهاتێکی لاوازی خێزانەکەیدا ببینێتەوە، بەڵام لە روویەکی دیکەوە ئەمە وەك هەلێکی باش و چاوەڕواننەکراو دادەنرێت بۆ خوێندنەوە و گەشەپێدانی ئایدیاکانی لە میانەی گفتوگۆ زۆر و گرژەکانی نێوان خۆی و ئەندامانی دیکەی بزووتنەوەکەدا. پاش ماوەیەکی درێژ نەبێت، هیچ شتێکی ئەوتۆی لە یاداشتەکانیدا ئاشکرانەکردووە دەربارەی ئەو ماوەیەی لە پاریس بووە، ئەویش کاتێك "دەستنووسە ئابوری و فەلسەفییەکانی ساڵی 1844"ی بڵاوکردەوە کە بە (دەستنوسەکانی پاریس) بە ناوبانگە.

ئەوکات مارکس تەمەنی 26 ساڵ بوو، بەڵام ئەو نوسینانەی رەنگدانەوەی بازدانێکی فکریی ئەوە بەرەو پێشەوە لە تێگەیشتنی بۆ ئەزمونی کارکردن لە کۆمەڵگەی پیشەسازیی

سەرمایەداریدا. نامۆبوون (alienation) چەمکێکی داهێنراوی مارکس نەبوو؛ بەڵام فەیلەسوفانی وەك هیگڵ نامۆبوونیان بە دۆخێکی سایکۆلۆژی یان یەکێك لە سیما هاوبەشەکانی نێوان گشت مرۆڤەکان راڤەکردووە، بەڵام مارکس دەیگەڕێنێتەوە بۆ بارودۆخی ماتریالیی کارکردن:

"بە هێندەی زۆریی بەرهەمهێنانی کاڵا لەلایەن کرێکارەوە، هێندەش خودی خۆی دەبێتە کاڵایەکی هەرزان. بە نزمبوونەوەی بە های جیهانی مرۆیی، بە های جیهانی ماتریالی بەرزدەبێتەوە... ئەگەر لێسەندنەوەی بەرهەمەکە لە کرێکار ببێتە مایەی نامۆبوون و دوورخستنەوەی. کارکردن تەنها کاڵا بەرهەمناهێنێت، بەڵکو خودی خۆیشی بەرهەمدەهێنێت، چەشنی کاڵایەك کرێکارەکەش بەرهەم دەهێنێت. هەستکردنی کرێکار بە نامۆبوون بەرامبەر بەرهەمەکەی، بەو مانایە دێت کە ئەو شتەی بە کارکردن بەرهەمیدەهێنێت ئێستا وەك بوونێکی نامۆ، وەك هێزێکی جودا لە بەرهەمهێن رووبەڕوی ئەو کارکردنە وەستاوەتەوە. بەرهەمی کارکردن بریتییە لەو کارکردنەی لە ئوبێکتەکەدا بەرهەمهاتوودا بەرجەستەدەبێت و دەگۆڕێت بۆ شتێکی ماتریالی، بەمجۆرەش کرێکار ناتوانێت لە کارەکەیدا خۆی بەدیبهێنێت، بەڵکو خۆی نەفی دەکاتەوە، هەستکردنی بە نائومێدی گەلێك زیاترە لە هەستکردنی وەك بوونەوەرێکی سروشتی".

ئەم پارادۆکسە گەورەیە [جیاوازی و دژبەرییەکانی نێوان

کارکردن و کرێکار، بەرهەمهێن و بەرهەمهاتوو] بە یەکێك لەو بنەڕەتانە دادەنرێت کە تێزەکانی مارکسیان پێکهێناوە؛ لە ڕاستیدا ئەوە مرۆڤە کە دووبارە جیهان پێکدەهێنێتەوە لە ڕێگەی کارکردنەوە و ئامرازەکانی ئازادبوونی خۆی دادەهێنێت، بەڵام لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا، کارکردن بە ڕادەیەکی زۆر کرێکارانی بەرهەمهێن لەو ئازادییە گریمانەکراوە دووردەخاتەوە، چونکە ئەوەی بەرهەمی دەهێنن لێیان زەوتدەکرێت و بەدەر لە کۆنترۆڵی خۆیان وەك کاڵایەك کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکرێت. هۆکاری هەموو ئەمانە بریتییە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکانی نێو کۆمەڵگە -ئەو سیستمە چینایەتییەی خاوەندارێتیی بەرهەمهێنان دەکاتە مافی تاکە چینێکی دیاریکراو، لەکاتێکدا چینەکانی دیکە واتە ئەو زۆرینەیەی کاڵا بەرهەمدەهێنێت، خاوەنی هیچ شتێك نین جگە لە جەستە و هێزی کارەکەیان کە سەرمایەداری وەك کاڵایەك کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکات. پێداویستییەکانی کۆمەڵگە لە لایەن بەرهەمهێنەرە ڕاستەقینەکانەوە دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو ئارەزوی خاوەن کارگە بۆ کەڵەکەکردنی قازانج دەستنیشانی دەکات.

بەمجۆرە تاکە ئامرازی بەردەم کرێکاران بۆ دەربازبوونیان لە نامۆبوون، بریتییە لە خەبات دژ بە سەرمایەدارەکان. لە هەمان ساڵدا (1848)، خەباتی کرێکارانی چنینی سیسیلیا لە ئەڵمانیا نموونەیەکی زیندوی پیشانی مارکس دا سەبارەت بە توانای کرێکاران لە بەرەنگاربوونەوەی سیستمدا. بە

روانینی لە دۆخی وڵاتەکەی، مارکس درکی بەوەکرد کە چینی سەرمایەدارەکان و خاوەن کارگەکان بە جۆرێك لاوازن کە توانای بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەت و شکستپێهێنان و لێسەندنی دەسەڵاتیان نییە، وەك ئەوەی هاوتا فەرەنسییەکەیان لەساڵی 1789 بە ئەنجامیان گەیاند.

لە بەرئەوە تەنها خودی چینی پرۆلیتاریا دەتوانێت گۆڕانکاری بکات. کاتێکیش بەشێك لە هاوسەردەمەکانی مشتومڕیان لەگەڵ مارکس دەکرد پاساوە خوازراوەکەی خۆیان دووپاتدەکردەوە کە کرێکارانی ئەڵمانیا وەك پێویست هۆشیاریی سیاسییان نییە، مارکس وەڵامێکی دەمکوتی دەدانەوە و دەیوت: بەڵێ هۆشیاریی چینایەتی پێویستیان هەیە، وەك بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری بۆچوونەکەشی، نارەزایەتیی و تێکۆشانی کرێکارانی چنینی سیسیلیای بە نموونە دەهێنایەوە. بەرگری بێپەرواى مارکس لە کرێکارانی چنین، ئەو مەودا دوورە دەردەخات کە مارکس بڕیویەتی و هاوڕێکانی ساڵانی سەرەتای تێپەڕاندووە.

لێکۆڵینەوەی ئابوریناسە ئینگلیزەکان، کە نەخشەڕێگەی سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییان داڕشتووە، کۆمەکێکی باشمان پێدەکات بۆ تێگەیشتن لە فکری مارکس. ئیدی لە وە بە دواوە قسەکردن لە بارەی "خۆڕزگارکردنی چینی پرۆلیتاریا"، یاخود تێگەیشتن لە سروشتی سیستەمەکە، لە خزمەتی مەسەلەی شۆڕشدا بوو. دەربارەی مێژوو، کە ئیدی مارکس پێی ئاشنابووە، هەمیشە ئەو هێزە

کۆمەڵایەتییانە ئاڕاستەی دەکەن کە هەوڵەکانیان ئامانجگەلی ئابوری لە پشتەوەیە، نەوەك هیچ هێزێکی دیکەی دەرەکی، جا هێزی خودایی یان عەقڵ و لۆژیك بێت. لە ڕەخنەیدا دەربارەی ئایین، فیۆرباخی فەیلەسوف گەلێك کات بە هەمان ئاڕاستەی مارکسدا دەڕوات؛ بەڵام مارکس مەودایەکی دیکەی لە بەردەمدایە هەتاوەکو بیبڕێت، بۆئەوەی دووپاتی بکاتەوە کە مێژوو بە کاری مرۆڤ کاریگەر دەبێت، هەروەها وەرچەرخان لە تێگەیشتنی مرۆڤایەتیی، مرۆیی خۆی لە خەباتدا دەبینێتەوە بۆ گۆڕینی جیهانی ماتریالی و بارودۆخی بەرهەمهێنان.

## بەشی (3)
## ئەو دە ڕۆژەی جیهانی هەژاند

ساڵی 1844، بۆ یەکەمجار مارکس لەگەڵ گەورەترین هاوکاری خۆی پێکگەیشتن؛ فریدریك ئەنگڵس. بەوپێیەی ئەنگڵس کوڕی یەکێك لە پیشەسازە گەورەکان بوو، بەشێك لە کاتی خۆی لە کارگەکەی باوکی لە مانچستەر بە سەردەبرد، "بارودۆخی چینی کارکەر"ی لە نزیکەوە ئەزمون کردووە- هەژارییەکەیان، چەوساندنەوەیان لە لایەن کارگە نوێیەکانی باکورەوە، لەگەڵ نائومێدیی ئەوانەی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی پیشەسازییان بەڕێوەدەبرد. لای خۆیەوە ئەنگڵس لە پەیوەندیی بەردەوامدا بوو لەگەڵ بزوتنەوە جەماوەرییە تازە گەشە سەندووەکە -بزوتنەوەی چارتیزم-[1] کە بووە دەستپێکێك بۆ ئۆرگانیزەکردنی چینی پڕۆلیتاریا بە مەبەستی رووبەڕوبوونەوەی زەبرەکانی کۆمەڵگەی نوێ.

هەردوو لاوەکە (مارکس سێ ساڵ لە ئەنگڵس گەورەتر بوو) پێش ئەوەی لە ئۆگۆستی 1844دا لە پاریس پێکبگەن ئاشنای کتێبەکانی یەکتربوون، بە مانایەکی تر ئەم "پێکگەیشتنەی عەقڵەکان" یەکەم پێکگەیشتنی راستەقینەی ئەم دوو شۆڕشگێڕە بوو کە بڕوایان بەوە هێنابوو کارەکەیان بریتییە لە بونیادنان و گەشەپێدانی روانگەیەکی کۆمۆنیستیی نوێ بۆ جیهان، کە بتوانێت هاندەر و پاڵنەری خەباتی شۆڕشگێرانەی چینی پرۆلیتاریا بێت، بەڵام شەڕی یەکەمی

بەردەمیان بریتیبوو لە دەستەبەرکردنی بزوتنەوەی کرێکاریی، بە تایبەت لەگەڵ ئەوانەدا کە هێشتا خاوەن نفوزن لە ناو کرێکارانی ئەڵمانیدا. گفتوگۆ و راگۆڕینەوە بەردەوام بوو، هەندێك کاتیش تەومژاوی بوو دەربارەی (خێزانی پیرۆز[2]) لە نێوەندی هیگڵیانیستە لاوەکاندا، کە لە سەرەتاکانی گەشتەکەی مارکس دا هاوڕێیەتییان کردبوو، لە ئێستادا مارکس و ئەنگڵس لەو باوەڕەدابوون کە دەبێت هەموو گفتوگۆیەك لەو بارەیەوە ڕەتبکەنەوە، ئەگەر لە جێڕەوتێکی سیاسییدا نەبێت.

"هەرگیز ئایدیاکان بە تەنها توانای ئەنجامدانی هیچ شتێکیان نییە. جێبەجێکردنی ئایدیاکان پێویستی بە کەسانێکە بتوانن پراکتیزەی هێزی کردارەکیی بکەن"

لەم ساتە بە دواوە، مارکس و ئەنگڵس تواناکانی خۆیان بۆ بونیادنانی رێکخراوێك تەرخانکرد کە لە توانایدا بێت ئامادەکاریی بۆ شۆڕش بکات، کە ئەنگڵس ناوی نابوو "جەنگی کراوەی هەژارەکان دژبە دەوڵەمەندەکان". چالاکییەکانیان بە دوور نەبوو لە چاوی جاسوس و بە کرێگیراوەکانی دەسەڵات، هەم لە فەرەنسا کە هێشتا مارکس لە وێ دەژیا، هەم لە ئەڵمانیا کە ئەنگڵسی لێیە و خەریکی قسەکردنە لەگەڵ گروپە سیاسی و کرێکارییەکان. لە کۆتاییەکانی ساڵی 1844دا فەرمانڕەوایانی فەرەنسی رێگرییان کرد لە بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی "فۆروارتس" کە بە زمانی ئەڵمانی دەردەچوو، مارکسیش یەکێك لە نوسەرەکانی بوو؛ لە ماوەی

چەند هەفتەیەکی کەمدا، بە دیاریکراوی لە فێبریوەریی 1845 لە ژێر فشاری فەرمانڕەوایانی ئەڵمانییدا مارکس لە فەرەنسا دەرکرا. دوو مانگ پاش ئەو رووداوە، ئەنگڵسیش ئەڵمانیای بەجێهێشت، چونکە لەوباوەڕە دابوو سیناریۆیەکی هاوشێوەی ئەوەی مارکس چاوەڕێی ئەمیش دەکات.

جارێکی تر ئەم دوو شۆڕشگێڕە لە برۆکسل پێکگەیشتنەوە، کە هێشتا لەوێ نەرمی نواندنێکی سیاسی بوونی هەبوو، تەنانەت ئەگەر بەردەوام لە ژێر چاودێری پۆلیسی سیاسیشدا بوون. هەر لە وێ مارکس دووان لە نوسراوەکانی - ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی و تێزەکان دەربارەی فیۆرباخ - ئامادەکرد. کرێکاران لە بارودۆخگەلی راستەقینەدا شۆڕش ئەنجامدەدەن - ئەنگڵس رێبەرێکی زیندوی ئامادەکرد کە هەریەك لە خەباتی کرێکاران و ئەو بارودۆخە ماتریالییەی مارکس بە تەواوی لە دەستنووسەکانی ساڵی 1844دا وەسفی کردبوو. فەلسەفە -کە مامەڵەکردن لەگەڵ جیهاندا لە میانەی ئایدیاکانەوە- ئێستا گۆڕدرا بە پڕاکتیزەکردنێکی پرۆلیتارییانەی شۆڕش و بونیادنانی ئەو ئامێر و ئامرازانەی لە توانایاندایە سەرمایەداری لە ناوبەرن و سنورێك بۆ نامۆبوون دابنێن، بە واتایەکی تر مارکسیزم ببێتە تیۆری و پڕاکتیکی شۆڕشی کرێکاریی.

هەریەکە لە مارکس و ئەنگڵس ئەو روانگە نوێیەی خۆیان لە ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیدا خستەڕوو، کە کۆمۆنیزمی بە "کۆمەڵە پڕەنسیپ و مەرجێك بۆ رزگاریی چینی کرێکاران"

ناساندبوو. تێزەکانی دەربارەی فیۆرباخ بە هۆی سادەییانەوە فریودەر بوون، کە تەنها لە سێ لاپەڕە و یانزە پێناسەی رووندا بە ئاشکرا ئەو گۆڕانە خرابووە روو کە ئەم دوو پیاوە فەراهەمیانکردبوو. هیگڵیانیستە لاوەکانیش بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆکانی خۆیان کە ئایدیا و هۆشیاری پاڵنەری کردارەکانن؛ بەم هۆیەشەوە بێڕیزیان بە مانگرتنی کرێکارانی چنینی سیسیلیا دەکرد و بە چاوی سوکەوە سەیریاندەکرد، لە بەرئەوەی هێشتا "خاوەن هۆشیاریی تەواوەتی نین". بە هەمان رادەی سوکایەتی و بێڕیزییەکەی ئەوان مارکس وەڵامیدانەوە کە هۆشیاری بەشێکە لە سوڕی ژیان، لە پێناو گۆڕینی جیهاندا مرۆڤ بیرکردنەوەکانی خۆی دەگۆڕێت. پرۆسەیەکی مێژووییە و مارکس دەڵێت: "پێکگەیشتنی نێوان گۆڕینی خود و گۆڕینی بارودۆخە".

ئەوە ئاگایی نییە کە بوونی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکات، بەڵکو بوونی کۆمەڵایەتی ئاگایی دەستنیشاندەکات"

بە کورتی، دوا وشە کە لە کۆتایی "تێزەکان دەربارەی فیۆرباخ"دا هاتووە، بەوپەڕی سادەیی و قوڵییەوە ئایدیای کۆمۆنیزم دەخاتە روو: "هەتا ئێستا فەیلەسوفان جیهانیان راڤە کردووە، بەڵام کارەکە بریتییە لە گۆڕینی".

لەو ساتەوە ئەمە ئەو پرۆژەیەی بوو کە هەریەکە لە ئەنگڵس و مارکس ژیان و وزەی خۆیان بۆ تەرخانکردبوو.

لە ساڵی 1845دا مارکس هاوەڵیی ئەنگڵسی کرد بەرەو

ئینگلتەرا، لە وێ لەگەڵ رابەرانی چاریتیستەکان و چەند کەسێکی دیکە پێکگەیشتن، سوربوون لەسەر بانگهێشتکردنیان بۆ کۆبونەوەیەك کە سەرجەم ئەو سۆسیالیستانە بگرێتەخۆی کە لە لەندەن دەژیان. سەرەڕای بە شداری نەکردنی مارکس و ئەنگڵس، بەڵام ئەم بانگهێشتکردنە ئاماژەیەك بوو کە داهاتوو چی لە خۆیدا هەڵگرتووە. ئەم دوو پیاوە جەختیان لەوە دەکردەوە کە سەرمایەداریی سیمایەکی جیهانیی هەیە، هەربۆیە دەیانگوت کاردانەوە و هەڵوێستی چینی پرۆلیتاریاش کاتێك دەتوانێت سنورەکان ببڕێت کە هەڵوێستێکی یەکگرتوو بێت لەسەر ئاستی جیهان. بە گەڕانەوەیان بۆ برۆکسل هەستان بە دروستکردنی لیژنەی نامەگۆڕینەوەی کۆمۆنیستی بە روخسارێکی ئینتەرناسیۆنالانە؛ کە ئامانج لێی دەستپێکردنی پرۆسەی "راکێشانی پرۆلیتاریای ئەوروپی بوو بۆ پرەنسیپ و بیروباوەڕەکانی کۆمۆنیزم".

دەتوانین بڵێین ئەوە ناواخنی پارتێکی سیاسیی نوێ بوو کە بتوانێت لە پەیوەندیی بەردەوامدا بێت لەگەڵ تێکۆشانەکانی چینی کرێکاران. سەرەڕای ئەوەی بیرۆکەیەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام پیویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدرێت کە هەموو ئەوانەی بە خۆیان دەوت کۆمۆنیست، باوەڕیان بەوە نەهێنابوو کە پێویستە لەسەر شۆڕشگێڕەکان لە ناو چینی کرێکاراندا شۆڕشیان لەگەڵدا بەرپا بکەن، چونکە کردەی رزگاربوون و ئازادبوونیان پاڵنەرێکە بۆ شۆڕش.

لەم قۆناغەدا و لە کاتێکدا بە شێوەیەکی تایبەت مارکس دەستبەرداری نووسینە بەردەوامەکانی نەبووبوو، پرسی ئۆرگانیزەکردن، خۆی و ئەنگڵسی سەرقاڵ کردبوو. لەو دەمەی رووداوە شۆڕشگێڕییەکانی ساڵی 1848 لە پێشبینیی کەسدا نەبوو، بەڵام گۆڕانکارییەك لە فەزاکەدا هاتبووە ئاراوە و رابەرانی سۆسیالیزمی ئەوروپی پێکەوە کۆبوونەوە بۆ دەستنیشانکردنی سروشتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بزوتنەوەی چینی پرۆلیتاریادا. وەك هەمیشە ئەم کارەش لە رێگەی گفتوگۆی توند و ئاگراوییەوە لە نێو بزوتنەوەکەدا لەگەڵ رەوتەکانی دیکەدا بەڕێوەچوو، کە ئایدیاکانیان بەرەو فۆڕمی رێکخستنی دیکەی تەواو جیاواز دەڕۆیشت. بۆ نموونە ئایدیاکانی (پرۆدۆن[3])، بریتیبوون لە بیروڕای پیشەکار و هونەرکارەکان و بەرگرییکردنیان لە دروستکردنی کۆمەڵە و رێکخراو لە دەرەوەی بازنەکانی سەرمایە، بەڵام خودی پرۆدۆن سەندیکای کرێکاریی رەتدەکردەوە و "دوژمنی شۆڕش بوو"، بەڵام بیرۆکەی ترسناکتر لە لایەن کەسانی وەك (ڤیتلینگ)ەوە دەخرایە روو، کە هاوشێوەی (ئۆگۆست بلانکی[4])ی فەرەنسی لەو باوەڕەدا نەبوو کە لە ئێستادا کرێکاران ئامادەبن بۆ شۆڕش، مەگەر تەنها ئەرکەکە بخەیتە سەر شانی گروپگەلی بچوکی پیلانگێڕیی کە بە نوێنەرایەتی کرێکاران کارەکە بکەن، بەڵام هەموو ئەوانە نەیانتوانی خولیاکانی مارکس و ئەنگڵس دامرکێننەوە.

له کۆتاییەکانی ساڵی 1846دا، ئایدیاکانی مارکس و ئەنگڵس هاوسۆزیی نوێی پەیداکرد، بە تایبەت لەنێو (کۆمەڵەی دادخوازیی لەندەن) کە زیاتر له هەر کۆمەڵە و دەستەیەکی دیکەی ئەوروپی کاریگەربوون بە چارتیستەکان. چەند دوودڵییەك هەبوو دەربارەی "رۆشنبیرە کۆنتێنتاڵەکان (کیشوەرییەکان)" کە هەژموونیان بەسەر ئەوروپادا کێشابوو، بەڵام پرسی سەرەکی لای مارکس و ئەنگڵس بریتیبوو لە دروستکردنی "حیزب"، یان لانی کەم فۆڕمێکی کۆمەڵەیی لە فۆڕمەکانی رێکخستن.

ئەمە ئەو رێگەیە بوو کە ئایدیاکانیان پەسەندکراو بێتە بەرچاو. لە برۆکسلەوە سوربوون لەسەر بەستنی کۆبوونەوەی خولیی لیژنەکانی نامەگۆڕینەوە و دەستکردن بە گفتوگۆ دەربارەی پرسەکانی تاکتیك و ستراتیژ؛ بۆ نموونە چۆنیەتی پەیوەندیی نێوان کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا و لیبرالیستە ریفۆرمخوازەکان. ئەم چالاکییانە وەك وەڵامێك بوو بۆ ئەو تۆمەتانەی مارکس و ئەنگڵسی بەوە تۆمەتباردەکرد کە ئاست و چالاکییان هاوشێوەی رۆشنبیرەکانە. لەگەڵ زیادبوونی شڵەژان و نائارامیی لە ئەڵمانیا و بەردەوامیی گەشەکردنی بزوتنەوەی چارتیزم لە ئینگلتەرا، دوو پیاوەکە بە قوڵی چوونە نێو پرسی ئۆرگانیزەکردنی سیاسییەوە -نووسینەکانیشیان بەشداری کردن بوو لەم ئەرکە بنەڕەتییەدا.

له 1ی ئایاری 1847دا لقی لەندەنی کۆمەڵەکە داوای بەستنی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی کرد لە لەندەن. لەم کارەدا راوێژ بە مارکس و ئەنگڵس نەکرابوو، بەڵام نێردراوێکیان نارد بۆ برۆکسل هەتاوەکو قەناعەتیان پێبکات تا بێنە نێو کۆنگرەکە و لە کۆبونەوەکەی ئایاردا ئامادەبن. ئەمە بەڵگەیەکی روونە لەسەر گەورەیی نفوزی سیاسیی ئەم دووانە لە ناو بزوتنەوەکەدا. کۆبوونەوەکە لە سەرەتاکانی جونی 1847دا بەسترا و بە یەکەم کۆنگرەی کۆمەڵەی نوێی کۆمۆنیستەکان دادەنرێت، کە لە وتەی سەرەتادا وەها خۆی ناساند: "سیستەمی کۆمەڵایەتیی باڵادەست و خاوەندارێتیی تایبەت ئیدانە دەکەین، ئامانجمان کۆمەڵگەیەکە خاوەندارێتییەکەی گشتی بێت". دروشمەکەشیان بریتیبوو لە "کرێکارانی جیهان یەکبگرن".

تەنها ئەنگڵس و یەکێك لە هاوکارە برواپێکراوەکانی (ویلیام وۆڵف) توانییان ئامادەبن؛ بەڵام مارکس لە برۆکسل مایەوە. سەرەڕای ئەمەش کاریگەریی حیزبەکەی مارکس و ئەنگڵس بە روونی دەرکەوتبوو، هەروەك لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەکە لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا نفوزیان زیادیکرد. سەبارەت بە کۆمەڵەکەش، بەرە بەرە ئامانجەکانی روونتر دەبوەوە، ئەنگڵس بەم جۆرە وەسفیدەکات:

"کۆمۆنیزم دۆکترین (عقیدة) نییە، بەڵکو بزوتنەوەیەکە،

دەرهاویشتەی حەقیقەتەکانە نەوەك بیروباوەڕەکان. چەندێك تیۆرییەکە، هێندەش گوزارشتێکی تیۆرییە لە هەڵوێستی پرۆلیتاریا لە نێو ئەم ململانێیانەدا... و مەرجەکانی رزگاربوونی ئەم چینە".

لە کۆنگرەکەی نۆڤەمبەردا وەفدی گەلێك دەوڵەت ئامادەبوون و بۆماوەی دە رۆژ گفتوگۆکرا دەربارەی چۆنیەتی ئەو بزوتنەوەیەی سەرقاڵن بە دروستکردنییەوە. مارکس و ئەنگڵس لە نێو ئامادە بووان دا بوون، کاتێکیش لە کۆتایدا هەموو رێککەوتن، ئەو دووانە راسپێردران بۆ نوسینی مانفێستی دامەزراندنی رێکخراوە نوێیەکە. لە برۆکسل سەرەتا مارکس دوودڵ بوو، یان راستتر بڵێین خاوە خاوی دەکرد لە نووسینەکە - لە کاتێکدا مارکس کەسێکە دەتوانێت لە ماوەیەکی زۆر کورتدا سەدان لاپەڕە بنووسێت، بەڵام نزیکبوونەوەی دوامۆڵەتی نووسینەکە کە لە لەندەن لەسەری رێککەوتبوون، پاڵی پێوەنا بۆ کارکردن. بەمجۆرە لە کۆتاییەکانی ساڵی 1848دا مانیفێستی کۆمۆنیزم بردرا بۆ چاپخانە، سەرەڕای ئەوەی مارکس بەشی هەرە زۆری مانیفێستەکەی نووسی، بەڵام ناوی هەردووکیانی چووە سەر: مارکس و ئەنگڵس. بە گەیشتنی مانیفێستەکە بۆناو شەقامەکان و لە ماوەی چەند رۆژێکی کورتدا هەرای گەورەی نایەوە لە ئەوروپادا.

## پەراوێز:

1. Chartism. بە یەکەم ڕێکخراویی کرێکاریی دادەنرێت لە مێژوودا. ساڵی ١٨٤٠ لە لەندەن دروستبوو. پێش دروستبوونی ئەم ڕێکخراوە چەند بزوتنەوەیەکی کرێکاریی و سەندیکایی بوونیان هەبوو، کە داواکارییەکانیان لە ڕێگەی یاداشتەوە دەگەیاندە پەرلەمانی بەریتانیا، بەڵام بەهۆی پشتگوێخستنی داواکارییەکانەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئاڵۆزی لەنێوان ئەو بزوتنەوانە و دەوڵەتدا ڕوویدا و چەندین سەرکردەیان لێ دەستگیرکرا. بەڵام ساڵی ١٨٤٠ ڕێکخراویی چاریتیە دامەزرا کە بارەگاکەی لە کۆمەڵەی کرێکارانی لەندەن بوو. ئەم بزوتنەوەیە سەرجەم داواکارییەکانی پێشوتری جەماوەریی کرێکاریی ڕێکخستەوە و لەڕێگەی میکانیزمی جۆراوجۆری وەک کۆکردنەوەی ئیمزا و پێشکەشکردنی یاداشت و ڕاپەرین جەماوەریەوە کاریدەکرد. ساڵی ١٨٤٢ لە ڕێپێوانێکدا کە یاداشتێکیان پێبوو (٣٣١٧٧٠٠) ئیمزای لەسەربوو، چونە بەردەم پەرلەمان، هاوینی هەمان ساڵ ڕاپەرینێکی جەماوەریی گەورەیان دژ بە حکومەت ڕێکخست، کە وەک دەوترا سەعاتی سفر بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومەت، بەڵام بەهۆی کەم ئەزمونی کرێکاران و نەبوونی پێشینەی کارکردنی لەو جۆرە و نەبوونی ستراتیژ و تاکتیکی کارکردن، کرێکاران توشی سەرلێشێواوی بوون و ڕاپەڕینەکە بێئەنجام بوو. دواجار بەهۆی ڕوبەڕووبونەوە و هێرشی کوشندەی دەوڵەتەوە ساڵی ١٩٤٨ ئەم بزوتنەوەی کۆتاییپێهات، بەڵام کاریگەرییەکی

گەورەی لەنێو جەماوەریی کرێکاریدا بەجێهێشت بۆ چەندین ساڵ.

2. مەبەست لە کتێبی خێزانی پیرۆزە کە ساڵی ١٨٤٥ بە هاوبەشی لەگەڵ فریدریک ئەنگڵس نوسیوویانە.

3. Pierre Joseph Proudhon (1809-1865) بیرمەند و سیاسەتمەدار و سۆسیالیستی فەڕەنسی، بەڵام سۆسیالیزمەکەی پرۆدۆن، سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕیی نەبوو، تەنانەت باوەڕی بە شۆڕشی چەکداری سەرتاپاگیر نەبوو، لەسەروو هەموو ئەوانەشەوە دژ بە وەرگرتنی دەسەڵات بوو لەلایەن بزوتنەوە شۆڕشگێڕیی و ناڕازییەکانەوە. کاتێک پرۆدۆن کتێبەکەی خۆی بە ناوی (فەلسەفەی هەژاری) بڵاوکردووە، دواتر مارکس بە کتێبێک بە ناوی (هەژاریی فەلسەفە) وەڵامی پرۆدۆنی دایەوە و ڕەخنەی توندی لێگرت. جگە لەمەش بەهۆی چەندین ناکۆکی فکری دیکە لەگەڵ مارکسدا، بەردەوام لە ململانێ و ناکۆکیدا بوون.

4. Louis Augustse Blanqui (1805-1881) ماتریالیستی فەڕەنسی و هاوسەردەمی کارڵ مارکس بوو، ئەمیش ناکۆک بوو لەگەڵ مارکسدا، بلانکی باوەڕی بەوە هەبوو کە دەبێت شۆڕشی سۆسیالیستی و خەباتی بزوتنەوە جەماوەرییەکان لەلایەن گروپی تاڕادەیەک بچوکی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕییەوە ئەنجامبدرێت کە خاوەن هۆشیاریی پێویست بن بۆ ئەرکەکەیان. بلانکیزم بە پێچەوانەی مارکسیزمەوە باوەڕی بە ڕۆڵی سەرەکیی چینی پرۆلیتاریا و بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان نەبوو لە شۆڕشدا.

## بەشی (4)
## مەلەکردن لەگەڵ ڕەوتی شۆڕشگێڕییدا

یەکێك لە گرنگترین دەستکەوتەکانی مارکس و ئەنگڵس نووسینەکانیانە دەربارەی ئەو کردەیەی کە زۆر بە روونی دەربڕی رۆحی شۆڕشگێڕانەی ساڵی 1848 بووە، تەنانەت پێش رووداني. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو پەیڕەوە سیاسییەی کە وەك خاڵی دەستپێك پشتیان پێبەستووە بەرەو واقیعێکی ماتریاڵی لەو دەمەدا، ئەمە جگە لە دەستنیشانکردنی ئەو ناسەقامگیریی و ململانێیانەی لە قوڵایدا کەپتکراون و بە زەحمەت دەبینرێن. ئەمەش هاتەدی و بەرچاو کەوت، وەك لە دەستپێکە بە ناوبانگەکەی مانیفێستی کۆمۆنیزمدا هاتووە: "تارماییەك ئەوروپا دەگرێتەوە. تارمایی کۆمۆنیزم".

مانیفێستەکە تەنها نووسراوێکی سیاسیی ئاسایی نییە، بەڵکو مانیفێستیکی قوڵی خاوەن روئیا بوو. خوێنەرانی سەدەی 21 و سەرجەم ئەوانەی لە دەمی نووسینییەوە هەتاوەکو ئێستا خوێندویانەتەوە، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەمیشە مانیفێستەکە هاوچەرخانە بووە لە لایان. وەسفی ئەم جیهانە دەکات رێك وەك ئەوەی ئەمڕۆ درکی پێدەکەین، بەڵام مانیفێستی کۆمۆنیزم کاتێك نووسراوە کە ئەم جیهانە هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا بوو. سەرمایەداریی پیشەسازی کە مارکس هەر زوو

بە تێڕامان و قوڵییەوە لێی تێگەیشتبوو، هێشتا لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی گەشەکردنە شێتانەکەیدا بوو. سەندیکاییەکان هەرزوو ئەو چەوساندنەوە نەخوازراوەیان ئاشکراکرد کە بناغەی کۆی سیستەمەکەیە، هەروەها ئەو کاریگەرییە ڤێزەونە نامرۆڤانەیەی بەرهەمهێن هەیەتی لەسەر کەڵکەکردنی قازانج، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێك شت لە دەستدەدەین پێش ئەوەی بە راستی رادەی کاریگەرییە گەورەکەیان بزانرێت لەسەر نەوەکانی داهاتوو.

"بۆرژوازییەت بە بێ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی ریشەیی بەردەوام لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا توانای مانەوەی نییە... ئەم گۆڕانە بەردەوامە لە بەرهەمهێناندا، هەڵبەزودابەزی بەردەوام لە گشت بارە کۆمەڵایەتییەکاندا، قەلەقی و ناجێگیریی هەمیشەیی، هەموو ئەمانە سەردەمی بۆرژوازیی لە گشت سەردەمەکانی پێش خۆی جیادەکاتەوە. پەیوەندییە توند[نەگۆڕ] و بێ رۆحەکان، لەگەڵ هەموو ئەوانەی پەیوەستن بە کەڵکەڵە و ئایدیا شکۆدارە کۆنەکان، گشتیان هەڵدەوەشێنەوە. هەموو نوێیەك پێش ئەوەی خۆیبگرێت [پتەوببێت] بەسەردەچێت. هەرچی رەق و پتەوە دەبێتە هەوا، هەرچی پیرۆزە لە پیرۆزی دەخرێت. دواجار خەڵکی بە چاوێکی ئەبڵەقەوە لە پەیوەندییەکانیان و بارودۆخی بژێوییان دەڕوانن.

بۆرژوازییەت هەمیشە پێویستی بە بازاڕێکی فراوان

هەیە بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی لە گشت جێیەکانی گۆی زەوییدا، هەربۆیە ناچارە لە گشت شوێنێك گەشە بکات، خۆی بخزێنێتە گشت شوێنێك، لە هەموو جێیەکیش پەیوەندی دامەزرێنێت"

لێرەدا پێویست بە کەمێك خۆماندووکردن دەکات لە لایەن خوێنەرەوە، هەتاوەکو درك بەوەبکات کە ئەم بەرهەمە [مانیفێستەکە] کاتێك نووسراوە کە هێشتا دەستنەکراوە بە پرۆسەی گەڕان بە دوای نەوت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دواتر گواستنەوەی بۆ گۆڕەپانی جەنگ بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی دیکە لە جێیەکی دیکەی سەر ئەم هەسارەیە. پێش ئەوە نووسراوە کە کۆمپانیاکانی نایك و کۆکاکۆلا جێپەنجەی خۆیان لەسەر هەزاران کولتوری جۆراوجۆر بەجێبهێڵن، کاتێك نووسراوە کە هێشتا بۆرسەی لەندەن دروستنەکراوە هەتاوەکو لە دووری هەزاران میلەوە ژیانی ملیۆنان مرۆڤ وێران بکات. ئەو هێزە ناوازەیەی لێرەدا هەیە هەر بە تەنها لە وردیی شیکارکردنەکەیدا خۆینابینێتەوە، بەڵکو کاری لەسەر وەسفکردنێکی وردی میتۆدی کارکردنی سیستەمی سەرمایەداری و هێزە پاڵنەرەکانی کردووە. لە کۆتاییدا، ئەمە مانیفێستی کۆمۆنیزمە، بۆ ئەوە نەنووسراوە سەرمایەداری تیمار بکات، بەڵکو بۆ ئەوە نووسراوە لە گۆڕی بنێت، بەڵام کێن ئەوانەی گۆڕەکەی بۆ هەڵدەکەنن؟

وەڵامی ئەم پرسیارە پاش کەمێکی تر لە خودی

مانیفێستەکەدا دەبینینەوە. کاتێك سەرمایەداری لە نێو کۆمەڵگەی کۆنەوە دەرکەوت، شوێنکارە بچوکەکانی لە ناوبرد بۆ خزمەتی کارگە گەورەکان، جوتیار و کشتکارە بچوکەکانی کرد بە کرێکار لە سیستەمێکی کشتوکاڵیی چڕ لە کێڵگە هاوچەرخەکاندا، کە پێداویستی شارە تازە گەشەسەندووەکان پڕدەکەنەوە، هەروەك چۆن کۆمەڵە بازرگانە نیشتیمانیی و نێودەوڵەتییە تازە هەڵکەوتووەکان جێیان بە بازرگانە بچوکەکان چۆڵکرد. هەموو ئەمانە چوونە بەرژەوەندی پیشەسازییە گەشەسەندووەکان لە دەوروبەر و ناو شارەکان.

"سەرجەم کرێکاران لە کارگەکاندا بە رێکخستنێکی میلیتاریانە رێکدەخرێن. کرێکاران سەربازێکی سادەی پیشەسازیین، خراونەتە ژێر سانسۆرێکی پلەبەندیی تەواوەوە لە ئەفسەران و ریزیی ئەفسەران. ئەو کرێکارانە هەر بە تەنها کۆیلەی چین و دەوڵەتی بۆرژوازیی نین، بەڵکو ئەوان هەموو رۆژێکیان و گشت سەعاتێکیان بریتییە لە کۆیلایەتیی بۆ ئامێر، کۆیلەی چاودێری کار، پێش هەموو شتێکیش کۆیلەی بۆرژوای خاوەن کارگەکەن".

لە سەرەتادا فشاریان دەخرێتەسەر تا لە کارێکەوە بچن بۆ کارێکی دیکە، بە هۆی ترساندن و هەڕەشەی خاوەن کارگە و چاودێرانی کرێکاران، ناتوانن بچنە چوارچێوەیەکی ئۆرگانیزەکراوەوە، سەرەڕای ئەوەی جارجار و لە ژێر سترێسی تورەیی و ئازاردا، هەڵدەستن

بە شکاندنی ئامێرەکان. پارادۆکسەکە لێرەدایە، بێگومان ئامێرەکە دوژمن نییە، تەنها ئامرازێکی خزمەتکردنە. پاردۆکسەکە وەك مارکس بە روونی وەسفی کردووە ئەمەیە: چەندێك توانای مرۆڤ لە بەرهەمهێناندا زیادببێت، هێندەش زیاتر نزیکدەبێتەوە لە ئەگەری رزگاربوون لە کۆیلەیی کار، بەڵام سەرمایەداری ئەم مافەی لێسەندۆتەوە. ئامێر، کە جێگەدەستی مرۆڤی پڕکردۆتەوە، زیاتر و زیاتر کرێکارانی بە کۆیلە کردووە. هەروەها شتێکی دیکەش روودەدات، پرۆلیتاریا و چینی کرێکاران هەربەتەنها باجی بوژاندنەوەی شارەکان نادەن، بەڵکو هەتاوەکو بەرهەمهێنان پێشکەوتووتر بێت و بە ئامێر بکرێت، زیاتر و زیاتر کرێکاران جێگیر دەکات. ئەمەش هێزێکی بە کۆمەڵی گەورە بە کرێکاران دەدات کە دەتوانن لە رێگەیەوە خۆیان ئۆرگانیزە بکەن و رووبەڕوی خاوەن ئامێرەکە ببنەوە.

مارکس مانیفێستی کۆمۆنیزمی لە برۆکسل نووسی، بەشی زۆریشی لەو کاتانەدا دەنووسی کە لە قاوەخانەی (تووتیی شین) لە گۆڕەپانی سەرەکی دادەنیشت. لە فێبرایەری 1848 مانیفێستەکە نێردرا بۆ چاپ؛ بە گەیشتنیشی بۆناو شەقامەکان، هەواڵ بڵاوبووەوە کە لەسەر شەقامەکانی فەرەنسا گرتن و پێکدادان روویداوە و سەرۆك وەزیرانی بەدبەخت (گیزۆ) دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش کردووە، رۆژی دواتریش پادشا بە دوایدا

لەسەر تەخت هاتە خوارەوە. چەند هەفتە پاش ئەوە، رۆحی شۆڕش و یاخیبوون گەیشتە بەرلین و حکومەتێکی دیکەی خست. لەودەمەدا ئەنگڵس بە گەرموگوڕییەوە دەنووسێت: "بڵێسەی ئاگری کۆشکەکانی پاشایەتی فەرەنسا، ئاسۆی پرۆلیتاریای رۆشنکردەوە... ئێستا لە گشت شوێنێك دەسەڵاتی بۆرژوازیی هەرسەدەهێنێت... بە هیواوە لە چاوەڕوانی ئەوەداین، ئەڵمانیاشی بە دوادا بێت"

ئەو ئاگرەی سەرجەم ئەورووپای گرتبۆوە ترسی خستە دڵی فەرمانڕەوایانی برۆکسلەوە، ئەمەش کتوپڕ کۆتاییهێنا بە لێبووردەیی و نەرمی نواندن لەگەڵ مارکسدا. بە هاتنی مانگی مارس، مارکس لە برۆکسل دەرکرا و دوورخرایەوە بۆ پاریس، لە وێ رایگەیاند کە ئیدی پاریس دەبێتە بارەگای کۆمەڵەی کۆمۆنیزم. ئەنگڵسیش لە وێ پەیوەندی پێوەکرد، ئیدی هەردووکیان دەستیانکرد بە ئامادەکاریی بۆ گەڕانەوە بەرەو ئەڵمانیا، لە ئەڵمانیا گفتوگۆی نێوان نەفیکراوە گەڕاوەکان گەرم بوو، هەندێکیان کە بە "کەتیبەی ئەڵمانیا" ناسرابوون دەیانخواست هەڵمەتی چەکداریی دەستپێبکەن، بەڵام مارکس بەوپەڕی توانایەوە دژیان وەستایەوە. لای مارکس چارەسەر بریتیبوو لە پەنابردن بۆ ئۆرگانیزەکردنی بزوتنەوەی کرێکاری، بەڵام لەناو بزوتنەوەیەکی فراوانتردا کە تێبکۆشێت بۆ دیموکراسی.

لە مانگی ئەپرێلدا جارێکی دیکە مارکس گەڕایەوە ئەڵمانیا و دەستیکرد بە ئامادەکاریی بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەك بە ناوی "رینانی نوێ" لە کۆڵۆنیا، لە بەرئەوەی رۆژنامەکە بەشدارییەکی بەردەوامی هەبوو لەو مشتومڕە سیاسییانەی لە نێو بزوتنەوەکاندا بەڕێوەدەچوو، فرۆشی رۆژنامەکە لە وپەڕی بەرزیدا بوو؛ پێنج هەزار دانە لە هەر ژمارەیەك. یەکەم دەرچوونی ئەو رۆژنامەیە پێش چوار ساڵ، پشتگیریی چینە ناوەندە تێکشکاوەکەی ئەڵمانیای بە دەستهێنابوو؛ بەڵام ئەمجارە گەلێك دوودڵ بوون لە پشتگیریی ئەو پرۆژەیە، کە رەخنەگرێکی توندی دامودەزگا تازەدامەزراوەکان بوو لە پاش هەرەسی سیستەمە کۆنەکە- بۆ نموونە وەك کۆمەڵەی نیشتیمانیی نوێ.

گروپی کرێکاری لە سەرجەم ئەڵمانیادا دروست بوون، بەڵام داواکارییەکانیان زیاتر لە بەرگریکردن لە پرسە دیموکراسییەکاندا کورتدەبوونەوە. بە دەرچوونی رۆژنامەکە لە مانگی یۆنیۆدا، مارکس و ئەنگڵس کردیانە سەکۆیەك بۆ رێکخستنی کۆمۆنیستەکان، بەڵام ئەی سەبارەت بە کۆمەڵەی کۆمۆنیزم؟ هەستیان بەوە دەکرد کە لەوە بچوکترە بتوانێت کاریگەرییەکی گەورە بکاتە سەر ئەو رووداوانەی پاڵیان بە هەزاران کەسەوە ناوە بەرەو چالاکیی گشتی. لە کاتی مانگرتن و گۆڕانکارییە خێراکاندا،

گرنگترین کار بریتییە لە دەستوبردی راستەقینە بۆ کاریگەری خستنەسەر بزوتنەوە فراوانەکان، نەوەك خۆدابڕاندن و گۆشەگیریی و دژایەتیکردنی ئەو بزوتنەوەیە. لە کاتەکانی پێشووتردا مارکس لە پێناسەی شۆڕشدا دەڵێت: "بریتییە لە هاوبەندیی لە نێوان گۆڕانی خودیی و گۆڕانی بارودۆخی دەوروبەر"، وەرچەرخانی گەورە لە هۆشیارییدا، لە جێڕەوتی گۆڕانکارییە ماترياليیەکانەوە روودەدات، بەڵام هەرگیز خۆبەخۆ روونادات. پشتبەستن و وەرگرتنی ئایدیا نوێیەکان بە شێوەیەکی توند پەیوەستە بە بوونی خودی ئەو ئایدیایانە لە نێو بزوتنەوەکەدا. ئەمە ئەو پاساوە بوو کە بووە هۆی هەڵایسانی گفتوگۆیەکی توڕەی مارکس لە بەرامبەر سۆسیالیستی ئەڵمانی (گۆتچاك) کە خاوەن جەماوەرێکی گەورەبوو لەنێو کرێکاراندا، بەڵام هانی بیرۆکەی ناکۆکیی و پەرتبوونی دەدا.

لە راستیدا بزوتنەوەی کرێکاریی ئەڵمانی لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا بوو کاتێك هەستا بە داواکردنی مافە دیموکراتییەکان. لە بەریتانیا بە پێچەوانەی ئەوەوە، بزوتنەوەی چارتیزم گەیشتە لوتکەی هێز و نفوزی خۆی، بێگومان مارکس و ئەنگڵس وەك سەرمەشقی خەباتی کرێکاریی ئەوروپا لەو بزوتنەوەیان دەڕوانی. هەردووکیان هاوکۆك بوون کە کاری هاوبەش لەگەڵ پێکهاتە لیبرالیستییەکان بە مانای سازش نایەت لە سەرکردایەتی سیاسیی بزوتنەوەکە. لەگەڵ دابەشکردنی

ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی "رینان" لە چاپە نوێیەکەیدا، جارێکی تر ڕووداوەکانی ئەوروپا ڕووەو قۆناغێکی نوێ لە بازدان دابوون.

لە فەرەنسا هیچ ئاسارێکی ئەو بەڵێنانە دیارنەبوو کە ئەو حکومەتە لیبرالییەی لە فێبرایەردا جێگەی دەسەڵاتی پادشایەتی گرتبۆوە بە خەڵکی دابوو، لە مانگی جوندا، وەك نارەزایەتییەك بەرامبەر بەوە جەماوەری تورە هاتنەسەر شەقامەکان، کە ئەم جارە داپڵۆسینێکی درندانە لە چاوەڕوانیاندا بوو، مارکس رەفتاری بۆرژوازییەکانی فەرەنسای بە "ترسنۆکانە" وەسفکرد، لە بەرامبەردا بۆرژوازییە ئەڵمانییەکان ئەو رەخنە و ئیدانەکردنەی مارکسیان بە دژی خۆیان زانی و پاشگەزبوونەوە لە پاڵپشتییان بۆ ڕۆژنامەکە. لە مانگی جوڵایدا حکومەتە لیبرالییەکەی ئەڵمانیاش لە قبوونێکی رێژەیی بە خۆیەوە بینی، بە مانایەکی دی لیبرالیزمێك بوو زیاتر لە کۆنزێرڤاتیزمەوە نزیکبوو؛ مارکس و ڕۆژنامەکەی لە یەکەمین ئامانجەکانی ئەو داپڵۆسینە بوون، ئەوەبوو لە مانگەکانی دواتردا جگە لە جارێکی دیکە بە هیچ جۆرێك رێگە بە بڵاوبوونەوەی نەدرا. بەڵام، هەرچەندێك هەڕەشەی سەر مافە دیموکراتییەکان زیادی دەکرد، لە ڤییەناوە بۆ بەرلین، هێندەش هاوار و پێداگریی مارکس و ڕۆژنامەکەی لە داواکردنی مافی کرێکاران زیادی دەکرد. مارکس هەمیشە چاوێکی خستبووەسەر ستراتیژیەتی

راکێشانی کرێکاران و بونیادنانی بزوتنەوەیەکی کرێکاریی- کە لە دوایدا ناوینا "بە زیندو راگرتنی شۆڕش"، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێداگریی دەکرد و ئەو هەنگاوە بە پەلانەی رەتدەکردەوە کە دەبوونەهۆی هەرەسهێنانی کۆنزەرڤاتیڤەکان بە تەواوی قورسایی خۆیانەوە پیش ئەوەی بزوتنەوە کرێکارییەکە ئامادەبێت بۆ بەرەنگاریی. وەك مارکس و ئەنگڵس ئاماژەیان پێدا ئەوکاتە کاتی "ئامادەسازیی شۆڕش و دانبەخۆداگرتن" بوو، بە روونی لە بەرچاویان بوو کە دژەشۆڕش ئامادەیە بۆ هێرشکردن.

لە ڤییەنا، بزوتنەوەکە لەسەر شەقامەکان رووبەڕوی ئەم داپڵۆسینە بوەوە، لە ئەڵمانیاش خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان داوای پشتگیریی خوشك و براکانیان دەکرد لە پایتەختی نەمسا (ڤییەنا). بزوتنەوەکە لە ئۆکتۆبەردا شکستیهێنا، بەڵام دوو مانگی خایاند هەتاوەکو دژەشۆڕش لە بەرلین و لە گشت ئەڵمانیادا سەرکەوتنی خۆی رابگەیەنێت، ئەویش بە کودەتای فریدریکی چوارەم و چوونەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی. لە ماوەی مانگەکانی دواتردا مارکس و ئەنگڵس ماندونەناسانە کاریاندەکرد بۆ پشتگیریی هێزە دیموکراتییەکان و پتەوکردنی هاوپەیمانێتیی نێوان کرێکاران و جوتیاران، بە تایبەت لە رێگەی رۆژنامەکەوە. گرنگیی گەورەی ئەمەش بریتیبوو لە راڤەکردن و تێگەیشتن لە بزوتنەوەکە لە ئەڵمانیا، وەك بەشێك لە وێنە گشتییەکە.

سەرەڕای زنجیرەیەك پاشەکشێ لە ناو ئەڵمانیادا، مارکس حەماس و گەرموگوڕیی دەکرد بە بەری ئەو تێکۆشانانەدا کە هەتا ئەو دەمەش لە ناوچەکانی دیکەی ئەوروپادا بەردەوام بوون، هەر ئەم بابەتەش بوو وەهای لە مارکس کردبوو گەشبین بێت بە توانا شۆرشگێڕییەکان، هەروەها پاڵپشتی چەند رێکخراوێکی دەکرد وەك دەستە کاتییەکانی بادن و فراکفۆرت، کە هێشتا لە بەرەنگارییدا بوون.

لە ناوەڕاستی ساڵی 1849دا، بزوتنەوە شۆڕشگێرییەکە گیرۆدەبوو بە دەست دۆخێکی پاشەکشێی توندەوە، هێزەکانی قەیسەر خۆپیشاندانەکانی هەنگاریای سەرکوتکرد، لە ئەڵمانیاش پاشەکشێ و خامۆشی باڵی بەسەر گشت شتێکدا کێشابوو. لە 16ی ئایاردا، مارکس ناچاربوو کۆلۆنیا بە جێبهێڵێت و رۆژی دواتر رووبکاتە پاریس. لەو سەروبەندەدا ئەنگڵس چووە ریزی هێزە یاخی و شۆڕشخوازەکانی بادن. پێش رۆیشتنیشیان دوایین ژمارەی رۆژنامەی "رینانی نوێ"یان سەرتاپا بە مەرەکەبی سور چاپکرد.

"پێویستە لەسەرمان تەسلیم بین و پاشەکشێ لە قەڵاکەمان بکەین، بەڵام کە ئەو کارە دەکەین چەکەکانمان و پێداویستییەکانمان لەگەڵدایە... ئاڵاکانمان دەشەکێنەوە... دوایین وشەمان هەمیشە و لە گشت جێیەك بریتییە لە: رزگاریی چینی پرۆلیتاریا".

## بەشی (5)
## روانین بۆ دواوە... و بۆ پێشەوە

ناساندن و دەرکەوتنی مارکس وەك سەرکردەی فکریی و هاندەری راپەرینی شۆڕشگێڕانە، بۆ هەرکوێ بڕۆیشتبایە مۆرێك بوو پێوەی. پاش ناچارکردنی بە جێهێشتنی پاریس، لە ئۆگۆستی 1849دا لەگەڵ خێزانەکەیدا گەڕایەوە بۆ لەندەن. پاش ماوەیەکی کورت فریدریك ئەنگڵسی هاوڕێ و هاوکاری گەیشە لای. مارکس لە بازنە و رێکخستنە ناوخۆییەکاندا بە نازناوی "ژەنەراڵ" بانگدەکرا، ئیدی سەرنج و هۆشی ئەنگڵسی راکێشا بۆ پرسی رێکخستنی یاخیبوونە شۆڕشگێڕییەکان لەبەر رۆشنایی ئەزموونەکانی خۆی لە ئەڵمانیا.

سەرەڕای ئەو شکستانەی رووبەڕوی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی ئەوروپا بووەوە، بەڵام مارکس و ئەنگڵس گەشبین بوون بە ئاسۆی راپەڕینی نوێ لە ئەڵمانیا و فەرەنسا. وەك لە نامەکانی یەنای هاوسەرییەوە بە روونی دەردەکەوێت، ژیانی خێزانەکەی مارکس لە تەنگەژەیەکی ئابوریی گەورەدا بووە، جگە لەوەش هەر پارەیەکی هەبووایە بە دڵفراوانییەوە بۆ هاوکاری هاوڕێ کۆچبەرە ئەڵمانیەکان و دامەزراندنی رۆژنامەیەکی نوێ خەرجی دەکرد، کە ئەو رۆژنامەیە پێنج ژمارەی یەکەمی لە یەنایەری 1850دا دەرچوو. لە سێپتێمبەردا یەنا بە دووگیانی گەڕایەوە بۆ لەندەن، بەڵام ئەوەی لای مارکس گرنگ بوو تەنیا بریتیبوو لە ئاسۆکانی دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی،

که له منداڵدانی ڕووداوه ناوازەکانی ساڵانی 1848 و 1849ەوە بێتە دەرەوە.

له ساڵی 1848دا مارکس و ئەنگڵس پێیانوابوو کە کۆمەڵەی کۆمۆنیزم دەبێت هەڵبوەشێتەوە، کارێکی لە وە گرنگتر لە بەردەم سۆسیالیستەکاندا هەیە پێویستە بیکەن، ئەویش تێکەڵاوبوونیان بوو لە نێو بزوتنەوەگەلی فراوانتر لە جێڕەوتێکی شۆڕشگێڕیدا و خەبات لە پێناو بە دیهێنانی نفوزێکی ئایدۆلۆژیی لە نێو ئەم بزوتنەوانەدا. بە هاتنی ساڵی 1850، بە ئاشکرا دیاربوو کە ئەرکە سەرەکییەکە گۆڕاوە، بە هەمان گڕوتینەوە مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکرا کە سەرلەنوێ کۆمەڵەی کۆمۆنیزم دابمەزرێتەوە. درکیان بەوەکردبوو کە تێگەیشتن لە ڕووداوەکان و فێربوون لێوەیان گەلێك گرنگە، ئەو ڕووداوانەی کە هێشتا لە زیهنی چالاکانی چینی کرێکاران و سۆسیالیستانی ئەوروپادا بە زیندوویی ماونەتەوە. مارکس ئەو ڕووداوانەی لە نێو دوو بەرهەمی مێژووییدا بەرجەستە کردووە، ئەوانیش "بانگەوازی کۆمیتەی ناوەندیی بۆ کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان" لە (مارس و جونی 1850)، هەروەها زنجیرە وتارێکی دووردرێژ، کە لە (یەنایەرەوە بۆ ئۆکتۆبەر) لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکرانەوە، بەڵام دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە زۆری نەخایاند، دواتر ئەو وتارانەی کۆکردنەوە و لە ژێر ناوی "خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا 1848-1850" بڵاویکردنەوە. ئەمەیان کارێکی مێژوویی ناوازەیە، هەر بە تەنها بریتی نییە لە کۆمەڵە تەفسیرێکی چاودێرێکی بێلایەن و دابڕاو لە ڕووداوەکان، یاخود کەسێك کە هیچ جێدەستێکی دیارنەبێت، مارکس پێش هەموو

شتێك، وەك سەرۆكی لیژنەی جێبەجێكردنی كۆمەڵەی كۆمۆنیزم هەڵبژێردرا، بە شدارێكی چالاك و بەئاگا بوو لە دامەزراندنی رێكخراوێكی سۆسیالیستیی پڕچەك بە ئەزموونی شۆڕشەكانی 1848 و كردنی ئەو ئەزمونانە بە بنەما، وەك ماركس خۆی دەڵێت "شۆڕش مرد - شۆڕش زیندوو دەبێتەوە".

ماركس لە ئەزمونەكانی 1848ەوە گەلێك ئەنجامگیریی (استنتاج) و روئیای هەڵێنجاوە، كە بە شێوەیەكی سەرسوڕهێن هاوچەرخن. بە پێچەوانەی زۆرێك لە نووسەر و خاوەن بۆچونەكانی دیكەوە كە سەبارەت بە رووداوەكانی ساڵی 1848 نووسیویانە، ماركس لە روانگەی چینی پرۆلیتاریاوە ئەم رووداوانەی دەخستە بەرباس، بە ئامانجی بە دەستهێنانی ئەنجامگەلی سیاسیی و رێكخراوەیی بۆ ئەو رێكخراوە سۆسیالیستییەی كە دەكرێت لە داهاتوودا بونیادبنرێت. یەكێك لەو ئەنجامگیرییانە: دەكرێت شۆڕش لە سەرەتادا چەند یەكەیەكی گرنگ لە چینی ناوەند بۆخۆی كێشبكات لە چوارچێوەی بزوتنەوەیەكی یەكگرتووی چینی پرۆلیتاریادا. بەڵام دەركەوت كە ئەم یەكبوونە لە ئەڵمانیا و فەرەنسا كورتخایەن دەبێت. لە هەردوو حاڵەتەكەدا بۆرژوازییەكان - كە سودمەندی سەرەكی بوون لە هاتنە ئارای دیموكراسیی پەرلەمانی (دەسكەوتی سەرەكی شۆڕشەكانی 1848)- ترسی ئەوەیان لێنیشت كە دۆخەكە لەم ئاستەدا رانەوەستێت و چینی پرۆلیتاریا و هاوپەیمانەكانی كردەی شۆڕشگێرانە خێراتر و دوورمەوداتر بكەن، دواجار هەڕەشە بێت بۆسەر خودی خاوەندارێتیی تایبەت. هەربۆیە بۆرژوازییەكان لە

هاوپەیمانەکانی رابردوویان هەڵگەڕانەوە و لە گەلێك حاڵەتدا ئامادەییان دەربڕی بۆ بەستنی پەیمان و رێککەوتن لەگەڵ چینە فەرمانڕەوا کۆنەکە، کە هەر بۆرژوازییەکان خۆیان تا دوێنێ دەیانویست بیڕوخێنن.

بەوپێیەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە لایەن چینێکەوە ناڕوخێندرێت کە بەرژەوەندیی هەبێت لە مانەوەیدا، ئیدی ئەوە روونبۆوە کە چینی پرۆلیتاریا دەبێت سەربەخۆ لە هاوپەیمانەکانی دوێنێ رێڕەوی خۆی ببڕێت. "بەرژەوەندیی وردە بۆرژوا لەوەدایە بە زووترین کات کۆتایی بە شۆڕش بهێنرێت...، بەڵام بەرژەوەندیی ئێمە، بەڵکو ئەرکی ئێمە، ئەوەیە کە شۆڕش بەردەوام بێت" ئەم ئایدیایانە دەربارەی شۆڕشی بەردەوام کە زیاتر بوونەتە تایبەتمەندی فکری لیۆن ترۆتسکی، بنەڕەتەکی لە لای مارکسە، لە ناو ئەزموونە شۆڕشگێڕییەکانی ساڵی 1848دا. کاتێك مارکس ئەمەی نووسی، هاوکات لە مشتومڕێکی قوڵدابوو لەگەڵ (بلانکیستەکان)، کە گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی لە ئێستادا بە نهێنی کاربکەن. مارکس و ئەنگڵس پێداگربوون لەسەر ئەم خاڵە، کە پێویستە چینی کرێکار بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە بۆرژوازییەکان خۆی رێکبخات، بەوپێیەی درەنگ یا زوو بۆرژوازییەکان دەبنە بەربەستی بەردەم بزوتنەوەکە. ئەم خۆڕێکخستنەش کاتێك دەکرێت کە چینی کرێکار هۆشیاربێت بە بەرژەوەندییە چیناياتییەکانی خۆی  و بە باشی درکیان پێبکات، لە هەمانکاتیشدا بەرژەوەندیی چینەکانی دیکەی کۆمەڵگەش لە بەرچاوبگرێت، بزانێت چۆن شۆڕش بەدیدێت.

ئەم هۆشیارییە هەر تەنها لە ساتە شۆڕشگێڕییەکاندا بەدینایەت، بەڵکو وەڵامدەرەوەی چینی کرێکاران بۆ ساتە شۆڕشگێڕییەکان فۆرمولە دەکات و ڕۆشنایی پێدەبەخشێت کاتێك دەخەملێت (یاخود دووبارە دەخەملێتەوە).

ئیدی کاری ئەم دۆخە بریتییە لە بونیادنانی پارتێکی شۆڕشگێڕ بۆ چینی کرێکاران. پێدەچێت وەك ئەنگڵس درکی پێکردووە و لە پێشەکیە نوێیەکەیدا بۆ کتێبەکەی مارکس "خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا" دوای مردنی مارکس ئاماژەی پێداوە؛ مارکس زیادەڕۆیی دەکرد لە گەشبینیی بەرامبەر ئاسۆکانی شۆڕش لەو دەمەدا، بەڵام لە وەدا لەسەر حەق بوو کە سوربوو لەسەرئەوەی کە کاری شۆڕشگێرەکان بریتییە لە بونیادنانی پارتێك کە سەرکرایەتی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکە لە خۆبگرێت و بیگەیەنێتە دوا مەنزڵگە. ئەم مەنزڵگەیەش، وەك مارکس ئاماژەی پێداوە بریتییە لە "دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا".

بڕێکی کەم لە دەستەواژەکانی مارکس ڕووبەڕوی هەڵە تێگەیشتن و هەڵە راڤەکردن بوونەتەوە، کە ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە یەکێکە لە وانە. بە هۆی جیهانێکەوە کە لانی کەم لەم سەد ساڵەی دوایدا نازیزم و ستالینیزم و گشت فۆڕمەکانی دیکەی ستەمکاریی دەستکردی سەرمایەداریی بە خۆیەوە بینیوە، وشەی "دیکتاتۆریەت" واتایەکی گرژ و مۆن و خەمناکی وەرگرتووە. ئەم وشەیە هەمان ئەو چوارچێوەیەی نییە کە مارکس ئەوکات بەکاریهێناوە. بۆ نموونە مارکس لە راستیدا باس لە دەوڵەتێك دەکات کە ئامڕازە سەرەکییەکانی فەرمانڕەوایەتی چینایەتی

ئەو دەوڵەتەی بە "لیژنەی جێبەجێکاریی بۆرژوازی" ناودەبات. لە ئەڵمانیا و فەرەنسا، زۆرێك لە کابینەی حکومەتەکانی دوای شۆڕش، تەنها بۆ ماوەیەکی کورت وەك هاوپەیمانی چینی پرۆلیتاریا مانەوە بۆ خەبات لە پێناو دیموکراسیدا، بەڵام دواتر هەڵگەڕانەوە و بەوپەڕی توندی و بەربەریزمەوە دژ بە کرێکاران مامەڵەیان کرد. مارکس دەپرسێت: چی دەوڵەتێك دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی زۆرینە بپارێزێت؟ هەر خۆی وەڵامدەداتەوە "تەنها فەرمانڕەوایەتیی سیاسیی چینی پرۆلیتاریا لەگەڵ کۆی گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕییەکان لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیدا، کە بە شێکی جیاکراوە نییە لێی". تەنها ئەم دەوڵەتە دەتوانێت بەرگری لە دەستکەوتەکانی کرێکاران بکات و سەرپەرشتی وەرچەرخانی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە بکات بۆ مسۆگەرکردنی ئەم دەستکەوتانە. لەم قۆناغەدا، مارکس بیرۆکەیەکی گشتیی سەبارەت بە کارەکە هەیە، بە مانایەکی تر تیۆرییەك. کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی 1871 دەرخەری ئەو راستییەیە.

بێگومان مارکس ماتریالیستی بوو. سەرەڕای ئەوەی هۆشیاریی و ئۆرگانیزەکردنی کرێکاران، واتە چینی شۆڕشگێڕ، نمایندەی هێزێکی کاریگەر دەکات بۆ رووخاندنی سیستەمی کۆن و بونیادنانی سیستەمێکی تازە، بەڵام ئەمە بە تەنها بەس نییە. وەك مارکس دەنووسێت "مرۆڤەکان مێژوو دەخوڵقێنن، بەڵام بێگومان لە دۆخێکدا کە خۆیان هەڵیاننەبژاردووە". بارودۆخی ماتریالی دەریدەخات کە هاوکات هەریەکە لەم فاکتەرانەش لە کردەی شۆڕشگێڕییدا رۆڵی یەکلاکەرەوەیان

هەیە: ئاستی گەشەسەندنی ئابوریی سەرمایەداری، قەبارەی چینی پرۆلیتاریا و قورساییە رێژەییەکەی، بەردەوامبوونی قەیرانی ئابوری. پێگەیشتوویی چینی پرۆلیتاریا هەر تەنها بە رۆشنبیرکردنی سیاسی بەدیناهێنێت، بەڵکو قورسایی بابەتیی ئەم چینە لە نێو گشت چینە چەوساوەکاندا رۆڵی خۆی هەیە. هەرچەندێك پیشەسازی و سەرمایەداری بەرەوپێشەوەبچن، چڕکردنەوەی کرێکاران لە شوێنی کارکردن گەشەی گەورەتر و گەورەتر بەخۆوە دەبینێت، هەروەها جوتیاران و پیشەکارەکان دەبنە کرێکارێك کە هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی نییە جگە هێزی کارەکەی، تەنها ئەوەی هەیە کە بیفرۆشێت. بە هەمانشێوە، ئەمان هەر خۆیان بەرهەمهێنی سامانن، بەڵام شتێکی وەهایان لەو سامانە بەرناکەوێت کە شایەنی باس بێت. ئەمە پارادۆکسێکە لە نێو دڵی سەرمایەداریدا.

بە روانین لەو دەمەی کە جیهان شەپۆلی گۆڕانکاریی دەدا، شیکارییە وردەکانی مارکس ئەو بەستەرە رووندەکەنەوە کە لەنێوان شۆڕش و قەیرانی نێو سیستەمی ئابوریدا هەیە. ئەم قەیرانە بە تەنها دەرئەنجامی هەڵەیەکی سادەی سیستەمەکە و بە رێکەوت نییە، بەڵکو دەرئەنجامی ململانێ ناوخۆییەکانی نێو سەرمایەدارییە. پێشتر مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا بە شێوەیەکی کاریگەر ئاماژەی بە پارادۆکسەکانی سەرمایەداری کردبوو، کاتێك باس لە پێویستیی هەمیشەیی سەرمایەداری دەکات بۆ گۆڕانکاری ریشەیی لە بەرهەمهێناندا. مارکس گەیشتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە نەبوونی قەیرانەکان، یان بە

مانایەکی دی بوونی ماوەکانی خۆشگوزەرانی و گەشەی ئابوری لە ئینگلتەرای کۆتاییەکانی دەیەی چلی سەدەی نۆزدەیەم، بووە هۆی خاڵیکردنەوەی بزوتنەوەی چاریتیزم لە ناوەڕۆکە شۆڕشگێڕییەکەی. لە بەرامبەردا، لە فەرەنسا چینی کرێکاران وەك پێویست بە هێز و سەنتراڵ نەبوو لە ئابوریدا، هەتاوەکو هەلە شۆڕشگێڕییەکەی مسۆگەربکات.

سەبارەت بە ماتریالیستێکی شۆڕشگێری وەك مارکس، روونە کە "ئایدیاکان مێژوو ناگۆڕن"، مەگەر [ئەو ئایدیایە] لە هێزێکی کۆمەڵایەتی زیندوو و چالاکدا، لە دۆخیکی ماتریالیدا کە ئیمکانی روودانی ئەمجۆرە گۆڕانەی تێدابێت، بەرجەستە ببێت. لای مارکس تێگەیشتن لەو فاکتەرانەی پاڵ بە سەرمایەدارییەوە دەنێن بۆ پێشەوە، هەروەها لەو بارودۆخەی قەیران بەرهەمدەهێنێت، کارێکی جەوهەرییە، بە تەواوی وەك بونیادنانی رێکخراوەکانی چینی کرێکاران و ئامادەکاری سیاسی ئەندامەکانیان.

## بەشی (6)
## کەڵەکەکردن... کەڵەکەکردن

لە ناوەڕاستی ساڵی 1850دا، ئیدی لای کارڵ مارکس روونبوو کە شۆڕش لە نێو خشتەی کارەکاندا نییە. سەرمایەداری لە ئەوروپا بە ئاڕاستەی قۆناغێك لە گەشە و فراوانبوون دەبزوا، وەك رووداوەکانی ئەو ساڵەی ئەڵمانیا سەلماندیان کە دیموکراسییەتی بۆرژوازیی خۆی لە پاشماوەکانی سیستەمە کۆنەکە رزگاردەکات. مشتومڕی توند هاتە نێو کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکانەوە، زۆرێك لە سەرکردایەتیی رێکخراوەکە لەو باوەڕەدابوون کە هێشتا شۆڕش ئیمکانیەتێکی هەنوکەییە، تەنها ئەوەی پێویستە پەنابردنە بۆ چەك. هەتاوەکو پاش رووداوەکانی 1848ـیش، گفتوگۆکان رەنگێکی ناسیۆنالیستییان پێوەبوو، هاوڕێ ئەڵمانییەکان سووربوون لەسەر رەگداکوتانی بەردەوامی چینی پرۆلیتاریای نەتەوەکەیان.

بەڵام لای مارکس و ئەنگڵس دوو پرسی سەرەکی هەبوون. یەکەم، وەك بە روونی لە "مانیفێستی کۆمۆنیزم"دا ئاماژەی پێدراوە پێویستە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی چینی پرۆلیتاریا مۆرکێکی ئینتەرناسیۆنالیی وەربگرێت. دووەم، بەرپاکردنی شۆڕش دەرئەنجامی بەریەککەوتنی هۆکارە خودییەکانە (هۆشیاری کرێکاران و باڵادەستی ئایدیا شۆڕشگێڕییەکان لە نێویاندا) لەگەڵ هۆکارە بابەتییەکان (قەیرانەکانی سیستەمەکە).

"روانگە گشتگیر و ئینتەرناسیۆنالییەکەی مانیفێستی کۆمۆنیزم، گۆڕدرا و بە روانگەیەکی ناسیۆنالیستیی ئەڵمانیی جێگەی گیرایەوە، ئەمە جگە لە موجامەلەکردنی هەستی ناسیۆنالیستیی پیشەکارە ئەڵمانەکان. هەروەها تێڕوانینە ماتریالیستییەکەی مانیفێست لە بەرژەوەندی ئایدیالیزم فەرامۆشکرا. ئیدی وەك ئەنجامگەلێکی راستییە بەرجەستەکانی واقیع تەماشای شۆڕش نەدەکرا، بەڵکو وەك ئەنجامێکی هەوڵە ئیرادییەکان. لێرەوە بە کرێکاران دەڵێین: 15 یان 20 یان 50 ساڵ جەنگی ناوخۆتان لە بەردەمدایە بۆ گواستنەوەی بارودۆخەکان و خۆڕاهێنانتان لەسەر پراکتیزەکردنی دەسەڵات، ئەوان دەڵێن: پێویستە لەسەرمان کە یان ئێستا کۆنترۆڵی دەسەڵات وەربگرین، یان بگەڕێینەوە بۆناو خیزانەکانمان".

ئەوە سەردەمێکی پڕ لە ئاستەنگ بوو بۆ مارکس، بارودۆخی دارایی گەلێك نالەبار بوو، خۆی و خێزانەکەی ناچاربوون بەردەوام لە جێیەکەوە بگوازنەوە بۆ جێیەکی تر، بێگومان تاکەشتێك کە ببوە فریادڕەسی مارکس و خێزانەکەی کەوتبوو بریتیبوو لە یارمەتییە خۆنەویستانە و بەردەوامەکانی ئەنگڵس. بە کۆتایهاتنی ساڵی 1850، منداڵە خۆشەویستەکەیان بەناوی (هاینریش) مرد) کە مارکس بە فاوکسی بانگیدەکرد)، پاش شەش مانگ ئەو خزمەتکارەی لە لایان بوو کوڕێکی هێنایە دنیاوە بە ناوی (فرێدی)، کە ئەگەر زۆرە کوڕی مارکس بێت، بەڵام هەرگیز دانی پێدانەناوە، ئەوەبوو ئەنگڵس باوکایەتی خۆی بۆ ئەو منداڵە راگەیاند بە ئامانجی پاراستنی مارکسی هاوڕێ و هاوخەباتی-ئەمە یەکەمجار نەبوو کە تێیدا ئەنگڵس قوربانی پێشکەش مارکس بکات، بێگومان دوا کەڕەتیش نەبوو.

مارکس گەیشتەوە بە شوێنە دڵخواز و هەمیشەییەکەی خۆی لە ژووری خوێندنەوەی مۆزەخانەی بەریتانیا، بە تەواوی دەستیکرد بە پڕۆژەکەی کە خواستێکی زۆری هەبوو بۆ ناسین و وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداری بە گشتی، گەشەکردنە مێژووییەکەی، و ئەو ئاڕاستەیەی پێیدا ڕۆیشتووە. هەندێك لەوانەی بەشداربوون لە بزوتنەوەکەدا (بە تایبەت ئەوانەی شەو و ڕۆژیان خستبووە سەر یەك بۆ داڕشتنی نەخشەی ڕاپەڕینەکان و پیلانگێڕییەکان) ئەو کارەی مارکسیان ڕەتکردەوە و بە دوورکەوتنەوە لە سیاسەت دایاندەنا، بەڵام مارکس و ئەنگڵس هەرگیز وازیان لە ڕێکخستنە سیاسییەکان نەدەهێنا، بەڵکو لە ڕاستیدا هەرگیز ڕانەدەوەستان لە هەوڵەکانیان بۆ دروستکردنی پارتێك، هەتاوەکو گەیشتنە دامەزراندنی ئینتەرناسیۆنالی یەکەم لە ساڵی 1864. مارکس هەرگیز دەستبەرداری مشتومڕ نەبوو لەگەڵ سۆسیالیستەکانی دیکەدا، هاوکات لە نووسین و بڵاوکردنەوەی نامیلکەو وتارەکانیشی بەردەوام بوو. لە ڕاستیشدا، ئەو ململانێ و گفتوگۆیانە، کە لە ماوەی نسکۆدا بوو پاش جیابوونەوەیان لە کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان، بە بەشێك لە پڕۆسەی بونیادنانی پارتێکی نوێ دادەنرێت.

بەڵام ئەوە گومانی تێدا نییە مارکس لەم قۆناغەدا لەو باوەڕەدا بوو کە لێکۆڵینەوەکان و توێژینەوەکانی لەسەر سیستەمی سەرمایەداری، کارێکی سیاسیی سەرەکییە. ئەمەش تەنها بە مەبەستی ناسینی دووژمن نا، بەڵکو ئامانجی سەرەکی لەم کارەی تێگەیشتن بوو لە هێزی

پاڵنەری سیستەمی سەرمایەداری و ئەو ناسەقامگیریی و پارادۆکسانەی گەشەکردنی ئەو سیستەمە بە دوای خۆیدا هێناویەتی. ئەگەر قەیرانەکانی سیستەمەکە وەك شتێکی حەتمی لە بەرچاوبگرین، ئەوا گەلێك پێویستە کە چاودێری بکەین -یان تەنانەت پێشبینی بکەین- کەی و لە کوێ ئەم قەیرانانە درز دەخەنە سیستەمەکەوە. هەموو ئەمانە بەشێکن لە ئامادەکاریی کۆمۆنیستەکان بۆ جەنگە چاوەڕوانکراوەکانی داهاتوو لە خەباتی چینایەتیدا.

ئەوە سەردەمی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی مارکس بوو، ئیدی ئەو ببووە روخسارێکی هەمیشەیی مۆزەخانەی بەریتانیا. ئەو کارەی بۆ رۆحیەتە تینوەکەی خۆی نەخشەی کێشابوو بریتیبوو لە: تێگەیشتن لە رێگەی کارکردنی سەرمایەداری وەك سیستەمێکی جیهانیی، گەشەسەندنەکەی بە درێژایی کاتەکان، بە ئامانجی ئاشکراکردنی ئەوەی پێیدەگوت "رێساکانی سیستەمەکە". بەڵام ئەوە هەموو شتێك نەبوو، کێشەکە لە وەدایە کە ئەوەی لە رووکەشدا دەردەکەوێت پێدەچێت ئەوە بزوێنەرە راستەقینەکەی سیستەمەکە نەبێت لە ناوەوە. سەرتاپا مارکس کارە سەرەتاییەکانی چڕکردبووەوە لەسەر شیکردنەوەی ئەو رێگەیانەی کە بەشی هەرە زۆری ئایدیا و راڤەی میکانیزم و یاساکانی سەرمایەدارییان داپۆشیوە - ئەم داپۆشینەیە کە بە "ئایدۆلۆژیا" ناودەبرێت. ئێمە لە میانەی ئەو سەردەمەوە کە تێیدا دەژین، بە تەواوی دەزانین کە ئەو بڕیارە ئابوورییانەی لایەنە بە هێز و دەسەڵاتدارەکان

دەیدەن بە ئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، وەك پرۆسەیەکی سروشتی و ئاسایی بە جیهانی دەفرۆشنەوە. ئەو کۆمەڵە ئامار و ژمارە ناڕوونانەی لە کۆتایی هەموو گەشتێکی هەواڵەکاندا دەخرێنە روو بۆ نیشاندانی جوڵەی بازاڕ، دەخرێنە نێوبەندی هەواڵی کارەساتە سروشتییەکان و برگەی پێشبینییەکانی کەشوهەوا، وەك ئەوەی گشتیان لە نێو بازنەی ئەو شتانەدابن کە دەسەڵاتمان بە سەریاندا ناشکێت و توانای کۆنترۆڵکردنیمان نییە.

مارکس دەڵێت: "ئابوریناسە بۆرژوازییەکان بە جۆرێك باس لە پەیوەندییەکانی نێو پرۆسەی بەرهەمهێنانی بۆرژوازیی دەکەن، وەك ئەوەی ئەبەدی و جێگیربن و قابیلی گۆڕان نەبن"، بەڵام خودی مارکس بە هەمانشێوە ئەوەشی روونکردۆتەوە کە جوڵەی سەرمایە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی چینێك دادەمەزرێت و خۆی دیاریدەکات، ناکۆك لەگەڵ ئەوانەی سامانەکەی بەرهەمدەهێنن، کە سەرەڕای ئەوەش هیچ دەسەڵاتێکیان لە سیستەمەکە و رێگەکانی کارکردنیدا نییە.

مارکس لە نووسینەکانی سەردەمی لاوێتییدا، زۆر کات بە چەشنێکی هاوسۆزانە باس لە ئەزموونەکانی کرێکاران دەکات لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا، ئەو نامۆبوونەی لە نێو کۆمەڵگەدا تێیدا دەژین، دۆخێکی بۆ دروستکردوون کە هەستبکەن وزە و توانایان لە دەست داوە[1]. پرسیارەکە لێرەدایە؛ ئەوە چ بارودۆخێکە سەرمایەداری لە کۆمەڵگەدا دەیچەسپێنێت و ئەمجۆرە پەیوەندییە بەرهەمدەهێنێت لە نێوان خاوەن

سەرمایە لە لایەك و بەرهەمهێنی سامان [کرێکاران] لە لایەکی دیکە؟ هەروەها ئەو هێزە پاڵنەرە راستەقینەیە چییە کە کۆی سیستەمەکە بەرەو پێشەوە پاڵدەنێت، بە بێ رەچاوکردنی رەفتاری تاکەکەسی ئەم سەرمایەدار و ئەو سەرمایەدار و مامەڵەیان لەگەڵ کرێکاراندا؟ پەیوەندیی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکاران لە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانییدا بە چ شێوەیەکە؟

بێگومان ناکرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە لە فۆڕمێکی ئەبستراکتدا بدۆزینەوە، مارکس پێش هەر شتێك ماتریالی بوو، هەر بەمجۆرەش تێزەکانی لەسەر بنەمای چاودێریکردنی هێزە زیندوو و چالاکەکان لە مێژووی راستەقینەدا بونیادناوە، تاقیکردنەوەی تیۆریی لە رێگەی پراکتیکەوە بریتیبوو لە رێبازەکەی ئەو بۆ روونکردنەوەی حەقیقەتی ماتریالیستی و گەشەسەندنەکانی بە درێژایی زەمەن. ئەم گەشە سەندنانە، وەك ئەوەی لە هەموو بزوتنەوەیەکی مێژووییدا هەیە، بریتین لە گەشەسەندنی دیالەکتیکی، جۆرە پارادۆکس و ململانێیەك بەرهەمدەهێنن کە بەبێ گۆڕانی کۆمەڵگە ناتوانرێت یەکلایی بکرێنەوە. ئەم ناسەقامگیریی و پارادۆکسانە لە فۆڕمی قەیرانە خولییەکاندا دەردەکەون کە ئەگەر توانرا چاودێریی بکرێن و سروشتەکەی فەهمبکرێت و لە رووی رێکخستنەوە خۆئامادەبکرێت بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلانەی پێشکەشکراون، دەکرێت لە رێگەیانەوە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی دەستکەوتە گرنگەکانی بەدەسبهێنێت، لە بەرئەوە لای مارکس، ماوەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەبێتە هاوبەشێکی ماتریالیی راستەوخۆ بۆ ئەم پڕۆژە سیاسیە.

"پارتەکەمان بەو ئاڕاستەیەدا دەڕوات کە جارێکی دیکە هەلی لێکۆڵینەوە بە دەستبهێنێت. ئەمە تایبەتمەندییەکی گەورەیە کە بناغە تیۆرییەکانی ئەو پارتە گوزارشت بێت لە روانگەیەکی زانستیی نوێ، کە بە پێی پێویست کار بۆ گەشەپێدانی بەردەوامی ئەو بناغەیە بکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە ناکرێت پارتەکەمان تێکشکاو و چەقبەستوو بێت وەك (پیاوە گەورەکان)ی تاراوگە".

لێرەدا مەبەستی مارکس لە وشەی "پارتەکەمان" تەنها خۆی و ئەنگڵس دەگرێتەوە. سەرەڕای دووریی زۆریان لە ئاسۆکانی خەباتەوە، بەڵام هێشتا مەعنەویاتیان نەڕوخابوو. بێگومان خۆڕاگریی و نەرمیی مارکس جێگەی تێبینی بوون، بە لە بەرچاوگرتنی ئەو رۆژە رەشانەی خۆی و خێزانەکەی لە هەژاری و نەبوونی ئارامیی و ئاسایش گوزەراندیان، کە پڕبوو لە گواستنەوەی بەردەوام لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ، هەروەها نەخۆشی بەردەوامی تاکەکانی خێزانەکەی، کە بە مردنی ئێدگاری بچکۆلە کۆتایهات. تەنها و تەنها پشتیوانییە خۆنەویستانەکانی ئەنگڵس، مارکس و خێزانەکەی لە داڕووخان پاراستبوو.

ئیدی مارکس بیست ساڵی داهاتووی بە نووسینی کتێبی "سەرمایە"وە بەسەربرد، کە بەرگی یەکەمی هەتاوەکو ساڵی 1867 دەرنەچوو، تا دوای مردنیشی کۆی بەرهەمەکە بە تەواوی نەگەیشتە دەستی خوێنەر و جەماوەر. یەکەم بەشیش لە "سەرمایە" بە ناوی "بە شداریکردن لە رەخنەی ئابوریی سیاسی" ساڵی 1859 چاپ و بڵاوکرایەوە.

## پەراوێز:

1. کەواتە بەجۆرێک لە جۆرەکان نامۆبوون دۆخیکی دروستکراوی دەستی سیستەمی سەرمایەداریی و خاوەن سامانەکانە، چونکە کرێکار لە دۆخێکی وەهادا هەر بە تەنها تووشی نامۆبوون نابێت و دۆخێکی دەروونی بۆ دروستببێت کە خەمبار و پەرێشانی بکات، بەڵکو ئەو نامۆبوونەی وادەکات نامۆبێت بە بەرهەمی کاری دەستی خۆی و هیچ سامانێک لەوەی بەرهەمیدەهێنێت نەگاتەوە دەستی خۆی، ئەوا خودی ئەم پرۆسەیە میکانیزمێکە بۆ ئەوەی کرێکار هەست بکات کە نەک هەر تەنها بەرهەمی کاری خۆی لە کارگەدا بەدەست ناگاتەوە، بەڵکو دەگاتە ئاستێک کە بێ هیوابێت لەوەی هیچ بەرهەمێکی کارکردنی خۆی لە دەرەوەی کارگە و لە دەرەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سامانیش بەدەستبهێنێت، کەواتە لێرەوەیە کە نامۆبوون لە دۆخێکی سایکۆلۆژی و ناوەکی دەردەچێت و دەچێتە خزمەتی سیستەمی باڵادەستەوە، چونکە کرێکاران بێهیوان لەوەی هیچ کارێکی شۆڕشگێڕییانە ئەنجامێکی هەبێت، وە ئەگەر ئەنجامێکیشی هەبێت وەک بەرهەمی ناو کارگەکە بۆخۆیان نابێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە دۆخی نامۆبوونی کرێکار لە بەرهەمی دەستی کاری خۆی هەمیشە ڕوودادات و ڕویداوە، بەڵام ئەوەی زیان بە خودی کرێکاران و چینی چەوساوەکان دەگەیەنێت ئەوەیە کە ئەم نامۆبوونە سەربکێشێت بۆ نامۆبوون لە گشت شتێک، لە نێویشیدا ڕزگارکردنی چینەکەی خۆی.

# بەشی (7)
# دەستنیشانکردنی دڕندەکە

**کەواتە، ئایدیا بنەڕەتییەکانی ئەم کارە ناوازەیە چین؟**

"کۆمەڵگەی بۆرژوازیی نوێ، کە لەسەر داروپەردوی کۆمەڵگەی فیودالیی دامەزراوە، ناکۆکییە چینایەتییەکانی هەڵنەوەشاندۆتەوە، بەڵکو تەنها لە بری چینە کۆنەکان هەستاوە بە هێنانەئارای چینی نوێ و حاڵەتی چەوساندنەوەی نوێ، بێگومان فۆڕمی نوێی خەباتیش"

یەکەم، سەرمایەداری قۆناغێکە لە گەشەسەندن و گۆڕانی مێژوو. لە بارودۆخێکی مێژوویی دیاریکراودا دەرکەوت، وەك تەواوی کۆمەڵگە چینایەتییەکانی پێش خۆی، پارادۆکسە ناوخۆییەکانی خۆی لە ناویدەبات. دووەم، گەڕان بە دوای ئەو ئامڕازانەی وا لە کرێکار دەکەن بە شێوەیەکی بەردەوام بەرهەمیان زیاد ببێت، بە مانایەکی دیکە "گۆڕانی ریشەیی بەردەوام لە بەرهەمهێناندا" کە مارکس بە شێوازێکی ئەدەبی لە "مانیفێستی کۆمۆنیزم"دا باسیکردووە. سێیەم، سەرچاوەیەکی دیکە بۆ قازانج بریتییە لە خودی کار (العمل)، بە مانایەکی تر ئیستغلالکردنی کار. جیهانی هاوچەرخ دەخوازێت وەك پرسێکی ئەخلاقیی تەماشای بابەتی چەوساندنەوە بکات، بەوپێیەی بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات. بەڵام مارکس بە تایبەت ئەم چەمکەی بۆ وەسفکردنی پەیوەندی سەرمایەدار و کرێکار بەکارهێناوە، سەرمایە هەوڵدەدات

بەهای زیاتر و زیاتر لە کرێکارانەوە پەیدابکات، ئەو بەهایەی زۆر زیاترە لە وەی کرێکاران پێویستییانە بۆئەوەی بە زیندوویی لە ژیاندا بمێننەوە و کاربکەن- واتە زیادەبەها.

وەڵامی مارکس تەرخانە بۆ کۆمەڵگەی چینایەتی، کە تێیدا چینێکی بچوك خاوەنی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانە (کە پێیان دەڵێت بۆرژوازیی، یان چینی سەرمایەدارەکان)، هەروەها زۆرینەی هەرە زۆریش خاوەنی هیچ شتێك نین جگە لە هێزی کارەکەیان (ئەمانەش پرۆلیتاریان، یاخود چینی کرێکاران).

لە نێو هەموو چینێکیشدا هەمەڕەنگییەکی زۆر هەیە، لە رەگەز (sex)، نەژاد (race)، رواڵەت. سەرۆك هەیە باشە، سەرۆکیش هەیە ستەمکارە، لیبرالیستە، راسیستە، ناسیۆنالیستە، یان نوێخواز و کراوەیە. هەروەها لە نێو کرێکارانیشدا، خوێندەوار و نەخوێندەوار هەیە، کارامە و ناکارامە، هەندێکیان پێست رەش، هەندێکی دی پێست سپی، ژنان و پیاوان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بە هۆی پەیوەندییەکانیان بە داهاتەکانی کۆمەڵگە و ئەو رێگەیەی پێی رێکخراون، هەموو سەربە یەك چینن؛ بۆرژوازییەکان هەموو بە شێوەیەکی یەکگرتوو بە ئاڕاستەی بەرگریکردن لە خاوەندارێتییان بۆ سامانی کۆمەڵگە دەجوڵێن، ئەمە سەرەڕای بەکارهێنانی هێز و دەسەڵاتیان بۆ رێکخستنی پڕۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی لە پێناو بەدیهێنانی قازەنجەکانیان.

"کەڵەکەکردن، کەڵەکەکردن... ئەمەیە وشە نهێنییەکە".

مارکس بەم دەستەواژە سادەیەی سەرەوە، فاکتەرە بزوێنەرەکانی سەرمایەداری پوختدەکاتەوە. ئەوانەی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، هەموو سەر بە یەك چینن، بەڵام هاوکات لە ناوخۆیاندا رکابەرن و کێبڕکێ لەسەر قازانج و هەژموونی سەر بازاڕەکان دەکەن. سەرمایەداری لە پێناو قازانجدا کاردەکات. هەربۆیە سەرمایەدار تەنها کەسێك نییە کە خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بێت و بەکاریانبهێنێت بۆ بەدەستهێنانی قازانج و پارەی زیاتر و پێشدانەوەی رکابەرەکانی، هەروەها سەرمایەدارییش بریتییە لە میتۆدی رێکخستنی سیستەمی ئابوری، بە جۆرێك توانای بە دەست هێنانی ئەو خواستانەی سەرمایەداری هەبێت.

بێگومان ئەم سیستەمە (کە مارکس پێیدەڵێت مۆدێلی بەرهەمهێنان) بە ئاڵۆزییە زۆرەکەیدا دەناسرێتەوە، بە تەنها ناخوازێت میتۆدێکی دیاریکراو لە خودی بەرهەمهێناندا هەبێت، بەڵکو فۆرم و پەیکەری جۆراوجۆریش دەخوازێت بۆئەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانەکە بە راوەستاویی بمێنێتەوە، هەر لەو ئامرازانەی کە خەڵك دەبەن بۆ سەر کار و دەیانهێننەوە، هەتاوەکو ئەوەی فێریاندەکەن کە چۆن ئامێرێکی تازە بەکاربهێن، لەوێشەوە بۆ خولقاندنی کۆمەڵێك ئامرازی کولتووریی کە ئەو کەسانەی گریمانەی ئەوە هەیە راسپێردرێن بۆ بەرهەمهێنان، باوەڕ بەوە بهێنن کە سەرەڕای ئەو هەژارییەی بە دەستییەوە دەناڵێن ئەم جیهانەی تێیدا دەژین باشترین جیهانە کە بتوانرێت بە دەستبهێنرێت. ئەمە

ئەو ڕەهەندانەن کە مارکس کاری لە سەرکردوون و خۆی تەرخانکردووە بۆ شیکردنەوەیان.

بەڵام لە نێو دڵی گشت ئەو خۆڕاگیرکردنەی بەرهەمهێناندا، سەرمایەداران چۆن دەتوانن قازانجەکانیان بچننەوە؟ ئەوە روونە کە خودی خۆیان بە هیچ کارێك هەڵناستن، هەموو ئەوەی لە سەریانە بریتییە لە وەی پارەکانیان بخەنە سەرمایەگوزارییەوە و ئامێرەکان بکڕن و هەندێك خەڵك بخەنەسەر ئیش و بڕیار لەسەرئەوە بدەن چی بەرهەمدەهێنرێت و چۆن بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام بەرهەمهێنانە راستەقینەکە ئەو کرێکارانە پێیهەڵدەستن کە بڕێك کرێ وەردەگرن بەرامبەر کارکردن لەسەر ئامێرەکان. لەو سەردەمەی مارکس تێیدا ژیاوە، ژمارەی ئەوانەی لەسەر ئامێرەکان کاریاندەکرد بە شێوەیەکی پێ بە پێ زیادیاندەکرد [واتە بە زیادبوونی ژمارەی ئامێرەکان، ژمارەی کارپێکەرانیشیان زیادی دەکرد]. کارێکی ئاسان بوو بۆ مارکس ئەندێشەی ئەو کارگە زەبەلاحانەی سەدەی بیستەم بکات کە هەزاران کەس کاری تێدادەکەن بۆ بەرهەمهێنای کاڵا لەسەر هێڵی گەورەی بەرهەمهێنان. بەڵام لە مڕۆدا، ئەوهێڵانەی بەرهەمهێان دەتوانرێت بە هۆی ژمارەیەکی گەلێك کەمی مرۆڤەوە کاریان پێ بکرێت لەسەر هێڵە ئەلکترۆنییەکان-رۆبۆت زۆرینەی کارەکان دەکات، تەنانەت دەتوانێت چەشنی بیکاسۆ تابلۆ بنەخشێنێت.

لەگەڵ ئەوانەشدا، لە ئێستا و رابردوودا بەیەك ئاست

دۆخەکە هەر وەك خۆی ماوەتەوە، بەرهەمهێنان پرۆسەیەکی وردە و لە هەموو جۆرە جیاوازەکان کارکردن بەشداری تێدادەکەن. بۆ نموونە کارگەکانی لۆکە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەو لۆکەیەیان بەکاردەهێنا کە لە لایەن کرێکارانی بێگارەوە لە میسر و هندستان کۆدەکرایەوە، پاشان لە لایەن کرێکارانی دیکەوە دەگوازرایەوە بۆ لانکشایەری بەریتانیا، سەرەڕای هەندێکی دیکەش (بە ژمارەی کەمتر لە ئەمڕۆدا) کە کاردەکەن لەسەر تێرکردن و فێرکردن و تیمارکردنی دەستی کاری نێو کارگەکان، بەوجۆرەش سوپایەك لە خەڵك لە کاردا دەبن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانییەکانی ئەو سیستەمە بەربەری و نا ئینسانییە. ئەوەی هەموو ئەم کەسانەی یەکخستووە و یەکدەخات لە گشت قۆناغەکانی زنجیرەی بەرهەمهێناندا -هەر لەو کرێکارانەوە کە لە سەنتەرەکانی پەیوەندیکردندا کاردەکەن بۆ کرێکارانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و شۆفێری بارهەڵگرەکان- بریتییە لە پەیوەندییەکانیان بەم سیستمەوە. هەموویان لە بەرانبەر کرێیەکدا هێزی کارەکانیان دەفرۆشن بەو کەسانەی خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن.

خاڵی بنەڕەتی لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا ئەوەیە کە کرێکاران زۆر زیاتر لە وە بەرهەمدەهێنن کە کرێکەی لە بەرمبەردا وەردەگرن. جیاوازیی نێوان بەهای ئەوەی بەرهەمیدەهێنن و بەهای ئەو پارەیەی لە شێوەی کرێدا وەریدەگرن، ئەوەیە کە مارکس پێیدەڵێت "زیادەبەها". کە ئەمەش دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارەکانەوە.

سەرمایەدارەکان وەهای دەبینن کە ئەو پارەیە مافی خۆیانە، چونکە پێوستیان بەوەیە جارێکی دیکەش وەبەرهێنان بکەنەوە، هەروەها پێویستیان بە قەرەبوکردنەوەی "ئەو مەترسیانە"یە کە بە هۆی سەرمایەگوزارییکردن لە پارەکانیاندا توشیاندەبێت. ئەزموونی تازە بە شێوەیەکی روون بۆی دەرخستوین کە کاتێك سەرمایەگوزاری هەرەسدەهێنێت و کرێکاران ئیشەکانیان لە دەستدەدەن، سەرۆك کۆمپانیاکان و بەڕێوەبەرەکان قەرەبووی گەورەیان پێدەبڕێت، هەروەها پارێزراودەبن لە کاریگەرییەکانی ئەو "ڕیسك[1]"ـە، بە پێچەوانەی کرێکاران کە هیچ قەرەبوویەك نایانگرێتەوە.

لە راستیدا پاش ئەوەی هەڵدەستن بە تازەکردنەوەی ئامێرەکان و ئەوەی پێویستە لەسەریان دەیدەن بە بانکەکان، هێشتا قازانجێکیان بۆ دەمێنێتەوە، کە بەشێکی بۆ پارێزگاریکردن لە شێوە ژیانی بۆرژوازیی خەرجدەکرێت، بەڵام بەشێکی دیکەی تەرخاندەکرێت بۆ سەرمایەگوزاری لە ئامێر و ماکینەی نوێدا، کە بتوانن برێکی زیاتر لە زیادەبەها بەرهەمبهێنن و پێشڕەوی بدەنە سەرمایەگوزار لە کێبڕکێدا. لە راستیدا دەبێت هەر سەرمایەدارێك هەمان شت بکات، بەڵام چی شتێك پاڵ بە یەکێکیانەوە دەنێت بۆ پێشدانەوەی ئەوی دی؟ لێرەدا وەڵامەکە ئاسانە؛ ئەو سەرمایەدارەی بتوانێت لە پێناو بەرهەمهێنانێکی گەورەتردا کرێکارە بەرهەمهێنەکانی بگوشێت، پێش ڕکابەرەکانی دەداتەوە.

بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پێویستییەکی سەرکێش و شێتانەی هەیە بە کەڵەکەکردنی سامانی زیاتر لە سەرمایەدارەکانی دیکە. وشە نهێنییەکان بریتیین لە کەڵەکەکردن و کێبڕکێ. ئەگەر کۆمەڵە کرێکارێك لە کارگەیەکدا لە هاوڕێ کرێکارەکانیان لە کارگەیەکی دیکە زیاتر بەرهەمبهێنن، لە بەرامبەر هەمان کرێدا، ئەوە زیادبوونی قازانجەکانی ئەو کارگەیەیان دەردەخات کە بەرهەمی زیاترە. هەروەها ئەمە واتە کۆنترۆڵکردنێکی گەورەتر و گەورەتری دەرامەتە سروستییەکانی زەوی، بە کاربردن و وێرانکردنی، لە پێشبڕکێی بازاڕدا.

رووتەڵکردنی دارستانەکان، سوتاندنی سوتەمەنی نێو چاڵە کانزاکان، هەڵهێنجانی نەوت و گاز لە زەوی، بە کارهێنانی زەویی زیاتر و زیاتر دەخوازێت لەم پرۆسانەدا. کارگە گەورەکان، کاتێك لە رابردوودا تەنها لە ئەمەریکا و ئەوروپا بوونیان هەبوو، بەڵام ئێستا لە چین و کۆریا و مەکسیك و هتد بوونیان هەیە و لە ئەمڕۆدا تەواوی سەرچاوە سروشتییەکانی سبەینێ بە کاردەهێنن. بۆچی ئاوڕ لەمە نادەنەوە؟ بۆچی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رەتیدەکاتەوە درك بە دۆخێك بکات کە بۆ ملیۆنان خەڵکی ئاسایی روونە؟ لە راستیدا، لە میانەی ئەو کێبڕکێ شێتانەیەی لە بازاڕدا هەیە، سەرمایەدار بیر لە هیچ کام لەم بابەتانە ناکاتەوە، لە بەرئەوەی گشت رکابەرەکانی بە هەمان رێگە بیردەکەنەوە. ئەمە یەکێکە

لەو هێزە پاڵنەرانەی مارکس راڤەیکردووە، کە بێگومان کاریگەرییەکی وێرانکەری بە هێزی هەیە لەسەر تێکڕای جیهان. بێگومان ئەگەر بتوانن ئەمڕۆ قازانجە فراوانەکانی خۆیان بە دەستبهێنن، ئەوا کۆمپانیا گەورەکانی وەك (هالیبێرتن و بیتچیڵ) لە لایان گرنگ نییە کە لە ساڵی داهاتودا چی روودەدات، ئا ئەمەیە وشە نهێنییەکە.

پرسیارێك دوورتر لەوە خۆی دەردەخات؛ ئەم بەرهەمانە لەپێناو کێدا بەرهەمدەهێنرێن؟ لە کۆمەڵگەدا کە پێداویستییەکانی خەڵك پڕدەکرێتەوە و تێردەکرێن، ئەوا شتێکی سروشتییە کە بڕیاری ئەوەی چی بەرهەمبهێندرێت پەیوەستبێت بەو کەسانەوە کە پێویستییان بەو بەرهەمانەیە- کارگەکان خۆراك بۆ برسی و بێبەشەکان دروستبکەن، ئەمبوڵانس بۆ نەخۆشەکان دروستبکەن، هتد، بەڵام تەواو روونە کە سەرمایەداری پاڵنەر و پەیڕەوی دیکەی هەیە کە بە سەریاندا زاڵە، بەمجۆرە دەبینین کە ناتەواوی گەورە لە ئۆتۆمبێلەکان و ئامادەکردنی ئەمبوڵانسەکان، شانبەشانە لەگەڵ زیادەیەکی گەورە لە چەکدا، لە کاتێکدا ملیۆنان کەس لە جیهاندا لە ئەنجامی کەمیی خۆراکەوە برسیین، بڕی گەورەی لە خەیاڵ بەدەر خواردنی ناپێویست و نەخوازراو فڕێدەدرێت. لە بەرئەوەی کاڵا لە بازاڕدا دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت، هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان بەرهەمهێن و بەکاربەردا نییە، سەرەڕای ئەوەی کە بڕیاردان

و هەڵبژاردنی ئەوەی بەرهەمدەهێنرێت بە شێوەیەکی تایبەت و تەنها لە لایەن هەڵسوڕێنەرانی قازانجەوە دەستنیشاندەکەرێت. بەڵام هاوکات ئەم بازاڕە کێبڕکێییە؛ زیاتر لە کۆمپانیایەك -سەرەڕای بەرەبەرە کەمبوونەوەی ئەم فرە کۆمپانیاییەش- هەمان کاڵا بەرهەمدەهێنن، ئەو فاکتەرەی لە بازاڕدا پێشەنگیی دەداتە کۆمپانیایەك لە بەرامبەر کۆمپانیایەکی دیکەدا بریتییە لە تێچوونی کارپێدان [هەتاوەکو سەرمایەدار و خاوەن کار کەمترین کرێ بدات بە کرێکارەکانی، ئەوا زۆرترین قازانج و پێشەنگیی لە بازاڕدا بەدەست دەهێنێت] ئەمەیە هۆکاری پشت گواستنەوەی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانی بەرهەمهێنان لە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە - چونکە [لەم دوو ناوچەیە] ریکخستنە سەندیکاییەکان بە هێزن و مێژوویەکی درێژ لە خەبات زیادکردنی کرێی بەدیهێناوە - بۆ ئەو وڵاتانەی خاوەن ئاستێکی بژێویی نزم و کرێیەکی کەمن، بەرهەڵستیی کۆمەڵایەتی تیایاندا گەلێك لە دواوەیە.

لەبەرئەوەسەرمایەدارەکان،لەپێشبڕکێ وکێبڕکێ شێتانەکەیان بۆ دەستگرتن بەسەر کەرەستە و دەرامەتەکان و هێزی کاری مرۆڤ، سنورە نەتەوەییەکان دەبڕن و پێیدا تێدەپەڕن، دەکەونە ململانێوە لەسەر سەپاندنی هەژموون بەسەر دەستکەوتەکانیان لە کەرەستەی خاو. سروشتی باڵادەستی سەرمایەداری بناغەکەی بریتییە لە ململانێ و دژیەکیی.

پەراوێز:

1. سەرمایەدار پێیوایە کاتێک پارەکانی دەخاتە سەرمایەگوزارییەوە و ڕێگە دەدات کە کرێکاران لەسەر ئەو ئامێر و ئامڕازانەی بەرهەمهێنان کاربکەن کە خۆی کڕیونی، ئەوا ڕیسکێکی گەورە بە پارەکانییەوە دەکات.

# بەشی (8)
# قەیران و هەل

مارکس لە رابردووی دەڕوانی، بە دیاریکراوی لە ساڵی 1848، کە تێیدا قەیرانی سەرمایەداری پەرچەکرداری شۆڕشگێڕانەی بە دوای خۆیدا هێنا. سەرەڕای ئەوەی ئەنجامی کۆتایی وەك ئەوە نەبوو کە چاوەڕێی دەکرد، بەڵام زۆر بە روونی هێزی هەریەکە لە چینی کارکەر و زۆرداریی فەرمانڕەواکانی دەرخست. ئەوانە وانەی گرنگ بوون کە دەکرێت لە قەیرانەکانی داهاتوودا سودیان لێوەربگیرێت، ئەو قەیرانانەی کە وەك لێکۆڵینەوەکانی مارکس دەریانخستبوو ئەنجامێکی بێ چەندوچونی فەوزای سیستەمی سەرمایەداریین. هەربۆیە پێویستە لە جاری داهاتوودا بزوتنەوەی چینی پرۆلیتاریا لە ئامادەیی دابن.

ساڵی 1857، قەیرانی ئابوری گۆشە و کەنارەکانی سیستەمەکەی تەنییەوە. بابەتەکە بۆ مارکس جێگەی گاڵتەجاڕیی بوو؛ پێش ساڵێك یەنای هاوسەری میراتێکی بچوکی وەرگرتبوو، کە توانییان قەرزەکانی پێبدەنەوە و بگوازنەوە بۆ خانوییەکی دیکە. قەیرانی ئەمجارەش هیچ شەپۆلێکی تێکۆشانی نەهێنایە ئاراوە، لە کاتێکدا هەندێك جموجوڵ -بە تایبەت لە ئەوروپا، کە بزوتنەوەی چینی کرێکاران بە ژمارەی گەورە لە فەرەنسا و ئەڵمانیا لە گەشەکردندا بوون- فۆڕمی سیاسیی نوێیان هێنایە کایەوە

و ئەو بۆشاییە سیاسییەیان پڕکردەوە کە نەبوونی چینێکی پرۆلیتاریای ئۆرگانیزەکراوی زێدەڕادیکاڵ، ماوەی دەیەیەکە دروستیکردووە؛ بزوتنەوەی چاریتیزم. لە بەریتانیا و لەساڵی 1863دا، کرێکاران لە کۆبوونەوەی گەورەدا خڕبوونەوە بۆ پشتیوانیکردنی باکور لە جەنگی ناوخۆی ئەمەریکیدا- کە مانا و دەلالەتێکی گرنگیان هەبوو لای مارکس. رادیکاڵی ئیتاڵیی (گاریباڵدی) لە لایەن کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی لەندەنەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، سەرهەڵدانی یاخیبوون لە پۆڵەنداش پشتیوانییەکی گەورەی بە دەستهێنا، هەموو ئەم کۆبوونەوانە لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاکانی لەندەنەوە رێکدەخران کە بۆ چەند ساڵێك لەگەڵ مارکس و ئەنگڵسدا کاری دەکرد.

لە سێپتەمبەری 1864دا، هەمان ئەو گروپە لە رابەرانی کرێکاریی بانگهێشتنامەیان بڵاوکردەوە بۆ کۆبوونەوەیەکی نێونەتەوەیی (ئینتەرناسیۆنال) لە پێناو وەدەستهێنانی هاودەنگی لە دەرەوەی سنورە نەتەوەییەکان، هەروەها بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە سەرمایەداران ناتوانن یاری بە کرێکارانی نەتەوە جیاوازەکان بکەن دژ بە یەکتر. سەرەڕای ئەوەی مارکس ئەندامی دامەزرێنەر نەبوو لە "کۆمەڵەی کرێکارانی ئینتەرناسیۆناڵ"دا [مەبەست لە ئینتەرناسیۆنالی یەکەمە]، بەڵام بانگهێشتکرا بۆ بەشدارییکردن. یەك دوو ساڵ بوو بەشداریی هیچ چالاکییەکی نەکردبوو، بەڵام ئەمجارە هەلەکەی قۆستەوە، لە بەرئەوەی قەوارە نوێیەکە،

بە وتەی خۆی "کەسانی خاوەن قورسایی لە خۆگرتووە"، وەك ئاماژەیەك بۆ سەرکردە کرێکارییەکان- سەرەڕای ئەوەی گشت ئامادەبووانی کۆبونەوەکە لە چینی کرێکاران نەبوون، یان تەنانەت هەموویان پەیوەست نەبوون بە پرسی کرێکارانی ئینتەرناسیۆنال. پێویستبوو لەسەر مارکس زیاتر لە هەر کاتێکی دی پەلەبکات لە ئامادەکردنی ئەو ڕێسا و پرەنسیپانەی داوای لێکرابوو بیاننوسێت. تەنانەت ئەوانەش کە درکیان بە رۆڵی سەرەکی مارکس و ئەو رۆڵە کردبوو کە دەتوانێت بیگێڕێت، بە گومان بوون لە سۆسیالیزم یاخود بە هیچ جۆرێك باوەڕیان نەهێنابوو بە پێویستیی شۆڕش. بۆنموونە، سەرکردەی سەندیکا ئینگلیزەکان ئامانجەکەیان بریتیبوو لە مافی دەنگدانی گشتی. ئامادەبووە فەرەنسییەکان بە توندی کاریگەربوون بە دوژمنە کۆنەکەی مارکس: برۆدۆن، بەڵام ئیتاڵییەکان باوەڕیان بە ئایدیاکانی مازینی هەبوو: کۆماریی رادیکاڵیی.

بەڵام ئەوە بووە هەلێکی سیاسی ناوازە بۆ لاوازیی ئایدیا شۆڕشگێرییەکانی نێو سەرکردەکانی بزوتنەوەی کرێکاریی، سەرەڕای ئەوەی بزوتنەوەکە لەم قۆناغەدا هێشتا لە گەشەکردنێکی ساوایانە دابوو. لێکۆڵینەوەکانی مارکس لە دەمی نووسینی کتێبی "سەرمایە"دا، ئەو بیرۆکەیەی لا گەڵاڵە کردبوو کە گەشەسەندنی سەرمایەداریی ئەوروپی دەشبێتەهۆی گەشەکردنی چینی کرێکار لە رووی ژمارەییەوە، هەروەها دەبێتەهۆی قوڵکردنەوەی ململانێکانی نێوان سەرمایە و کرێکاران، بە جۆرێك کە دەربازبوون لێی مەحاڵە.

ئاگاداربوون و وەرگرتنی ئەزموونی خەباتی کرێکاران لە "وتارێك بۆ ئینتەرناسیۆنال"دا ئەوەی بۆ مارکس ئاشکراکرد کە لە راستیدا دۆخەکە لە بەرەوپێشچوونداپە هەتاوەکو پێش ساڵی 1848. لێکەوتەکانی ئەو شیکارییە باوەڕێکی تەواو و سێنتراڵی هێنایەئاراوە کە ئینتەرناسیۆنالیتیی بزوتنەوەی چینی کرێکاران، تەنانەت لەو قۆناغەشدا، کارێکی زۆر پێویست بوو بۆ خەبات لە پێناو سۆسیالیزم دا. مارکس لەو رێسایانەدا کە نووسینی ئەوە رووندەکاتەوە و هچ رێسایەکی نەگۆڕ و دۆگما نییە کە بەسەر کایە جیاوازەکاندا جێبەجێبکرێت، بەڵام بەهەمان رادە ئەوە روونبوو بۆ مارکس و ئەنگلس کە زەروریی بۆ ئاڕاستەیەکی سێنتراڵی یەکگرتوو لە بزوتنەوەکەدا، لە مشتومڕەکانی نێو ئینتەرناسیۆنالدا دەردەکەوێت. هەربەوجۆرەش پێشەکی لیستی رێسا نوێیەکان زۆرتر ئایدیا سێنتراڵییەکانی مارکسی دەرخست:

"رزگاریی چینی پرۆلیتاریا دەبێت لە لایەن خودی چینی پرۆلیتاریاوە بەدیبهێنرێت... خەبات لە پێناو رزگاربوونی چینە کارکەرەکان، بە مانای خەبات لە پێناو ئیمتیازاتی چینایەتی نایەت، بەڵکو لە پێناو ئەرك و مافی یەکسان و تەفروتوناکردنی سەرتاپای حکومی چینایەتییدا دێت".

وتارەکە جەختی لە وە دەکردەوە کە ئامانج بریتییە لە "گەیشتنی چینی پرۆلیتاریا بە دەسەڵاتی سیاسی"، ئەمە ئەو گوزارشتە بوو کە بەشداربووە جیاوازەکان بە شێوازی جیاواز لێیتێگەیشتن، ئەمەش دەرگای مشتومڕێکی درێژی کردەوە.

پاش ئەوە بە ساڵێك، كاتێك هەندێك لە نێردراوە فەرەنسییەكان ئەوەیان رەتدەكردەوە كە ماركس مافی ئامادەبوونی هەبێت، یەكێك لە نێردراوە سەندیكاییە ئینگلیزەكان ئەوەی وەبیرهێنانەوە كە "ماركس تەواوی ژیانی خۆی لە پێناو سەرخستنی چینی پرۆلیتاریادا بە خەرجداوە"، هەروەها یەكێكی دیكە داوایكرد "هەموو رێگەكانی كۆنفرانسەكانمان بە رووی ئەوانەدا دابخرێت كە وانەی ئابوری سیاسییان لە روانگەی چینی پرۆلیتاریاوە خوێندووە".

ماركس لە لایەن شوێنكەوتوانی برۆدۆنەوە وەك ئۆپۆزسیۆنێك لێیدەڕوانرا، كە زۆرینەیان كرێكار بوون، بەڵام لە پیشەسازییە گەورەكانی سەرمایەداریی مۆدێرندا نەبوون. ئەمانە سوكایەتییان بە پیشە هونەركارییەكان دەكرد، تاڕادەیەكی گەورە پەیوەست بوون بە ئایدیاكانی برۆدۆنەوە، كە بریتیبوو لە دامەزراندنی كۆمەڵگەی هاوبەش وەك ئەڵتەرناتیڤێك بەرامبەر بە سەرمایەداری. كە بێگومان ئەوە پێچەوانەبوو لەگەڵ پێداگرییەكانی ماركس لەسەر بونیادنانی رێكخراوێكی شۆڕشگێڕیی كرێكاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی چینی بۆرژوازیی و بونیادنانی سیستەمێكی نوێ بۆ كۆمەڵگە كە زۆرینە لێی سوودمەندێت و قازانج نەبێتە هێزی پاڵنەری پێكهێنانی كۆمەڵگە و رێكخستنی.

لە ئەڵمانیا، شەڕ هەڵگیرسا بەرامبەر پارتەكەی سەركردەی سۆسیالیستیی "لاسال" (كە پێشتر مردبوو)، لەو دەمەی دەركردنی رۆژنامەی "كرێكارانی سۆسیال دیموكرات"

بە سەرکردایەتی کارڵ لیبکنیخت[1]، کە دواتر سەرکردایەتی شۆڕشی ئەڵمانیای ساڵی 1919ی کرد، بە هەنگاوێکی گەورەی بەرەوپێشچون دادەنرێت بۆ پارتەکەی مارکس.

**پەراوێز:**

1. (1919-Karl Liebknecht 1871) سۆسیالیست و شۆڕشگێڕی ئەڵمانی، هاوشانی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ ڕابەرایەتی شۆڕشی ئەڵمانیای (١٩١٩)یان کرد، هاوکات دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیی بوون. هەر پێکیشەوە لە ١٥ی یەنایەری ١٩١٩دا کوژران. سەرەتای دەرکەوتنی لیبکنیخت دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی جەنگی جیهانی یەکەم و هاوشانی زۆرینەی کرێکاران و سۆسیالیستەکانی دیکەی ئەوروپا دژایەتی جەنگی جیهانی یەکەمیان دەکرد.

## بەشی (9)
## ئەو رۆژەی زەمان تێیدا وەستا: کۆمۆنەی پاریس

لە ساڵی 1871دا، بە شێوەیەکی وروووژێنەر مێژوو کۆی ئەم مشتومڕانەی لە خۆیدا بەرجەستەکرد، هەروەها مارکسیشی هاندا بۆ ئەوەی شیکارییەکی بە هێز و یەکگرتووی ئەم رووداوانە بکات. لە جولای 1870دا، لویس ناپلیۆنی حاکمی فەرەنسا جەنگی دژ بە پروسیا و بسمارك راگەیاند، کە رۆژبەڕۆژ دەسەڵاتی لە زیادبووندا بوو، بەڵام لە مانگی سیپتێمبەردا لویس ناپلیۆن بەدیلگیرا. لە پاریس کۆماری فەرەنسا حکومەتێکی بەرگریی نیشتیمانیی راگەیاند، حکومەتەکە ماوەیەکی درێژ بەرگەی نەگرت، ئەوەبوو کۆمەڵەی نیشتیمانی هەڵبژێردرا بە مەبەستی ئەنجامدانی دانوستانی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیادا. حکومەتەکەی "تییێر"ی کۆنزێرڤاتیڤ، کە لە شاری فرسای دامەزرابوو، کەوتە ژێردەستی پاسەوانی نیشتیمانییەوە (الحرس الوطني). کاتێکیش تییێر دەستگیرکراو پەشیمانبووەوە، بروسییەکان توانییان پاریسی پایتەخت داگیربکەن، ئیدی دانیشتوانی شارەکە دامەزراندنی کۆمۆنەیان راگەیاند.

مارکس سەری سوڕمابوو، لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا شێت و شەیدا بووبوو بە کۆمۆنە. رەتکردنەوە و رەخنەکانی کۆمۆنەی پاریس لە کۆماری لویس ناپلیۆنی دووەم بە

هەمان هێز و متمانەوە، ببووە مژدە و پیشبینیی شۆڕشێکی نوێ لە فەرەنسا، بەڵام راستییەکەی ئەو بارودۆخە، پاش چەند مانگێك لە گەمارۆ و خۆمەڵاسدانی بۆرژوازییەکان، لە بارترین بارودۆخ نەبوو بۆ راپەرینی کرێکاریی. مارکس لە وەش دەترسا کە کەنارگیریی کرێکارانی پاریسی ببێتە هۆی شکست ئەگەر دژ بە فرسای نەجوڵێن.

لە شیکارە ئیلهامبەخشەکەیدا بۆ کۆمۆنە، ئەوەی مارکس دەیبینێت بریتییە لە وێنەیەکی روونی دەسەڵاتی کرێکاران، ئەو ئاستەنگانەی رووبەڕوی دەبنەوە، ئەو سنورانەی دەبێت تێیپەڕێنن، لەگەڵ دەرخستنی ئەو داهێنان و لێهاتووییەی دەکرێت لە بونیادنانی سیستەمێکی نوێ و جیاوازدا پیشانی بدەن. ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە ئایاری 1871دا سەردەمێکی نوێ لە پاریس دەستپێدەکات.

کەواتە چی تازە لە کۆمۆنەدا هەبوو؟ مارکس لە کتێبی "جەنگی ناوخۆیی فەرەنسا"دا وەڵامدەداتەوە، کە لەو کتێبەدا شیکاری ئەو دۆخە دەکات کە لە پاریس گوزەراوە، ئەم وەڵامەش بۆ نەوەی خۆی و نەوەکانی داهاتوش بوو. "کۆمۆنە وەك بناغەیەکی حکومەتی چینی پرۆلیتاریا وەها بوو... فۆڕمێکی سیاسیی بوو کە دواجار دۆزرایەوە، کە لە سایەیدا ئازادبوونی ئابورییانەی کار بەدیدێت". لە وەش گرنگتر ئەوەیە کە کۆمۆنە ئامڕازەکانی هەژموونی بۆرژوازیی لە ناوبرد، سوپای نیزامی گۆڕدرا بە میلیشای میللی (خەڵکی

میلیتاریزەکراو)، جێگە بە دیموکراسیی بۆرژوازیی چۆڵکرا و لە جێگەکەی دیموکراسیەتی راستەوخۆ هاتەئاراوە، کە تێیدا نێردراو و ئەندامی ئەنجومەن و پەرلەمانتارەکان لە هیچ ئیمتیازێك بەهرەمەند نابن لە بەرامبەر رۆڵە سیاسییەکەیاندا، بەڵکو لە هەرکاتێکدا دەتوانرێت بانگبکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. ئەوە دەوڵەتێکی نوێ بوو، بەڵام دەوڵەتە کۆنەکە هێشتا ماوە، وەك لینین دەنووسێت: تەنانەت لە دوا ساتەکانیشیدا خەریکی "داپڵۆسینێکی توندی زۆرینە بوو". لە پاریس ئەم دەوڵەتە گۆڕدرا بە جۆرێکی نوێی حکوم، کە دابڕاو نەبوو لەم زۆرینەیە و باڵاتر نەبوو لە زۆرینەی جەماوەریی، بەڵکو لە هەموو شتێکدا شەفاف بوو. ئەمەیە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، کە ماوەیەکی زۆر پێش کۆمۆنە مارکس وێنای کردبوو.

بەڵام لە دوو مانگی ژیانی کۆمۆنەدا، کاتی پێویست لەبەردەم کۆمێنتارەکاندا نەبوو بۆ بە گەڕخستنی سیستەمە نوێیەکە، یاخود کاتی پێویست بۆ چەسپاندنی ئازادبوونی ژنان و لە ناوبردنی چەوساندنەوە و بونیادنانی پەیکەرەی کۆمۆنە لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا. وەك مارکس وەسفیکردبوو کە "بوونی کۆمۆنە، خۆی لە خۆیدا دەستکەوتی هەرە گەورەی کۆمۆنە بوو". مارکس لە میانەی کۆمۆنەوە بەو ئەنجامە گەیشت، کە پێدەچێت یەکێك لە هەرە ئەنجامگیرییە بەرفراوان و دوورمەوداکانی بێت:

"چینی پرۆلیتاریا بە ئاسانی ناتوانێت دەستبەسەر دامودەزگای دەوڵەتی باڵادەستدا بگرێت و بۆ بەدیهێنانی مەبەستە تایبەتییەکانی خۆی بە کاریبهێنێت".

لە بنەڕەتدا دەوڵەتی بۆرژوازیی لە پێناو بەرگریکردن لە فەرمانڕەوایی چینی سەرمایەداردا دروستبووە، بەڵام بونیادنانی کۆمەڵگەیەك لەسەر بنەمای دووبارە دابەشکردنەوەی سامانی کۆمەڵایەتی، بەدیهێنای یەکسانی و دانانی سنورێك بۆ چەوساندنەوە، بێگومان پێویستی بە دامودەزگای تایبەت هەیە لە فەرمانڕەوایەتیدا؛ دەوڵەتی کرێکاریی. لە پاریس، لەو دوو مانگەدا مێژوو فلاشێکی پیشانداین کە کۆمەڵگە دەبێت چۆن بێت، چۆن دامودەزگا دیموکراتییەکانی کرێکاران بونیاد دەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پیشانیداین نەبوونی روئیا بۆ جیهانێکی جێگرەوە لە ساتەکانی رابوونی شۆڕشگێڕیدا، چ دەرئەنجامێکی کارەساتئامێزی لێدەکەوێتەوە[1].

لە جڤاتی کۆمۆنەدا، 17 ئەندامی ئینتەرناسیۆنال هەبوون. جفاتەکە شەبەنگێکی فراوانی بۆچوونەکانی لە خۆدەگرت، بەڵام جگە لە بەرگری لە کۆمۆنە و رەتکردنەوەی کۆماری کۆنەخواز، نارِوونییەك هەبوو سەبارەت بە کاروبارەکان. لایەنگرانی برۆدۆن دابەشبووبوون- تەنانەت هەندێکیان بە هۆی بەرگەنەگرتنیان لە رووداوەکاندا رۆیشتن بۆ فرسای. ئەوانی دیکە لە شوێنکەوتوانی بلانکی و باکۆنین بوون، کە

ئەنارشیستێکی روسیی بوو، بەربەرەکانێی مارکسی دەکرد لە میراتی کۆمۆنەدا و بووە هۆکاری لە ناوچوون و پوکانەوەی ئینتەرناسیۆنالی یەك. باکۆنین پیلانگێڕێکی چالاك و پڕ حەماس بوو، دوژمنێکی سەرسەختی دەوڵەت[2] بوو، بەڵام هاوڕێی چینی کرێکاران نەبوو. بێگومان باکۆنین مشتومڕی لەسەرئەوە دەکرد کە پێویستناکات چینی کرێکار خۆی رێکبخات و دەبێت وەك دوژمنێکی دامودەزگای حکومی بمێنێتەوە، چونکە لە روانگەی ئەوەوە ئەم رەتکردنەوەیەی دەسەڵات خۆی جۆرێکە لە جۆرەکانی دەسەڵاتگەرایی. لە بری ئەوە - کە گەلێك گاڵتەجاڕانەیە - شانەی پیلانگێڕی نهێنی بە دەستەوەبگرن و هێرش بکەنە سەر دەوڵەت - بە خۆگێلکردنێکی تەواوەوە لە وەی کە ئەو شانانە کێ نوێنەرایەتییان دەکات.

ئەوەی لێرەدا گرنگە باکۆنین بەرەنگاری سێنترالیترین پرەنسیپی مارکس دەبۆوە- رزگاربوونی چینی پرۆلیتاریا، دەبێت لە لایەن خودی چینی پرۆلیتاریاوە بەدیبهێنرێت. لە کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆنالدا لە ساڵی 1872، باکۆنین هێرشیکردەسەر بیرۆکەی بونیادنانی رێکخراوێکی سێنتراڵیی بەدیسپلین، مارکس و ئەنگلس بە زۆرترین گوزارشتی جەختکەرەوە وەڵامی ئەوەیان دایەوە کە ئینتەرناسیۆنال "ئامرازێکی یەکلاکەرەوەی شۆڕشە، یانەیەك نییە بۆ دەمەتەقێ... ریکخراوێکە بۆ تێکۆشان، نەوەك بۆ تیۆرییەکان".

مارکس له مارسی 1883دا مرد. وەك نابەرامبەرییەکیش، ساڵانی دوایی ژیانی لەو فشارە داراییە رزگاریبوو کە ژیانی خۆی و یەنا و منداڵەکانیانی کردبوو بە دۆزەخ. سەرەڕای ئارامییەکی رێژەیی کە لە پیریدا پێیگەیشت، بەڵام هیچ شتێك نەیتوانی قەرەبووی دابڕان لە منداڵەکانی و مردنی هاوسەرەکەی دوو ساڵ پێش خۆی بۆ بکاتەوە. بێگومان ئەنگڵس بە تەنیشت مارکسەوە بوو لەسەر پێخەفی مردن، رێك وەك پێکەوەبوون و هاوڕێیەتیی کردنی لە گشت هەنگاوەکانی رێگە شۆڕشگێڕییەکەیان هەر لە یەکەم دیداریانەوە. لە ماوەی ئەو 12 ساڵەی ئەنگڵس دوای مارکس لە ژیاندا بوو، ئەو ژیانەی لە بڵاوکردنەوەی کارەکانی هاوڕێ و هاوکارەکەیدا بەخەرجدا. بەوپەڕی رێز و خۆنەویستیشەوە لە دەمی مردنی مارکسدا رایگەیاند کە "مەزنترین بیرمەند لە بیرکردنەوە وەستا".

دابەشبوونە ناوخۆییەکانی نێوان باکۆنین و مارکس بەو مانایە بوو کە ئەم رێکخراوە ئینتەرناسیۆنالە ناتوانرێت هیچ ئامانجیکی لێوە بەدیبهێنرێت، ئەوەبوو لەساڵی 1876دا هەرەسی هێنا.

کۆمۆنە ئازایەتی و داهێنانی چینی پرۆلیتاریای دەرخست، وەك چۆن وێنەیەکی لە سیستەمێکی سۆسیالیستیی نوێ پێشکەشکرد، بەوپەڕی روونییەوە

لەناوبردنی دەوڵەتی بۆرژوازیی لە پێناو بونیادنانی سیستەمێکی نوێدا بە پێویست دەزانی. لە دەمی هەرەسهێنانیدا، و ئەو تۆڵە بە سامەی دواتر رووبەڕوی کرایەوە، ئەو قەسابخانانەی لەلایەن چینی فەرمانڕەوای تۆقیوەوە سەرپێخرابوون ، بەهەمانشێوە دیمەنێکی سەبارەت بە داهاتوو پیشاندەدا، دەرخەری پێویستییەکی گەورەبوو بۆ ئینتەرناسیۆنال. کۆمۆنە کەوت، بەڵام مارکس وەك ئاماژەی پێداوە کە هۆکارەکەی ئەوەبوو "[کۆمۆنە] لە گشت ناوەندەکان دەرنەکەوت، لە بەرلین و مەدرید و هتد، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی کە لەگەڵ راپەڕینی توندی پرۆلیتاریای پاریسیدا رێبکات و وەڵامدەرەوەی بێت". کاری بەردەممان لە داهاتوودا، کە دەبێت لە کۆمۆنەوە فێرببین، بریتییە لە دووبارەنەکردنەوەی ئەو هەڵانە.

**پەراوێز:**

1. وەک لە سەرەوە و لە زاری مارکسەوە باسکرا و مێژووش دەیسەلمێنێت کە لەدایکبوونی کۆمۆنەی پاریس لە باشترین هەلومەرجدا نەبوو، هەربۆیە ئەو دەرئەنجامە کارەساتئامێزە بریتییە لە شکست و لەناوچوونی کۆمۆنەی پاریس.

2. دەوڵەت بە مانا گشتییەکەی نەک بە تەنها دەوڵەتی کرێکاریی، یاخود دەوڵەتی بۆرژوازیی باڵادەست، چونکە ڕێبازی ئەنارشیستەکان لەو بارەیەوە ڕوونە.

# بەشی (10)
# مارکس لە مرۆدا

هەمیشە کەسانێك هەن دەڵێن "مارکس هیچی پێنییە تا لە سەدەی 21دا پێشکەشمان بکات". کەسانێك هەن لە هەموو قۆناغێکدا مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئەم ئایدیایانە کاتی خۆیان هەبوو، ئەو کاتەشیان بەسەرچوو.

بەڵام تێگەیشتن لە هێزی یاساکان و ئەو فاکتەرانەی چۆنیەتی کارکردنی سەرمایەداری پیشاندەدەن، جار لە دوای جار پاڵمان پێوەدەنێت بۆ گەڕانەوە بەرەو مارکس. ئەو هەناوە تینوانەی دانامرکێنەوە لە پێناو بە دەستهێنانی زیادەبەها، هەتاوەکو ئێستا لەسەرو هەموو پرەنسیپەکانی دیکەوەن، جیهانی ئەمرۆ بە کۆنترۆڵی رەهای سەرمایە فۆڕمی گرتووە، بە مانایەکی تر شێواوە. راستە کە پرۆسەکان هەموو گۆڕاون، بۆرژوازیی فۆڕمگەلی جیاوازی وەرگرتووە و بەڕێگەی جیاوازتر دەژیت، ژمارەیەکی زۆری کرێکاران یەخەی سپی و جلوبەرگی فەرمییان پۆشیوە لەبری جلوبەرگی کرێکار، بەڵام پەیوەندی نێوان ئەوانەی خاوەنی دەرامەت و سامانی کۆمەڵگەن و کۆنترۆڵیانکردووە و بەڕێوەیدەبەن، لەگەڵ ئەوانەی لەسەر ئەو کرێیە دەژین کە لە بەرامبەر بەرهەمهێنانی ساماندا وەریدەگرن، هێشتا ماوە و بەردەوامە رێك وەك ئەوەی مارکس وەسفی کردووە. گۆڕانکارییە تیژڕەوەکانی جیهانی ئەمڕۆ، کە تەنانەت گەیشتۆتە کەناری

وێرانکردن، لە چوارچێوەی قەتیسبوونی گەرمادا دەیبینین، یاخود دەریاچە ژەهراویی بووەکان، یاخود ئەو بەبیابانبوونەی جیهانی خواردووە.

بەڵام گرنگیدانی مارکس بە تێگەیشتن لە سەرمایەداری و ئەو تاڵانییەی ئەنجامیدەدا، تەنها لە پێناو رەخنەگرتنێکی ئەخلاقییانەدا نەبوو لەو سیستەمە، بەڵکو لە پێناو ئامادەکاریی بوو بۆ ئازادبوونی چینی کرێکاران. وەك چۆن سەرمایەداری رێگە لە بەردەم بەرفراوانبوون و درێژبوونەوەی خۆیدا دەکاتەوە، پێویستە لەسەر بزوتنەوەی چینی کرێکارانیش بە شێوەیەکی ئینتەرناسیۆنالانە رێبکات، بە هێزە ریکخراوەکەی رۆژێك لە رۆژان پەیکەرەی دەسەڵات تێکبشکێنێت و کۆتایی بە خودی ئەو دەوڵەتە بهێنێت، بەڵام ئەمە ئۆتۆماتیکی روونادات، بەڵکو بە هۆی تێکۆشانی کرێکارییەوە. لە میانەی ئەم تێکۆشانەدا، جیهان هەر بە تەنها کۆتایی بە سەرمایەداری ناهێنێت، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی نوێ دێنێتە ئاراوە کە تێیدا دەرامەتاکانی مرۆڤ زامنی ئازادبوونی خودی مرۆڤ بن.

لە مرۆدا لە هەموو کات زیاتر جەختکردنەوە لەم کارە پێویستە.

# کتێبی دووەم

## وتەیەك

لیۆن ترۆتسکی لە هەرە سەرکردە بەرجەستەکانی سەدەی بیستەم بوو لە مەیدانی تیۆری و پڕاکتیکدا. هاوکات گوتاربێژێکی درەوشاوە و بیرمەندێکی مارکسیست بوو. ترۆتسکی سەرکردە و ڕێکخەری بنچینەیی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 ، هەروەها ئەندازیاری پێکهێنان و سەرکەوتنەکانی سووپای سوور لە جەنگی ناوخۆیی دا.

ترۆتسکی زۆر بە توندی دژایەتی ستالینی دەکرد " بە گۆرهەڵکەنی شۆڕش"ی ناوزەرد کرد. هەربۆیە ترۆتسکی لە روسیا دوورخرایەوە. لە پاش ئەوەی بۆ چەندین وڵات دەربەدەر کرا، لە کۆتاییشدا لە وڵاتی مەکسیك لە ساڵی 1940 لە لایەن دەزگا سیخوڕییەکانی ستالینەوە تیرۆر کرا.

ئایدیا و بیرۆکەکانی ترۆتسکی تاوەکو ئەمرۆش گرنگی خۆی هەیە. خاوەنی تیۆریی "شۆرشی بەردەوام"ە، کە تیۆرییەکی درەوشاوەیە بۆ رەوتی شۆڕشگێرانەی ئەو وڵاتانەی بە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو ناسراون، ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە پێی دەڵێین وڵاتانی جیهانی سێیەم. نووسینەکانی لەسەر ستراتیژی شۆڕشگێریی لە سەرووی هەمووشیانەوە نووسراوی "بەرەی یەکگرتوو" تاوەکو ئێستاش گرنگی خۆی هەیە.

ئەم نامیلکەیە لە بیرۆکە و ژیان و تێکۆشانی ترۆتسکی دەڕوانێت، کە نەخشە ڕێگەیەکە بۆ سەدەی بیست و یەکەم.

## بەشی (1)
## ترۆتسکی لە سەدەی بیستویەکدا

"هەتاوەکو هەناسە بدەم، تێدەکۆشم لە پێناو داهاتوودا". ئەم دروشمە، کە لیۆن ترۆتسکی لە تەمەنی بیستویەك ساڵیدا نووسیویەتی، لە سەروبەندی نەفیکردنی یەکەمیدا بۆ سیبریا، بووە رێبەری خەباتی ئەو لەنێو رووداوە گەورەکانی سەدەی بیستەمدا.

ترۆتسکی بە درێژایی ژیانی، بەشدارێکی دیاری کردە خەباتگێڕیەکان بووە، کە گەلێك کەس شایەتی بۆ رۆڵە کاریگەرەکەی دەدەن. ئەو یەکێك بوو لە رێکخەرە بنەڕەتییەکانی راپەڕینی چەکداریی روسیا لە ئۆکتۆبەری1917دا. پاش سەرکەوتنی شۆڕش ترۆتسکی رابەرایەتی سوپای سوری کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی زیاتر لە 12 سوپای داگیرکاری ئەوروپی. تەنانەت لە ماوە تاریکەکانی سەدەی بیستیشدا، ترۆتسکی لە تێکۆشانێکی گەورەدا بوو، بە توندی دژی قەسابخەنەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بوو، هەروەك چۆن بەرهەڵستییەکی توند و کۆڵنەدەرانەی کرد دژ بە هاتنەسەر دەسەڵاتی هیتلەر لە ئەڵمانیا.

ئامانجی گشت ئایدیاکانی ترۆتسکی بریتیبوو لە گۆڕینی ئەو جیهانەی تێیدا دەژیا. سەرەڕای جیاوازیی جیهانی ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو کاتەی ترۆتسکی تێیدا ژیاوە و گەشەی بە ئایدیاکانی داوە، بەڵام ئایدیاکانی ترۆتسکی هەتاوەکو

ئێستاش دەشێ ببنە ڕێبەرێکی کردارەکی بۆ خەبات لە مرۆدا دژ بە جەنگ و نیۆلیبڕالیزم، چونکە ترۆتسکی باسی کێشە گرنگەکانی کردووە و وەڵامی پڕبەپێستی پرسە زیندووەکانی ئەمڕۆی پێیە، بۆ نموونە: چۆن رووبەڕوی سەرمایەداری ببینەوە لەو وڵاتانەی چینی کارکەر زۆرینەی دانیشتوان پێکناهێنێت؟ پەیوەنی نێوان خەبات لە پێناو ریفۆرمی سیاسی و خەبات لە پێناو یەکسانی و دادپەروەری ئابوریدا چییە؟ "ئینتەرناسیۆنال" چی مانایەکی هەیە بۆ خەباتی ئەمڕۆ؟ شۆڕشگێرەکان چۆن دەتوانن لە نێو بزوتنەوە و خەباتە جۆراوجۆرەکاندا هێز و دەسەڵاتی ئایدیاکانیان فراوانبکەن؟

سەرەڕای ئەوەی زۆرێك لە وانەی ئەمڕۆ دەخوازن کۆتایی بە سەرمایەداری بهێنن، پێیانوایە سۆسیالیزم بە شێوەیەکی توند پەیوەستە بە ئەزمونی ترسێنەری ستالینەوە لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا، بەڵام ترۆتسکی لە پێشەنگی ئەو سۆسیالیستانە بوو کە بەوپەڕی توانایەوە دژی هاتنەسەر دەسەڵاتی ستالین بوو، یەکەم کەسیش بوو هەستا بە پەرەپێدانی رەخنەی مارکسیستی دژ بە دیاردەی ستالینیزم. خەباتی ترۆتسکی دژی ستالین، کە ژیانی خۆی لە پێناودا دانا، سەلماندی کە میراتێکی تەواو جیاوازی سۆسیالیزم هەیە... میراتێك لەسەر هێز و خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕ لە جیهاندا راوەستاوە.

## بەشی (2)
## چۆن ترۆتسکی بووە شۆڕشگێڕ؟

لیڤ داڤیدۆڤیچ برۆنستین Lev Davidovich Bronstein (ناوی راستەقینەی ترۆتسکی) لە ساڵی 1879 لە گوندێکی بچوکی ئۆکرانی، لە دایك و باوکێکی جوتیاری بە ڕەچەڵەك جولەکە لەدایکبوو. پاش هەڵهاتنی لە یەکەم نەفیکردنی بۆ سیبریا، ناوی (ترۆتسکی) هەڵگرت.

پێش لە دایکبوونی ترۆتسکی بە بیست ساڵ، سیستەمی کۆیلەداریی زەوی (serfdom) هەڵوەشابۆوە، بەڵام روسیا کەوتبووە ژێر چنگی دەسەڵاتی رەها و سەرکوتکەری قەیسەر و کڵێسای ئەرتەدۆکسی. سەرەڕای پشتبەستنی گەورەی روسیا بە کشتوکاڵ، لەگەڵ ئەوەشدا لەو دەمەدا پیشەسازی بە خێرایی لە شارەکاندا گەشەی دەکرد.

پێش بە دەسەڵاتگەیشتنی نازیزم لە سەردەستی هیتلەر لە ئەڵمانیا، روسیای قەیسەری دڕندەترین دەوڵەت بوو لە دژایەتیکردنی جولەکەدا، دەوڵەتی روسیای ئەوکات گەورەترین قەسابخانەی بۆ جولەکەکان خوڵقاند. هەروەها جولەکە روسییەکان بێبەشبوون لە خاوەندارێتیی زەوی لە زۆرینەی ناوچەکانی روسیادا، هەر ئەمەش هۆکاربوو بۆ نیشتەجێبوونی خێزانەکەی ترۆتسکی لە ئۆکرانیا.

لەو سەردەمەدا، بزوتنەوەی نارۆدینەکان [Narodniks بە واتای (هاوڕێیانی گەل)] بەرهەڵستکاری دەوڵەتی قەیسەریی

داپڵۆسێنەر بوو، بناغەی بزوتنەوەکە پشتی بە خەباتی جوتیارە گوندییەکان بەستبوو، بەڵام کاتێك هەوڵە بەردەوامەکانی نارۆدییەکان لە هاندانی جوتیاران بەرەو تێکۆشان رووی لە شکست بوو، بزوتنەوەکە پەنای بردەبەر ئامڕازی بەرهەڵستیی توندوتیژ و پیلانگێڕی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی قەیسەری. لەساڵی 1881دا نارۆدییەکان هەوڵی تیرۆرکردنی قەیسەریاندا، بەو هیوایەی تیرۆرکردنەکە ببێتە بڵێسەیەك بۆ هەڵگیرسانی شەپۆلێکی خەبات لە نێوەندی جوتیاراندا، بەڵام بە پێچەوانەوە، کردەوەکە جگە لە سەرکوتکاریی و داپڵۆسینی زیاتر لە لایەن دەوڵەتەوە، هیچی دیکەی لێ سەوز نەبوو.

بەڵام سەرەڕای ئەو داپڵۆسینە پڕ لە زەبروزەنگە، ماوەی نێوان 1895-96 شەپۆلێکی ناڕەزایەتیی بێپێشینەی بە خۆوەبینی. لە ساڵی 1896دا، سەدان خوێندکار سوێندی ئینتمایان بۆ قەیسەری نوێ رەتکردەوە، هەروەها نزیکەی 30هەزار کرێکار دەستیانکرد بە مانگرتن لە نێو دڵی سانپترسبۆرگی پایتەختدا. ئەو مانگرتنە یەکەم مانگرتنی لەو چەشنە بوو لە رووی بێشوماریی ژمارەی بەشداربوانەوە، ئیدی ئەمە بووە لە دایکبوونی هێزێکی کۆمەڵایەتیی نوێ بۆ رووبەڕوبوونەوەی قەیسەر؛ چینی کرێکارانی شارنشین.

لە هەمان ساڵدا، ترۆتسکیی تەمەن 17 ساڵ، پەیوەندیکرد بە بازنەیەکی شۆڕشگێڕییەوە کە لەلایەن (فرانز شیفگۆفسکی)ەوە دامەزرابوو، بێگومان باوکی ترۆتسکی گەلێك دووداڵ بوو، بەڵام هیچ شتێکیشی لە مێشکدا نەبوو تا ترۆتسکی پێ پەشیمان بکاتەوە.

دوای ئەوە ئیدی ترۆتسکی بووە نارۆدیك، هەر لەو بازنە شۆڕشگێڕییەدا ژنی یەکەمی ناسی (ئەلیکساندرا سکۆلۆفسکایا)، کە کچێکی مارکسیست بوو. پاش چەند مانگێك ترۆتسکیش بوو بە مارکسیست.

ئایدیای سەرەکی مارکسیزم بریتییە لە وەی گەشەکردنی سەرمایەداری، چینێکی کارکەر دروستدەکات کە دەتوانێت ببێتە خاوەنی هێزێك بۆ کۆتایهێنان بە سیستمی سەرمایەداری و پاشان بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی شۆڕشگێڕیی نوێ لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی، هەربۆیە مارکس بە کرێکارانی دەگوت: گۆڕهەڵکەنانی سەرمایەداری. هەروەها مارکس مشتومڕی لەسەر ئەوە دەکرد کە رزگاربوونی چەوساوەکان لەلایەن چینێك یان تاقمێکی دیکەوە بەدینایەت، بەڵکو رزگاربوونی چینی کارکەر لەلایەن خودی چینی کارکەرەوە بەدیدێت... ئیدی ئەمە بووە ئەو پڕەنسیپەی کە لیۆن ترۆتسکی بە درێژایی ژیانی پێوەی پەیوەست بوو.

کۆمەڵەکەی ترۆتسکی دەستیکرد بە چالاکی لە نێو ریزی کرێکارانی کارگەکان، ئەو کۆمەڵەیە هەڵدەستان بە دابەشکردنی ئەدەبیات و بڵاوکراوە شۆڕشگێڕییەکان و ناونووسکردنی کرێکاران لە کۆمەڵەکە دا، هەرزوو ئەندامێتیی گروپەکە گەیشتە 200 ئەندام. بۆیە دەستبەجێش پۆلیسی نهێنیش کەوتە وێزەی ئەو گروپە گەشە کردووە، ئەوەبوو ساڵی 1898ترۆتسکی و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێکانی دەستگیرکران.

ترۆتسکی دوو ساڵی لە زینداندا بەسەربرد، گەلێك کتێبی خوێندەوە، کە هەندێکیان پیکهاتبوون لە بەرهەمەکانی شۆڕشگێڕی روسی ڤلادیمێر لینین. هەر لە ماوەی زیندانییەکەیدا ترۆتسکی لەگەڵ ئەلێکساندرا هاوسەرگیریی کرد و پاشان هەردووکیان بە نەفیکراوی رەوانەی سیبریاکران، لە وێ ترۆتسکی دەستیکرد بە نووسینی چەندین وتاری سیاسیی و ئەدەبی. سەرەڕای ئەو نائومێدییە چڕەی لە دەمی زیندانیکردنەکەیدا رووی لە ترۆتسکی کردبوو، بەڵام توانی لەو ماوەیەدا ببێتە شۆڕشگێڕێکی مولتەزیم و مارکسیستێکی جەسوور.

## بەشی (3)
## چی جۆرە پارتێك؟

ترۆتسکی بە هۆی لۆرییەکی پڕ لە (کا)وە سەرکەوتووبوو لە هەڵهاتن لە مەنفای سیبریا. بە هاوکاری هەندێك لە هاوڕێیانی ئەوروپا توانی بگاتە لەندەن و لە وێ لە نزیك لینین و ژمارەیەکی دیکەی شۆڕشگێڕە دیارەکانی روس نیشتەجێببێت، کە کاریاندەکرد بۆ ئامادەکردنی رۆژنامەی ئیسکارا [Iskara واتە (تروسکە)]. ترۆتسکی بە نووسین بۆ رۆژنامەکە بەشداربوو لەگەڵیاندا، کە ئامانجی بنەڕەتیی بریتیبوو لە گەیشتنی رۆژنامەکە بە هەڵسوڕاوانی ناوخۆی روسیا.

دەستەی نووسەرانی ئیسکارا بەشێکبوون لە پارتی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی روسیا (RSDLP)، کە ساڵی 1898 لە کۆبوونەوەیەکدا و بە ئامادەبوونی تەنها نۆ ئەندام دامەزرێندرا، بەڵام ساڵی 1902 پارتەکە بە شێوەیەکی جێگیر کەوتە گەشەکردنەوە، هەم لە رووی قەبارەوە، هەم لە رووی کاریگەریی سیاسی نێو جەماوەر.

بەڵام دوای ساڵێك و لە کۆنگرەکەیدا، ئەم پارتە بوو بە دوو لە تەوە. زۆرێك لە ئەندامانی کۆنگرەکە سەرسوڕمانی خۆیان دەربڕی لە وەی پارتەکە لە هەندێك لە پێکهاتە ئۆرگانییەکانی جیادەبێتەوە کە لەو کاتەدا وەك شتێکی بێبایەخ تەماشایان دەکرد. لەو جیابوونەوەیەدا لینین سەرکردایەتی باڵێکی

کرد بە ناوی (بەلشەفیك Bolshevik)، بەڵام ترۆتسکی لایەنگری روانگەیەکی دیکەی کرد کە لە باڵی (مەنشەفیك Menshevik)دا خۆی دەبینییەوە.

ناکۆکی رێکخستنە ناوخۆییەکانی پارتەکە خۆی لە سروشتی ئەندامێتیی پارتەکەدا دەبینییەوە، ئەو خاڵەی کە زۆرترین بیروبۆچوونی ناکۆکی لێکەوتەوە پەیوەست بوو بە سروشت و رۆڵی خودی پارتەکە. لینین جەختیدەکردەوە لەسەر پێویستیی دروستکردنی رێکخراوێکی شۆڕشگێڕیی لە شۆڕشگێران بە سێنتراڵیزم و دیسپلینێکی بە هێزەوە، بەڵام ترۆتسکی پێیوابوو کە ئەو نموونەیەی لینین بانگەشەی بۆدەکات سەردەکێشێت بۆ دیاردەی "جێگۆڕکێگەرایی substitutionalism"، بەوپێیەی چالاکیی سوبێکتیڤی چینی کارکەر دەگۆڕدرێت بۆ پارتێکی سێنتراڵیتی، کە دواتر ئەو پارتەش دەگۆڕدرێت بۆ رابەرانی خودی پارتەکە. لە بەرامبەردا ترۆتسکی پشتگیریی لە نموونەی پارتێکی جەماوەریی بەرفراوان دەکرد هاوشێوەی پارتە سۆسیالیستیەکانی خۆرئاوای ئەوروپا، بە تایبەت پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا (SPD).

تێڕوانینەکەی لینین بۆ حیزب لەوەدەمەدا لە فۆرمولە و گەشەپێداندا بوو، هەروەها لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا بوو، نەشونماکردنی ئەم تێڕوانینەش لە ژێر ئەو کاریگەرییەدا گەشەی کرد کە شۆڕشگێڕەکان ناچاربوون لە بارودۆخێکی تەواو نهێنی و لە چوارچێوەیەکی ناشەرعیدا کاربکەن،

بۆئەوەی خۆیان دەربازبکەن لە هێرشەکانی پۆلیسی قەیسەری. بە شێوەیەکی گشتی، لینین تێڕوانینی خۆی لەسەر ئەو واقیعە بونیادنابوو کە کرێکاران هۆشیارییەکی هاوتایان نییە، بەڵکو سادە و پارادۆکسیکەڵن، هەندێك کرێکار خاوەن ئایدیای شۆڕشگێڕیین، هەندێکی دی ئایدیای کۆنەپارێزیی، زۆرینەشیان تێکەڵەیەکیان لەو نێوەندەدا هەیە. هەربۆیە پێویستە لەسەر حیزب کە شۆڕشگێڕەکان لە چوارچێوەی ئەندامێتیی خۆیدا کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی ئەندامان لە ناوخۆیاندا بە یەکدی کاریگەربن.

گروپەکەی لینین دەنگی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەکەی بە دەستهێنا، هەربۆیە پێیان وترا (بەلشەفیك)، واتە زۆرینە. سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتادا ترۆتسکی لایەنی (مەنشەفیك) ەکانی گرت -کە بە واتای کەمینە دێت-، بەڵام دوای تەنها ساڵێك لێیان دورکەوتەوە، ئیدی زیاتر لە دە ساڵی داهاتووی بۆ یەکخستنەوەی ئەو دوو گروپە تەرخانکرد.

زۆرێك پێیانوابوو ئەو یەکگرتنەوەیە بە کاتێکی کەم ئەنجامدەدرێت، جیابوونەوە فەرمییەکە هەتا ساڵی 1912 روویندەدا، بەڵام هەردوو لایەنەکە هەتاوەکو شۆڕشی 1917 بێ دووبەرەکی پێکەوە کاریان دەکرد. هەموو ئەو ناکۆکیانەی حیزبی بەرەو دوولەتبوون برد، لە ساڵی 1903دا، هیچ گرنگی و ناوەڕۆکێکی ئەوتۆیان نەبوو. لە راستیدا دۆخەکە ساڵانێکی زۆری خایاند لە شۆڕش و دژەشۆڕش و جەنگ لە نێوان ساڵانی

1903-1917دا هەتاوەکو ئەو ناکۆکیانە بە شێوەیەکی تەواو ڕۆشنبنەوە و لە چاوی هەمواندا ببینرێن.

بە درێژایی ئەو ساڵانە، ترۆتسکی وتاربێژێکی درەوشاوە و نووسەرێکی کاریگەر و بیرمەندێکی شۆڕشگێڕی خاوەن نفوز بوو، بەڵام لە ساڵی 1917دا خاوەنی هیچ ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕیی خاوەن بناغە نەبوو لە نێو جەماوەردا هەتاوەکو هاوبەندییەك دروستبکات لە نێوان ئەو بەشدارییە گرنگانەی خۆی و ستراتیژێکی فراوانتردا، بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی شۆڕش. ئەوەبوو لە مانگی جوڵای 1917دا ترۆتسکی پەیوەندیکرد بە پارتی بەلشەفیکەوە، کە دواتر دانی بەوەدانا زوو پەیوەندی نەکردنی بە بەلشەفیکەکانەوە گەورەترین هەڵەی ژیانی بووە.

## بەشی (4)
## 1905: دامەزراندنی یەکەم ئەنجومەنی کرێکاران لە مێژوودا

زۆرێك پێیانوایە کە شۆڕشەکان بە هۆی ئەو گروپە شۆڕشگێڕییانەوە سەرهەڵدەدەن کە پلانیان بۆ هەموو شتێکی شۆڕش داڕشتووە. بەڵام لە راستیدا، کەسانی ئاسایی پاش ساڵانێکی درێژ لە دەردەسەری و توڕەیی ئەم شۆڕش و بزوتنەوە جەماوەرییە گەورانە دروستدەکەن.

لە ڕوسیا و لە ساڵی 1905دا، توڕەیی و دەنگی ناڕەزایەتیی جەماوەر بە شێوەیەکی پێشتر نەبینراو دژ بە قەیسەر و ئەنجامە کارەساتئامێزەکانی جەنگ دژی ژاپۆن بەرزبووەوە. بڵێسەی رووداوەکان ئەو خۆپیشاندانە بوو کە قەشە گابۆن سەرکردایەتیی دەکرد - راهیب و بەکرێگیراوی ئەمنی لە هەمانکاتدا- داوای هەندێك چاکسازییان لە قەیسەر دەکرد، کاردانەوەی قەیسەر بریتیبوو لە فەرمانکردن بە چەکدارەکانی بۆ تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، هەربۆیە ئەو قەسابخانەیە بە "یەکشەمەی خوێناوی" ناسرا.

قەسابخانەکە ساڵێکی تەواوی لە خەباتی جەماوەری لە روسیا بە دوای خۆیدا هێنا، لە دوو مانگدا مانگرتنەکان هەموو گۆشە و کەنارەکانی روسیای گرتەوە، کە زیاتر لە یەك ملیۆن کرێکار لە 120 شار و شارۆچەکە بە شدارییان

تێداکرد. ژمارەی کرێکارانی مانگرتوو لە هەردوو مانگی یەنایەر و فێبرایەری 1905دا زیاتر بوو لە تێکڕای ژمارەیان لە دە ساڵی رابردوودا. سەرەڕای ئەوەش مانگرتنی کرێکاران لە 1905دا بووە هۆی سەرهەڵدانی جوڵەیەکی بەرفراوانی جوتیارانی گوندەکان، ئەمە جگە لە یاخیبوونی بەرفراوان لە ریزەکانی سوپا و هێزی دەریاییدا، کە دیارترینیان بریتیبوو لە یاخیبوونی سەربازانی سەر کەشتی دەریایی "بۆتمیکین".

لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەردا، مانگرتنی کرێکارانی هێڵی ئاسن، گۆڕا بۆ مانگرتنی گشتیی لە سەرتاپای ئیمپراتۆریای روسیا. کاتێکیش هەواڵی ئەم مانگرتنە بە ترۆتسکی گەیشت، بە پەلە لە 14ی ئۆکتۆبەردا گەڕایەوە بۆ روسیا، واتە دوای رۆژێك لە دامەزراندنی یەکەم ئەنجومەنی کرێکاران لە مێژووی روسیادا، بە ناوی "سۆڤیەتی سانپترسبۆرگ بۆ نوێنەرانی کرێکاران".

"سۆڤیەت" فۆڕمێکی نوێی ئۆرگانیزەکردنی دیموکراتی بوو کە کرێکاران خۆیان دروستیدەکەن، کرێکاران نوێنەرانیان هەڵدەبژێرن کە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە لەسەر بڕیارە رۆژانەییەکانیان دەکەن و دەنگیان لەسەر دەدەن. پێویستیی بۆ رێکخستنی مانگرتنی گشتی پاڵی بە کرێکارانەوە نا بۆ دامەزراندنی سۆڤیەت، سۆڤیەتەکە 562 نوێنەری لە 147 کارگەی سانپرسبۆرگەوە لە خۆگرتبوو. زووبەزوو ئەرکی سۆڤیەت بەرەوپێشەوە چوو و لە هەماهەنگی نێوان

جێگەی کرێکارنەوە لە مانگرتنەکاندا، گۆڕا بۆ رێکخستنی پرۆسەی دابەشکردنی خۆراك بەسەر دانیشتوانی شارەکەدا و وەرگرتنی بڕیاری تایبەت بە میلیتاریزەکردنی کرێکاران بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەستدرێژییەکانی هێزە ئەمنیەکان و بەکرێگیراوەکان.

سۆڤیەت بە شیوەیەکی پرشنگدار داواکارییە ئابوریی و سیاسییەکانی جەماوەری لە کۆمەڵە دروشمێکی سادەدا یەکخست. وەك ترۆتسکی دەنووسێت: "لەو دەمەوە جەنگ هەڵگیرساوە، ئیدی دروشمی 8 کاتژمێر و گوللەیەك لە دڵی هەموو کرێکارێکی سانپترسبۆرگدا چەقیوە". سۆڤیەتی پترسبۆرگ بە باشی سەرکەوتنی بە دەستهێنا لە وەی بچێتە قوڵایی هەموو روسایەوە، بە وەش تەحەدای دەسەڵاتی دەوڵەتی قەیسەری بکات، ترۆسکی بەم سۆڤیەتەی دەوت "کۆرپەلەی حکومەتی کرێکاریی". لە ماوەی تەنها سێ مانگدا، کرێکاران نزیکەی 40-50 سۆڤیەتیان لە روسیادا دروستکرد، بەڵام هەندێکیان نەگەیشتنە بە هێزیی سۆڤیەتی پترسبۆرگ.

شۆڕشی روسیای 1905 یەکەم شۆڕش بوو کە هەموو ئەو مانگرتنە جەماوەرییانەی لە خۆگرت، هەروەها یەکەم شۆڕشیش بوو کە بووە مایەی دروسکردنی ئەنجومەنە کرێکارییەکان. ئیدی لە گشت شۆڕشە جەماوەرەییەکانی داهاتوودا، کرێکاران لە فۆڕمی لەو چەشنەدا خۆیان رێکدەخست و بە شێوەیەکی دیموکراتیانە رێکخستنەکانیان

دادەمەزراند، کە لە رێگەیەوە دەیانتوانی ریزەکانیان رێکبخەن و گفتوگۆکانی نێوان خۆیان بەڕێوەبەرن دەربارەی چۆنیەتی کارکردنیان. لە روسیا ئەو ئەنجومەنانە پێیاندەوترا "سۆڤیەتەکان"، لە شۆڕشی ئێران 1978-79 پێیاندەوترا "ئەنجومەنەکانی شورا"، لە چیلی 1972-73 پێیاندەوترا "کۆردۆنەکان".

زیاتر لە گشت شۆڕشگێرە هاوسەردەمەکانی خۆی، ترۆتسکی درکی بە گرنگییە ناوازەکەی سۆڤیەتەکان کرد، بەوپەڕی جۆشوخرۆشەوە چووەناو چالاکییەکانییەوە. لە بەرامبەردا، زۆرێك لە بەلشەفیکەکان لە سەرەتادا بە شك و گومانەوە لەو رێکخستنە تازە دامەزراوەی کرێکارانیان دەڕوانی.

هێشتا تەمەنی نەگەیشتبوە 26 ساڵ، لاوێکی جولەکە لە شارێکدا کە ئەنتی سیمیتیزم (دژایەتیی جولەکە) لە وپەڕیدایە، بووە سەرۆکی هەڵبژێردراو و وتەبێژی رەسمی و ئیدیتۆری بڵاوکراوەکانی سۆڤیەتی پرسبۆرگ. سۆڤیەت تەنها 50 رۆژ بەردەوام بوو، لەو ماوەیەشدا هەندێجار ترۆتسکی داوای پێشڕەویی لە کرێکاران دەکرد، هەندێجاری دیکەش داوای لە کرێکاران دەکرد پاشەکشێیەکی تاکتیکی بکەن، بەڵام هەمیشە هۆشداری دەدا لە خەڵەتان بە بەڵێنە درۆکانی قەیسەر. ترۆتسکی هەڵدەستا بە ئامادەکردنی رەشنووسی زۆرینەی بەیاننامەکانی سۆڤیەت، لە نێویاندا بانگەوازەکانی

کرێکاران بۆ جوتیارەکان لە پێناو خەبات دژ بە قەیسەر، هاوکات بە شداربوویەکی لە میلیتاریزەکردنی کرێکاران بە مەبەستی رووبەڕوبوونەوەی ئەو قەسابخانانەی قەیسەر بەرامبەریان ئەنجامیدەدا.

دواتر ترۆتسکی لە وەسفکردنی هەستی تایبەتی خۆی لە ماوەی ئەو رووداوە شۆڕشگێڕیانەدا دەنووسێت: "تەنها لای ئەوانەی شۆڕش جێگەپێیان لەق دەکات و دەریاندەکات، شۆڕش وەك ئاژاوەیەکی شێتانە وەهایە، بەڵام بۆ ئێمە بابەتەکە تەواو جیاوازە، لە نێوجەرگەی ئە رووداوانەداین کە سەرەڕای ئەوەی رووداوی زۆر گەردەلولاوییین، بەڵام هیوامان پێیەتی" .

خۆتەرخانکردنی ترۆتسکی بۆ کاری سۆڤیەتەکان، توانا و متمانەی ئەوی زیادکرد و لە لاوێکی یاخییەوە گۆڕی بۆ سەرکردە و بیرمەندێکی شۆڕشگێڕ. لە کۆتایدا، شۆڕش لە دیسەمبەری 1905دا شکستیهێنا و ترۆتسکی رەوانەی زیندانکرا. ئیمپراتۆریەتەکەی قەیسەر لەوکاتەدا توانی بە گورێکی دیکەوە بگەڕێتەوە، بەڵام روسیا نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێشووتر، کرێکاران درکیان بە هێزی راستەقینەی خۆیان کردبوو و دەیانزانی چۆن بە رێگەی نوێ ریزەکانی خۆیان رێکدەخەن... چینی کارکەری روسی جێپەنجەی ناوازەی خۆی بەسەر مێژووەوە بەجێهێشت.

## بەشی (5)
## شۆڕشی بەردەوام

بە هۆی ئەو ئەزمونە باڵایەی لە شۆڕشی 1905ەوە بە دەستیهێنابوو، ترۆتسکی گەشەی بە تیۆرییە بە ناوبانگەکەی خۆی دا کە بە "شۆڕشی بەردەوام" ناسراوە، ئەو تیۆرییەی بە یەکێك لە گرنگترین بەشدارییەکانی ترۆتسکی دادەنرێت لە تیۆریی مارکسیزمی شۆڕشگێڕیدا، کە گەلێك گرنگە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی تایبەتن بە شۆڕش و بەدیهاتنی رزگاریی لە وڵاتانی جیهانی دواکەوتوودا.

شۆڕشی 1905 دەرگای کردەوە لە بەردەم بڕێکی زۆر لە مشتومڕی نێوان سۆسیالیستەکانی روسیا، لە رێگەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکەی روسیاشەوە لە گشت جیهاندا. تەنانەت هەتاوەکو پێش دەستپێکردنی ئەو شۆڕشەش، کاتێك شۆڕشگێڕەکان دەیانپرسی: ئایا شۆڕش دەتوانێت لە کوێوە سەرهەڵبدات؟ هیچ کەسێك پێشبینی نەدەکرد کە روسیا ببێتە دەستپێك؛ بەراورد بە دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپا، روسیا لەوپەڕی دواکەوتوویی سیاسیی و ئابوریدا بوو، هەروەها کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئۆتۆکراسییانەی قەیسەرەوە و جوتیاران زۆرینەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا.

بە شێوەیەکی گشتی سۆسیالیستەکان لە گشت جیهاندا کۆکبوون لەسەرئەوەی روسیا دەبێتە شوێنکەوتەی هەنگاوەکانی ئەوروپا، چونکە پێش هەرشتێك بۆ بونیادنانی

هێزەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، ئەوروپا شۆڕشی بۆرژوازیی بە خۆیەوە بینیوە -شۆڕشی فەرەنسی -1789 وەك پێشمەرجێکی بابەتیی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی.

بە بێ هیچ ئاوارتەیەك، گشت مارکسیستە روسییەکان لەوباوەڕەدا بوون کە شۆڕشی داهاتوو ئەرکەکەی بریتییە لە لەسەرکارلادانی دەسەڵاتی ئۆتۆکراسیی قەیسەری و رێگەخۆشکردن بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری، بەمجۆرە گفتوگۆ دەکرا دەربارەی ئەو هێزەی کە پێویستە شۆڕشێکی لەمجۆرە رابەرایەتی بکات.

مەنشەفیکەکان گفتوگۆیان لەسەر پێویستیی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەك دەکرد لە نێوان کرێکاران و ئەو لیبرالیستانەی نوێنەرایەتی چینی سەرمایەداریی سیاسییان دەکرد، بەڵام لینین و بەلشەفیکەکان، پێشنیارەکەی مەنشەفیکەکانیان رەتکردەوە و ئاماژەیان بەو ترسنۆکییە سیاسییە دەکرد کە لیبڕالیستەکانی پێدەناسرێتەوە لە خەباتیان بەرامبەر دەسەڵاتی قەیسەر. لە بەرامبەردا بەلشەفیکەکان مشتومڕیان دەربارەی پێویستی پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانێتییە دەکرد، بەڵام لە نێوان کرێکاران و لیبڕالەکاندا نا، بەڵکو لە نێوان کرێکاران و جوتیاراندا بۆ رابەرایەتیکردنی شۆڕش.

بەڵام ترۆتسکی بە گەڕانەوە بۆ ئەزمونی شۆڕشی 1905، هەڵوێستێکی جیاواز لە هەردوو لایەنەکەی وەرگرت، باسی لەوەدەکرد کە شۆڕشی روسیا دەکرێت لە ژێر سایەی رابەرایەتیی چینی کرێکاراندا ببێتە شۆڕشێکی سۆسیالیستی.

مارکس لە ماوەی شەپۆلە ناڕەزایەتییەکانی ئەوروپای ساڵی 1848، زیاتر لە جارێك ئاماژەی بەوەداوە کە چینی سەرمایەدار زۆر دەمێکە لەوە کەوتووە کە ببێتە چینێکی شۆڕشگێڕ. ترۆتسکیش بە هەماهەنگییەکی تەواوەوە لەگەڵ ئەزمون و ئەنجامگیرییەکانی مارکس گۆشەنیگای خۆی پێکهێناوە، هەربۆیە جەختی لەوە دەکردەوە تاکە چینی شۆڕشگێڕ کە بتوانێت سەرکردایەتی شۆڕش بکات لە روسیا، بریتییە لە چینی کرێکاران.

ترۆتسکی بە شێوەیەکی تەواو هاوڕابوو لەگەڵ روانگەی لینین بۆ سەرمایەدارە روسەکان، کە سەرەڕای داواکارییە سنوردارەکانیان بۆ چاکسازی، بەڵام ترسیان لە خەباتە کرێکارییەکان زۆر گەورەتر بوو لە رقیان لە قەیسەر، هەروەك شۆڕشی ساڵی 1905 ئەمەی سەلماند. لە سەر ئەو بنەمایە، ترۆتسکی بە توندی رەخنەی لەو بیرۆکەیە دەگرت کە دەیوت پێویستە شۆڕشی روسیا شوێنکەوتەی هەنگاوەکانی ئەوروپا بێت، یاخود هەستێت بە بەدیهێنانی کۆمەڵە چاکسازییەکی سیاسی بە شێوەیەکی تەواو لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەرمایەداریدا.

خاڵی دەستپێکی ترۆتسکی وردبوونەوە بوو لەو شیکارییەی گەشەکردنی سەرمایەداریی روسیا لە جێڕەوتێکی جیهانیدا تەماشا دەکات، بەڵام سەرمایەداری لە روسیا بە هەمانشێوازی فەرەنسا و بەریتانیا گەشەینەکرد - هەر لە شوێنکارە بچوکەکانەوە بۆ وەرشە و کارگە زەبەلاحەکان. بەڵکو

روسیا سەرەڕای ئەو دواکەوتوییە گشتییەی ئابورییەکەی گیرۆدە کردبوو، لە میانەی کێبڕکێی ئابوری و سەربازی لەگەڵ دەوڵەتە پێشکەوتوەکانی ئەوروپادا، بازدانێکی بە خۆوە بینی بەرەو دەستخستنی هەندێك لە گرنگترین پیشەسازییە پیشکەتووەکانی جیهان.

ترۆتسکی ئەم مۆدێلە گەشەکردنەی سەرمایەدارییی ناوناوە "گەشەی تێکەڵ و ناهاوسەنگ Uneven and combined development"، گەشەیەکی تێکەڵە بە هۆی بوون و تێکەڵاویی زیاتر لە قۆناغێکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لە یەك سەردەمدا، هاوکات گەشەیەکی ناهاوسەنگیشە، بەوپێیەی ناوچە جیاوازەکان بە تێکڕای جیاواز و نایەکسان بەرەو سەرمایەداری گەشەیانکردووە. دەتوانین لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە مرۆدا لە رووی ئابورییەوە دواکەوتوون تێبینی ئەم مۆدێلەی گەشەکردنی سەرمایەداری بکەین، بۆ نموونە هاوشانی گەشەکردنێکی بێپێشینە و بەرچاو لە تەکنەلۆژیادا، ملیۆنان جوتیار هەن هێشتا ئامور و هەوجاڕ لە کێڵانی زەویدا بەکاردەهێنن، هەروەها هاوشانی کارگە زەبەلاح و پێشکەوتووەکان، هێشتا زۆرێك هەن لە گەڕەك و ناوچەی وێران و خانوی تەنەکەدا دەژین.

ترۆتسکی لەو باوەڕەدا بوو کە سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی جوتیارەکان پشتگیر و لایەنگری خەباتن لە پێناو گۆڕاندا -جێگەی باسە لە میانەی شۆڕشی 1905دا ترۆتسکی بەوپەڕی تواناوە هەوڵیدەدا بگات بە جوتیاران و بەرەو شەپۆلە

شۆڕشگێڕییەکە پاڵیان پێوەبنێت- بەڵام بڵاوکردنەوەیان بە گوندەکاندا و سروشتی بەرهەمهێنانەکەیان، کە بەرهەمهێنانێکی تاکەکەسی و دابڕاو لە یەکتربوو، ئاستەنگن لە بەردەم بەشداربوونیان لە نێو دڵی خەبات لە پێناو شۆڕشی سۆسیالیستیدا.

ئەو مۆدێلە سەرمایەدارییەی لە روسیا گەشەیپێدرا، بەشداربوو لە جێگیربوون و چڕبوونەوەی کۆمەڵەی گەورەی کرێکاران لە ناوەندە پیشەسازییە گەورەکانی شارەکاندا، هەر ئەم کرێکارانەش سەری رمی جەماوەر بوون لە شۆڕشی 1905دا.

تەنها کرێکاران خۆیان دەیانتوانی سەرکردایەتی خەبات بکەن دژی قەیسەر لە پێناو ئازادیی سیاسیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویست بوو لە سەریان دژ بە سەرمایەدارەکانیش تێبکۆشن لە پیناو کۆتاییهێنان بەو چەوساندنەوەیەی بە سەریاندا سەپێنراوە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە تێکۆشانی کرێکاریی تەنها لە پێناو دەستخستنی هەندێك چاکسازیی دیموکراتیانەدا نییە لە چوارچێوەی تەسکی سەرمایەداریدا، بەڵکو تێکۆشانە لە پێناو دەسەڵاتی کرێکاراندا.

ترۆتسکی بە تەواوی درکی بەوە کردبوو کە کرێکاران کەمینەیەکی دانیشتوانی روسیا پێکدەهێنن، هەر لە بەرئەوە ترۆتسکی پشتی بەوە بەستبوو کە سەرکەوتنی شۆڕش و بونیادنانی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی لە روسیا، بێگومان راوەستاوەتە سەر دۆخی جیهانیی و تەشەنەکردنی

شۆڕش بۆ وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتووتر. هەروەك لە چاپتەرەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا دەیبینین، ترۆتسکی بە درێژایی ژیانی دەگەڕایەوە بۆ پڕەنسیپی "ئینتەرناسیۆنال"، خودی ئینتەرناسیۆنال بریتییە لە ڕەنگدانەوەیەکی تیۆریی و سیاسیی گەشەکردنی سەرمایەداری بەرەو قۆناغی ئیمپریالیزم، هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەش بوو کە ئابوریی ناوچە جیاجیاکانی جیهان پشت بە یەکتر دەبەستن -یان ئەوەی لە مڕۆدا پێیدەگوترێت "جیهانگیریی سەرمایەداری".

لە مڕۆدا سەرمایەداری بە تەواوی دەستیگرتووە بەسەر هەموو دەوڵەتانی جیهاندا، بەڵام هێشتا کرێکاران کەمینەیەکی دانیشتوان پێکدەهێنن لە هەندێك لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا. لێرەدایە تیۆریی شۆڕشی بەردەوام ئاماژە بەوەدەدات کە کرێکاران سەرەڕای کەمی ژمارەیان لەو وڵاتانە، هێشتا هێزی بنەڕەتیین بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی؛ کرێکاران خاوەن هێزێکی بە کۆمەڵن بۆ شکستهێنان بە سەرمایەداری، هەروەك دەکرێت خەباتیان ببێتە قورساییەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی گەورە بۆ خەباتی کەمینە چەوساوەکان و کرێکار و جوتیاری لادێکان و فەرامۆشکراوان و هتد. ترۆتسکی لە میانەی تیۆری "شۆڕشی بەردەوام"ەوە ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە کە چۆن بتوانرێت تێکۆشانی کرێکاران لە پێناو چاکسازییە دیموکراتییەکاندا ئاوێتە بکرێت لەگەڵ خەباتی ڕاستەوخۆ لە پیناو سۆسیالیزمدا.

هەرگیز ترۆتسکی بانگەشە ئەوەی نەکردووە کە

ئەمە بە شێوەیەکی حەتمی هەر ڕوودەدات. بەڵام وەك خەباتگێڕی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ "تۆنی کلیڤ" ئاماژەی پێدەدات ترۆتسکی ئەوەی ڕوونکردۆتەوە ئەگەر هەیە بۆ ئاوێتەکردنی خەبات لە پێناو دیموکراسی لەگەڵ تێکۆشان لە پێناو سۆسیالیزمدا، بەڵام ئەم سەیرورەیە دەکرێت لە لایەن ئەوانەی پشتگیریی لە دەوڵەتی بۆرژوازیی و دامودەزگاکانی دەکەن، تەگەرەی تێبخرێت.

ڕوسیا بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا لە میانەی ئەنجومەکانی کرێکارانەوە (سۆڤیەتەکان) دیموکراسی بە خۆوەبینی، ئەمەش بە بێ تێپەڕبوون بە دیموکراسیی پەرلەمانیی سەرمایەداریدا. هەربۆیە ئایدیای ترۆتسکی ئەوەبوو کە تەنانەت بە بێ ئەوەی وڵات بەو قۆناغانەدا تێبپەڕێت کە سەرمایەداری لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی خۆرئاوادا بڕیونی، شۆڕشی سۆسیالیستیی لە ڕوسیا ئەگەرێکی کراوەیە. بەڵام ئەمە تەنها هەنگاوی یەکەمە، کۆمەڵگەی سۆسیالیستی هەرگیز ئارامی و سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێ ئەگەر شۆڕش لە سەرجەم ناوچەکانی دیکەی جیهان بڵاونەکرێتەوە، بە تایبەت وڵاتە پێشکەوتەوەکان. بەڵام شۆڕشی ڕوسیای 1917، شانۆیەکی پراکتیکی بوو بۆ تاقیکردنەوە و سەلماندنی تێزەکەی ترۆتسکی، چونکە دروستیی تێزەکەی لە هەردوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەوە دەرخست.

## بەشی (6)
## ئەزمونکردنی جەنگ

لە مانگی جولای 1914دا، زەنگی دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم لێدرا، بە رووکەش هۆکاری جەنگەکە بریتیبوو لە تیرۆرکردنی ئەرشەدۆکی نەمسایی (فرانز فێردیناند)، بەڵام هۆکاری راستەقینەی پشت ئەم جەنگە -کە یەکێکە لە خوێناویترین جەنگەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا- بریتیبوو لە کێبرکێیەکی دڕندانەی چەتە سەرمایەدارەکان و پێداویستیی هەمیشەییان بۆ فراوانکردنی مەودای دەسەڵاتیان. قوربانییەکانی ئەم جەنگە گەیشتە نزیکەی 10 ملیۆن مرۆڤ (لە نێویاندا 7،1 ملیۆن روسی و 8،1 ملیۆن ئەڵمانی). ئەو جەنگە یەکەم جەنگ بوو کە دووبارە ئابوری و کۆمەڵگەکانی لە سەرتاسەری جیهاندا فۆڕمات کردەوە.

لە پێناو پەیداکردنی پاڵپشتی بۆ بارودۆخیان لە جەنگەکەدا، فەرمانڕەوایانی دەوڵەتە شەڕکەرەکان شەپۆلێکی ناسیۆنالیزمی راسیستییان بەرپاکرد، بەمجۆرە ئەوروپا بووە کوشتارگەیەکی خوێناوی، کە ترۆتسکی بە "لورەلوری نیشتیمانیی گورگە سەرمایەدارەکان" وەسفیکردووە.

پێش دەستپێکردنی جەنگ، پارتە سۆسیال دیموکراتەکان کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا کە بە ئینتەرناسیۆنالی دووەم ناسرابوو (ئینتەرناسیۆنالی یەکەم لە سەردەمی مارکسدا

بوو)، هەتاوەکو ناڕەزایەتی بە کۆمەڵی خۆیان دژ بەم جەنگە ئیمپریالیستییە دەرببڕن. بەڵام کاتێك جەنگ دەستپێکرد، هەمان ئەو پارتانە چونە پشت حکومەتەکانیانەوە و پشتگیریی راگەیاندنی جەنگیان دەکرد، بەڵام تاکە هەڵاوێر بریتیبوو لە سۆسیالیستەکانی روسیا، بە تایبەت پارتی بەلشەفیك، لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی دیکەی خەباتگێڕە سۆسیالیستەکانی ئەوروپا کە هەڵمەتێکی رەتکردنەوەی جەنگیان بەرپاکرد.

لەگەڵ سەرەتای جەنگیشدا ترۆتسکی پاش هەڵهاتنی بۆ دووەمجار لە مەنفای سیبریا، لە ڤییەنا دەژیا. پاش ئەوەی حکومەتی نەمسا هەڕەشەی دەستگیرکردنی لێکرد، ناچاربوو بڕوات بۆ سویسرا، کە لەودەمەدا هەڵوێستێکی بێلایەنانەی هەڵبژاردبوو لە جەنگەکەدا. لەوکاتەدا بوو کە ترۆتسکی نامیلکە بە ناوبانگەکەی نووسی "جەنگ و ئینتەرناسیۆنال"، کە بە یەکەم نووسراوی دژە جەنگی شۆڕشگێڕێکی روسی دادەنرێت. نامیلکەکە هێرشێکی توندی لە خۆگرتبوو بۆسەر ئەو ناپاکییەی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی -گەورەترین پارتی ئینتەرناسیۆنالی دووەم- بە هۆی پشتگیریکردنییەوە بۆ جەنگ کردی، ئەو ناپاکییەی لینین و ترۆتسکیی توشی شۆك کرد.

پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا وەك ماکینەیەکی زەبەلاح لە سەروبەندی هەڵبژاردەنە پەرلەمانیەکەدا

کاریدەکرد، ئەوەی یارمەتیدەریشی بوو لە مەدا بریتیبوو لە ژمارەی بێشوماری ئەندامەکانی، بە پشتگیریکردنیشی لە جەنگ ئەم پارتە ڕێڕەوی خۆی تەواکرد لە کارکردن لە چوارچێوەی خودی سەرمایەداریدا.

پاساوی زۆرێك لە ئەندامانی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی لە بەرگریکردنیان لە بەشداربوونی وڵاتەکەیان لە جەنگەکەدا ئەوەبوو کە کۆمەڵگەی ئەڵمانی چەندنین هێندەی روسیای قەیسەری پێشکەوتووترە، بەڵام ئەمە ترۆتسکی توڕەکرد کە بە روونی ئاماژەی بەوەدابوو دەستتێوەردانی هێزە ئیمپریالیستییەکان لە روسیا جگە لە ئاستەنگ دانان بۆ تێکۆشانی جەماوەری روسی دژ بە دەسەڵاتی قەیسەر هیچ ئاکامێکی لێناکەوێتەوە.

لای ترۆتسکی تەنها بەرهەڵستیکردنی جەنگ بەس نەبوو، بەڵکو دەگەڕایەوە بۆ تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لە سروشتی ئەو هێزانەی سەرکردایەتی هەڵگیرسانی جەنگیان کردووە. ترۆتسکی پێیوابوو کە هێزی ئابوریی سەرمایەداری بە شێوەیەك گەشەیکردووە کە سنورەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی (nation state) تێپەڕاندووە، بەمجۆرە جەنگ بووە یەکێك لە سیما سەرەکییەکانی سەرمایەداری، ئەو سیستەمە پاڵ بە دەوڵەتە چەکدارەکانەوە دەنێت لە پێناو دەسەڵات و قەڵەمڕەویی زیاتر لە بازاڕێکی یەکپارچە و سەرتاپاگیری جیهانیدا. هەروەها ترۆتسکی بە هەموو

توانایەوە داوای ئاشتیی دەکرد لەسەر بنەمای شۆڕشێکی جەماوەری و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان.

ترۆتسکی پەیوەندیی خۆی بە پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانییەوە پچڕاند، کە هەتا ئەوکات گرنگترین پارتی ناو ئینتەرناسیۆنالی دوو بوو، هەروەك چۆن پەیوەندییەکانی لەگەڵ زۆرێك لەو هاوڕێ کۆنانەی پچڕاند کە پشتگیری حکومەتەکانیان دەکرد لە جەنگدا، وەك ترۆتسکی دەنووسێت دۆخەکە جۆرێك بوو لە "پرسەی هاوڕێ زیندووەکان". لە بەرامبەردا هەستا بە پێکهێنانی هاوڕێییەتی و پەیوەندیی سیاسیی درێژخایەنی نوێ لەگەڵ هەندێك لەو هاوڕێیانەی کە دژایەتی جەنگیان دەکرد لە ئەوروپا.

لە میانەی جەنگەکەدا، کەلێنێکی گەورە دروستبوو لەنێوان (بەلشەفیکەکان) لە لایەك کە هەڵوێستێکی نەگۆڕیان وەرگرتبوو دژ بە جەنگ، هەروەها (مەنشەفیکەکان) لە لایەکی دیکە کە کەوتبوونە داوی ریفۆرمگەراییەوە. سەرەڕای ئەوەی ترۆتسکی بەوپەڕی توانایەوە رەخنەی لە مەنشەفیکەکان دەگرت بە هۆی ئەو هەڵوێستەی هەیانبوو لەسەر جەنگ، بەڵام هێشتا ئامادەنەبوو بچێتە ریزی بەڵشەفیکەکانەوە.

ترۆتسکی بە شێوەیەکی گەورە بەشداربوو لە هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ کۆکردنەوەی شۆڕشگێڕە دژە جەنگەکانی سەرتاسەری جیهان لە کۆنگرەیەکدا، کە لە

سێپتەمبەری 1915دا لە زیمێروالْدی سویسرا بەسترا. سەرەڕای کەمیی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرەکە (تەنها 38 ئەندام بوون)، بەڵام کارەکە گرنگییەکەی گەورەی هەبوو بۆ کۆکردنەوەی خەباتگێڕە سۆسیالیستە دژە جەنگەکان، بە تایبەت لە دەوڵەتە شەڕکەرەکان و هەندێك لە دەوڵەتە بێلایەنەکانەوە.

هەریەکە لە لینین و ترۆتسکی لە باوەڕێکی تەواودا بوون کە هەڵوێستی ئینتەرناسیۆنالی دوو بەرامبەر جەنگ – لەسەرو هەمویانەوە پارتی سۆسیالیستی ئەڵمانی- هەوڵەکانی چاکسازی کردنی لە ئینتەرنسایۆنالدا کردە وەهمێك، بەڵام کۆنگرەی زیمێروالْد بووە خاڵێکی سەرەتا بۆ گردبوونەوەیەکی ئینتەرنسیۆنالی نوێ کە لەسەر رەتکردنەوەی جەنگ دامەزرابێت، هەروەها لەسەر بنەمای شۆڕشی جەماوەری و لایەنگریکردنی چینە کرێکارییەکان بە نەتەوە جیاوازەکانیانەوە.

ترۆتسکی لەو دەمەدا لە پاریس دەژیا و وەك ژۆرنالیستێك کاری رووماڵکردنی جەنگی دەکرد، شانبەشانی چالاکییەکانی وەك ئیدیتۆری یەکێك لە رۆژنامە سۆسیالیستییەکان. لە ئۆکتۆبەری 1916دا راگوێزرا بۆ ئیسپانیا، پاشان بۆ نیویۆرك، لەوکاتەدا دەنووسێت: "ئەوروپام جێهێشت لەودەمەی غەرقی خوێن بوو... بەڵام بە هیواوە جێمهێشت و متمانەم هەیە بە شۆڕشی داهاتوو".

# بەشی (7)
# 1917: شۆرشی روسیا

لە فێبرایەری 1917دا، خۆپیشاندانی ژنانی مانگرتوو لە کارکردن لە سانپترسبۆرگ -کە لە کاتی جەنگدا بە پیترۆگراد ناودەبرا- شۆڕشێکی هەڵگیرساند کە بە رووخانی قەیسەر و هێنانەئارای حکومەتێکی کاتی کۆتاییپێهات، حکومەتێك کە لیبراڵەکان و سەرمایەدارەکان کۆنترۆڵیان کرد و دەسەڵاتیان گرتەدەست، بەڵام لینین، کە لە ئەپرێلدا لە مەنفاوە گەڕایەوە بۆ روسیا، روسیای ئەوکاتی بە کۆمەڵگەیەکی "هەرە ئازاد" وەسفکرد، کە تێیدا کرێکاران و سەربازانی ئاسایی گفتوگۆیان لەسەر هەموو شتێك دەکرد و بە وردی لە چۆنیەتی کارکردن و رێکخستنی ریزەکانیان دەدوان.

بەڵام حکومەتە کاتییەکە بە هیچ جۆرێك سەقامگیر نەبوو، راستە شۆڕش سەرکەوتووبوو لە لابردنی قەیسەر، بەڵام هێشتا نەیتوانی ئەو کێشە ئاڵۆزانە چارەسەر بکات کە جەماوەری روسیای گیرۆدە کردبوو، کە خۆیان دەبینییەوە لە بڵاوبوونەوەی هەژاری، کۆنترۆڵکردنی زەوییەکان لە لایەن گەورە فیوداڵەکانەوە، جەنگێك کە حکومەتی کاتی ناچاربوو بەردەوامیی پێبدات، چەوساندنەوەی کەمینە نەتەوەییەکان، ئەمە جگە لە چەوساندنەوەی جەماوەری کرێکاران و بەرهەمهێنەران لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە.

بە گەڕانەوە بۆ ئەزموونی 1905، کرێکاران هەستان بە

دووباره بونیادنانەوەی سۆڤیەتەکان وەك ناوەندێکی زیندوو بۆ خۆڕێکخستن و بەڕێوەبردنی گفتوگۆ دیموکراتییەکان لە نێوانیاندا و وەرگرتنی بڕیارەکان. بەمجۆرە لە روسیا دۆخێك لە "دوو دەسەڵاتیی Dual power" هاتەئارا، کە لە نێوان دوو ناوەندی جیاوازی دەسەڵاتدا دابەش کرابوو: حکومەتی کاتی لە لایەك، سۆڤیەتە کرێکارییەکان لە لایەکی دیکە. ئەوەی رێککەوتێکی ناوازەیە بریتییە لە وەی هەردوو لایەنەکە لەناو یەك بینادا بوون.

کاتێك لە ئایاری 1917دا ترۆتسکی لە مەنفاوە گەڕایەوە بۆ روسیا، درکی بەوەکرد کە گشت ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان خۆی و لینین بە تەواوی نەماون، ئیدی لە رێککەوتن و هاوڕاییەکی تەواودا بوون لەسەر کۆی ئەو پرسە بنەڕەتیانەی رووبەڕوی شۆڕش دەبوونەوە. بەڵام لینین کە لە ئەپرێلدا گەڕایەوە، بە باوەڕهێنانی بە تێزەکەی ترۆتسکی دەربارەی پێویستیی شۆڕش بۆ گوژمخواردن بەرەو پێشەوە و راستەوخۆ بەرەو سۆسیالیزم، هەمووانی توشی سەرسوڕمان کرد. ترۆتسکی درکیکردبوو بە گرنگیی رۆڵی پارتێکی شۆڕشگێڕ، کە پارتی بەلشەفیك بەرجەستەکەرێکی ئایدیالیی ئەمە بوو لە شۆڕشدا، هەر ئەو تێزەی کە لینین بە درێژی شەنوکەوی کرد و گەشەی پێدا. پاش ماوەیەك  لە کارکردنی پێکەوەیی لەگەڵ لینین و بەلشەفیکەکان، هەرزوو ترۆتسکی و پشتیوانانی لە یۆلیۆی 1917دا بە فەرمی پەیوەدنییانکرد بە پارتی بەلشەفیکەوە، هاوکات راستەوخۆ دوای پەیوەندیکردنی بە

بەلشەفیکەکانەوە، ترۆتسکی وەك ئەندامی لیژنەی ناوەندی حیزب هەڵبژێردرا.

بە تەواوی وەك ساڵی 1905، سۆڤیەتەکان ژمارەیەك لە پارتە سیاسییەکانی گرتەخۆی، کاتێك ترۆتسکی گەڕایەوە بۆ روسیا، مەنشەفیکەکان و سۆسیالیستە میانڕەوەکان پشتگیریی زۆرینەی ئەندامانی سۆڤیەتەکانیان بەدەستهێنابوو، بە هەمانشێوە قایلبوون لەسەر بەشداریکردنیان لە حکومەتی کاتیدا کە لەلایەن سەرمایەدارە لیبرالیستەکانەوە کۆنترۆڵکرابوو. حکومەت پێیوابوو ئەوە هەنگاوێکی باشە بۆ بەرزکردنەوەی میسداقیەتی خۆی لە بەردەم جەماوەردا، هەروەها لە پێناو لە خۆگرتنی داواکاری و توڕەیی ئەو جەماوەرە. لە رۆژی دوای گەڕانەوەی لە مەنفا، ترۆتسکی چوو بەرەو سۆڤیەت و بە توندی رەخنەی لە حکومەتی کاتی گرت و ئاماژەی بەوەدا کە بەشداریکردنی مەنشەفیکەکان و سۆسیالیستە میانڕەوەکان لە حکومەتدا، بە هیچ جۆرێك ئەو کیشە بنەڕەتیانە چارەسەرناکات کە رووبەڕوی شۆڕش بوونەتەوە.

بەڵام لینین گفتوگۆی لەسەرئەوە دەکرد کە پێویستە لەسەر شۆڕشگێڕە بەلشەفییەکان "بە ئارامییەوە" زەروریەتی پاڵپێوەنانی شۆڕش بۆ قۆناغی بەرەوپێشتر، بۆ کرێکاران روونبکەنەوە. بەڵام کرێکاران و سەربازان، بە تایبەت لە پیترۆگراد -کە لە ژێر فشاری بەردەوامی جەنگ و چەوساندنەوە و هەژاریدا بوون- لە هۆشیارییەکی تەواودابوون کە شۆڕش

پێویستی بە تەواوکردن هەیە بە شۆڕشێکی سۆسیالیستی. بەڵام لە هەمان کاتدا، زۆرینەی دانیشتوانی روسیا هەموو هیوا و خواستەکانیان لە شۆڕشدا بەستبۆوە بە هەوڵەکانی حکومەتی کاتی. هەربۆیە ئەوەی لە جولای 1917دا روویدا نموونەیەکی روون بوو لەسەرئەوە، کاتێك لینین و ترۆتسکیش کاریان لەسەر راگرتنی هەوڵە ناکاملەکان دەکرد بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی پیترۆگراد، ئاماژەیان بەوەدەکرد کە بەڵێ کرێکاران و سەربازان دەتوانن لە پایتەخت دەسەڵات بگرنەدەست، بەڵام دانیشتوانەکەی دیکەی روسیا ئامادەیی ئەوەیان نەبوو، چونکە هێشتا درکیان بە زەروریەتی ئەو هەنگاوە نەکردبوو.

رۆژە گرانەکانی جولای 1917، هەڵمەتێکی ئەمنیی بەرفراوانی بە خۆوەبینی بۆ گرتن و راوەدونانی بەلشەفیکەکان، زۆرێك لەوانە خزێنرانە زیندانەوە، هەروەك چۆن فەرمانی دەستگیرکردن بۆ لینین و دووان لە سەرکردەی بەلشەفیکەکان دەرچوو. بەڵام ترۆتسکی وتارێکی ئاڕاستەی حکومەتی کرد و تێیدا دەپرسێت کە بۆچی فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ئەو [ترۆتسکی] دەرناکرێت، لەکاتێکدا بە شێوەیەکی تەواو هاوڕایە لەگەڵ لینیدا لە بانگەشەکردن بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن سۆڤیەتەکانەوە. پاش تەنها دوو هەفتە، حکومەتی کاتی - کە پێویستبوو حکومەتی شۆڕش بێت - هەستا بە زیندانیکردنی ترۆتسکی لە هەمان ئەو زیندانەی بە دەستی قەیسەریش دوای شکستی شۆڕشی 1905 زیندانیکرابوو تێیدا.

حکومەت هەر بەردەوام بوو لە دۆخە ناسەقامگیرەکەی. لەو دەمەی زۆرێك لە کرێکاران و جوتیاران و سەربازان لە ئاستی ئەو حکومەتە رازی نەبوون، هەروەها هێزە راستڕەوەکانیش لێی رازی نەبوون. بەوجۆرە ژەنەراڵی قەیسەریی (کۆرنیلۆڤ) لە ئۆگۆستی 1917دا کودەتایەکی سەربازیی ئەنجامدا، لە رووبەڕوبوونەوەی ئەم کودەتایەدا بەلشەفیکەکان بۆ بەرگریکردن لە شۆڕش دەجەنگان، ئەمە لەکاتێکدا ئەو حکومەتەی بەلشەفیکەکان لە بەرامبەر کودەتاکەدا بەرگریی لێدەکەن، خودی بەلشەفیکەکانی راوەدودەنا و لە زیندانەکانی تووند دەکردن.

حکومەت ناچاربوو بە ئازادکردنی بەلشەفیکەکان لە زیندان، هەتاوەکو سوود لە یارمەتییەکانیان وەربگرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی (کۆرنیلۆڤ). بە هۆی ئەو رۆڵە ئازایانەیەی بەلشەفیکەکان لە شکستهێنان بە کۆرنیلۆڤ گێڕایان، ئەوەیان بۆ جەماوەر سەلماند کە باڵی هەرە تێکۆشەرن لە شۆڕشدا و لە هەموو لایەك خاوەن تواناترن لە بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی شۆڕش و هەروەها تەواوکردن و درێژەپێدانی، دواجار کۆرنیلۆڤ بە بێ تەقە شکستی پێهێنرا. راستەوخۆ پاش ئازادکردنی، ترۆتسکی خۆی گەیاندە سۆڤیەت [بارەگای ئەنجومەنی کرێکاران] و داوای لێسەندنەوەی متمانەی کرد لە سەرکردە مەنشەفییەکانی ناو سۆڤیەت. وەڵامدانەوەی نوێنەرانی سۆڤیەت گەلێك فراوان بوو، زۆرینە لە بەرژەوەندی داواکەی ترۆتسکی دەنگیاندا، هەروەها

لەو کاتەوە بەلشەفیك بووە پارتی زۆرینەی سۆڤیەتەکان و ترۆتسکیش بە سەرۆکی سۆڤیەتی پترۆگراد هەڵبژێردرا.

کودەتاکەی کۆرنیلۆڤ ئەوەی سەلماند کە هیچ بژاردەیەك نییە لە نێوان "هەنگاونان بەرەو ڕێچکەی شۆڕشی سۆسیالیستی" و "پشتگیریکردنی حکومەتی کاتی"، ئەو لاوازییەی بە حکومەتەوە دیاربوو ئەوەی دەگەیاند کە ئەگەر شۆڕش بەرەوپێشەوە نەبرێت و ئامانجەکانی خۆی بە خێرایی تەواو نەکات، ئەوا بەوپەڕی توندییەوە ڕووبەڕوی دژەشۆڕش دەبێتەوە.

لەو ماوەیەدا، دەسەڵاتی سۆڤیەتیەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لەنێو جەماوەردا زیندووبوونەوە، کرێکاری کارگەکان و یەکە چەکدارەکانی سوپا هەمیشە دەیانپرسی سۆڤیەتەکان دەتوانن چی بکەن؟ ئیدی وردەوردە سۆڤیەتەکان بوونە دەزگایەکی بنەڕەتی بڕیاردان لە روسیادا.

لە ئۆکتۆبەری 1917دا، ترۆتسکی وەك ڕێکخەری ئەو ڕاپەرینە چەکدارییە دەردەکەوت کە بەلشەفیکەکانی نێو سۆڤیەتەکان ڕابەرایەتییان دەکرد بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی. ئەم ڕاپەڕینە لە نێو پترۆگرادی پایتەختدا هیچ خوێنڕشتنێکی لێنەکەوتەوە، چونکە بەلشەفیکەکان پشتگیریی و متمانەی جەماوەریان تێدا بە دەستهێنابوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لینین دەیخواست خودی پارتی بەلشەفیك - کە زۆرینەی سۆڤیەتەکانی پێکدەهێنا- داوای ڕاپەڕینی چەکداری بکات، بەڵام ترۆتسکی سەرکەوتووبوو قایلی

بکات کە داواکردنی ڕێکخستنی ڕاپەڕین پێویستە لەلایەن سۆڤیەتەکانەوە بێت نەوەك حیزب.

لە پترۆگراد "لیژنەی سەربازیی شۆڕشگێڕیی" پێکهات، کە سەر بە سۆڤیەت بوو، ترۆتسکی سەرکردایەتیی دەکرد، جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە بەلشەفیکەکان، هەندێك لە سۆسیالیستە چەپەکان و ئەنارشیستەکانیش پەیوەندییان پێوەکرد، ترۆتسکی بەرپرس بوو لە سەعاتی سفری ڕاپەڕینی چەکداریی و دەستنیشانکردنێکی وردی وەرگرتنی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی دەوڵەت.

کارڵ مارکس ڕاپەڕینی بە "هونەر" وەسفکردووە، لەگەڵ ئەوەی پێویستی بە لێزانیی و ئەندێشەیەکی فراوان هەیە، هاوکات پێویستی بە دیسپلین و ڕێکخستنێکی پتەویش هەیە. ترۆتسکی بەرجەستەکەرێکی پراکتیکی ئەم "هونەر"ە بوو، ئەمەش لە میانەی ئەو ڕۆڵەوە کە لە ئۆکتۆبەری 1917دا گێڕای.

بەڵام ئەگەر هەزاران کرێکار و سەرباز نەبوونایە، ئەگەر ئەو ئەندامانەی پارتی بەلشەفیك نەبوونایە کە لە شوێنی کار و گەڕەك و سوپادا بوون، ئەوانەی لەسەر هێڵە سیاسییەکەیان جێگیرن و لە نێو پارتە شۆڕشگێڕەکەیاندا بە دیسپلینن بۆ خەبات لە پێناو شۆڕش بۆ چەندین ساڵ، لە ماوەکانی سەرکەوتن و ماوەکانی نوشست و لاوازییەکاندا، ئەوا خودی شۆڕشیش بوونی نەدەبوو.

## بەشی (8)
## سەرەتاکانی کۆمەڵگەیەکی نوێ

لە منداڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە دەوڵەتێکی نوێ لەسەر بنەمای ڕێکخستنی جەماوەریی دیموکراسی لە روسیا لە دایکبوو؛ سۆڤیەتەکان. پاش ئەوەی ترۆتسکی ڕەتیکردەوە پۆستی سەرۆکایەتی دەوڵەت وەربگرێت، سەرکردەی شۆڕشگێڕ ڤلادیمێر لینین ئەو پۆستەی وەرگرت، ئەو پۆستەی ئەوکات پێیدەوترا "سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکارانی گەل".

سەرەڕای بڵاوبوونەوەی هەژارییەکی جەرگبڕ لە گشت روسیادا، سەرەڕای هەموو ئەو هەڕەشانەی دەوڵەتە کرێکارییە نوێیەکەی خستبووە ژێر فشارەوە، بەڵام شۆڕشی روسی پەردەی لەسەر ئازادانەترین و دیموکراتیانەترین ئەزموون لە جیهاندا لادا.

کرێکاران توانییان کارگەکان و شوێنەکانی بەرهەمهێنان کۆنترۆڵبکەن، هەروەها زەویی فیودالەکان و لۆردەکان دەستیان بەسەردا گیرا و بەسەر ئەوانەدا دابەشکرا کە ئەرکی جوتیارییان تێدا دەکرد. لەو کاتەدا ترۆتسکی ئەرکی دانووستانی لەگەڵ ئەڵمانیادا گرتەئەستۆ بە مەبەستی درێژەدان بە پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ، پاش چەند خولێکی

دانووستان و فشار، جەنگی جیهانی یەکەم کۆتاییهات.

ترۆتسکی هەمیشە باسی لە وەدەکرد کە "باشترین ڕێگە بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەیەك، بریتییە لە مامەڵەکردنی ئەو کۆمەڵگەیە لەگەڵ ژندا" . ژن لە روسیای قەیسەریدا بە دەست چەندین شێوازی چەوساندنەوەوە دەینالاًند، زۆر کەسیش وەك خاوەنداریێتیی تایبەتی پیاو لە ژنیان دەڕوانی. بەڵام لە ژێر سایەی حکومی شۆڕشگێڕیی سۆڤیەتەکاندا، بارەکە تەواو پێچەوانە بۆوە، ئیدی ژن تەواوی مافەکانی هاوڵاتیبوون و دەنگدانی هەبوو، هەروەك روسیای شۆڕشگێڕیی یەکەم دەوڵەت بوو دانینا بە مافی ژن بۆ لە باربردنی منداڵ[1]، هەروەها لەم دەوڵەتە نوێیەدا ژنان لە پۆستەکانی وەزیر و باڵیۆزدا بوونیان هەبوو.

شۆڕش جێپەنجەی دیاربوو بەسەر گشت بوارەکانی ژیان لە روسیادا، بۆنموونە لە بواری خوێندندا، ژمارەی خویندنگەکان گەلێك زیادیان کرد، هەروەها دەوڵەتی سۆڤیەتی چەندین هەڵمەتی خستەگەڕ بۆ نەهێشتنی ئەو ڕێژە بەرزەی نەخوێندەواریی. باجی خوێندن لە زانکۆکاندا لابرا، هاوکات خودی لینین و ترۆتسکی گرنگییەکی زۆریان دەدا بە دروستکردنی چەندین کتێبخانەی گشتی.

ترۆتسکی بە درێژایی ژیانی گرنگیپێدەرێکی تەواوی

هەموو ئەو بوارانە بوو کە پەیوەستن بە کولتوور و ئەدەب و هونەرەوە، هەروەها شۆڕش سەرکەوتوبوو لە بە ئەنجامگەیاندنی گۆڕانێکی ریشەیی لە پەیوەندییە ئابورییەکاندا، هەروەها رابوونێکی گەورە لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و سینەمادا بەرپاکرا.

ڤیکتۆر سێرگی کە یەکێك بوو لەو ئەنارشیستانەی لە کاتی جەنگی ناوخۆدا پەیوەندی بە بەلشەفیکەکانەوە کرد، باس لە ژیانەوەی هونەرەکان دەکات پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و تەنانەت لە کاتی جەنگی ناوخۆشدا. ساڵی 1919 کاتێك پیترۆگراد لە ژێر ئابڵوقەدا بوو دەنوسێت: "من ناتوانم یارمەتیدەربم لە بە دواداگەڕانێکی سەرکێشانە بە دوای دۆزینەوەی جوانیدا، لە هەموو کاتژمێرەکانی جەنگی ناوخۆدا، ئارامی، هێز، متمانە. هەڵبەتە ئەمەش بەو هۆیەوە بوو کە شاری سور ئازاریدەکێشا و بۆ بەرگریکردن لە خۆی دەجەنگا، هەربۆیە هەبوونی رۆژێك بۆ کاتبەسەربردن و هونەر، ئەو رۆژە دەکاتە موڵکی هەمووان" .

سەرەڕای وێرانبوونی ئابوریی روسیا بە هۆی شەڕی ناوخۆ و هێرشەکانی سەر روسیاوە -ئەو دۆخە ئاستەنگێك بوو لە بەردەم دەستکەوتەکانی شۆڕشدا- بەڵام روسیای سۆڤیەت، دادپەروەرترین و دیموکراتیترین دەوڵەتی جیهان بوو لەو کاتەدا.

**پەراوێز:**

1. ئایا لەباربردنی منداڵ لەلایەن ژنەوە کارێکی ئاساییە؟ هەموو پرۆسەیەکی دووگیانبوون لەنێوان دوو کەسدا ڕوودەدات (نێر و مێ)، هاوکات ئەو پرۆسەیە دوو فۆرمی هەیە؛ هاوسەرگیریی، لەدەرەوەی هاوسەرگیریی. ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا بەتایبەت بریتییە لەوەی ژنێک لە دەرەوەی هاوسەرگیریی، لەڕێگەی سێکسکردن لەگەڵ پیاوێکدا دووگیان ببێت (یان ژنێکی هاوسەردار بێت، بەڵام لە کەسێکی دیکەی دەرەوەی مێردەکەی دووگیان بووبێت)، ڕوونتر بڵێین منداڵی ناو سکی ژنەکە، لە مێردە شەرعییەکەی نەبێت. بێگومان لەم بارەدا باوکی ڕاستەقینەی منداڵەکە ئامادەنییە باوکایەتیی ئەو منداڵە بگرێتەئەستۆ، ئەو کەسەشی کە ئاسەوارە فیزیکییەکەی پرۆسەکەی دەکەوێتە سەر بریتییە لە ژن. لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا کەیسێکی لەمجۆرە بە سکاندالێکی گەورە بۆ ژنەکە دادەنرێت و نەک هەر بەر نەفرەت دەدرێت، بەڵکو ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە و ڕووبەڕووی مەرگ دەکرێتەوە. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زەبرە سروشتیی و فیزیۆلۆژییەی بونیادی ژن بۆتە هەڵگری و ئەو پیاوەش کە نیوەی دووەمی ئەم دووگیانبوونەی ژنەکەیە، بێ هیچ ئاسەوارێک لەسەر جەستەی بێتاوان بۆیدەردەچێت. بۆیە لە وەها کەیسێکدا بەهەموو جۆرێک لەباربردنی منداڵ لەلایەن ژنەوە کارێکی ئاساییە، بێگومان ئەگەر ئاسەوارە فیزیۆلۆژییەکانی دووگیان بوون لەسەر پیاو بووایە ئەم مافە بۆ پیاو دەبوو. لەبەر ئەم ڕۆشناییەشدایە کە حکومەتی سۆڤیەتیی و هەر دەوڵەتێکی دیکەی خاوەن پرەنسیپ بەم چەشنە لە بابەتەکە دەڕوانێت.

# بەشی (9)
# چەکدارکردنی شۆڕش

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، زۆرێك لە هێزەکان هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی نوێی بەڵشەفیکیی. پاش تەنها مانگێك لە راپەڕینی چەکداریی ئۆکتۆبەر، لایەنگرانی دەوڵەتی قەیسەریی کەوتنە جموجوڵ، لە هەمان کاتیشدا کۆزاکەکان (جوتیارە دەوڵەمەندەکان) دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی هێزەکانیان بۆ بەرهەڵستیکردنی بەلشەفیکەکان.

دەوڵەتە کرێکارییە تازە لە دایکبووەکە هەر بە تەنها رووبەڕوی هێرشی ناوخۆیی نەبۆوە، بەڵکو رووبەڕوی هێرش و داگیرکارییەکی دەرەکی زۆرینەی هێزە ئیمپریالیستەکانی جیهانیش بۆوە. لە نیوەی یەکەمی ساڵی 1918دا، سوپای زیاتر لە 12 دەوڵەتی سەرمایەداری – لە نێویاندا بەریتانیا و فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەلانی ئەمەریکا و ژاپۆن - هێرشیان کردەسەر دەوڵەتی سۆڤیەتیی.

لە یەنایەری 1918دا، سەرکردەی شۆڕشگێڕ ڤلادیمێر لینین، بە فەرمی دامەزراندنی سوپای کرێکاران و جوتیارانی راگەیاند -سوپای سوور-، دوای دوو مانگ لیۆن ترۆتسکی شانبەشانی پۆستەکەی وەك سەرۆکی ئەنجومەنی جەنگ، کرایە سەرکردەی ئەو سوپایە. سەرەڕای خوێندنەوەی چڕی کتێبە سەربازییەکان و کارکردنی لە بواری میدیادا لە روماڵی رووداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم لە ناوچەی بەڵکان، ترۆتسکی ئەوکات هیچ ئەزمونێکی پراکتیکیی سەربازیی نەبوو.

ئەرکەکەی ترۆتسکی گەورە و گرانبوو، پێویستبوو لەسەری سنورێك بە درێژایی 5000 میل بە سوپایەکی لاواز بپارێزێت، کە وەك ئەوە وەهابوو ئەو سوپایە لە سفرەوە بونیادبنێتەوە. تەنانەت ئەگەر ترۆتسکی بیخواستایە سوپا کۆنەکەی دەوڵەتی قەیسەری بە کاربهێنێت ئەوا نەیدەتوانی، چونکە تا رادەیەکی نزیك لە تەواو سوپای قەیسەری داڕوخابوو. لە کۆی نۆ ملیۆن سەرباز، تەنها 40-50 هەزاریان لێمابوەوە بۆ بەرگریکردن لە شۆڕشی لە ساڵی 1917، پاش سێ ساڵ لە جەنگان و بەشداریی جەنگی جیهانی یەکەمدا چاوەڕێی شەڕکردن لەو سەربازانە نەدەکرا. لەگەڵئەوەی لەوکاتەدا هەندێك لە جەنەراڵەکانی قەیسەر خۆیان رێکدەخست بۆ هێرشکردنەسەر شۆڕش، بەڵام لە هەمان کاتدا فەوزا لە نێو پەیکەرەی سوپادا بڵاوببۆوە.

جەماوەر دەردەداری جەنگ بوون، یەکێکیش لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی بەلشەفیکەکان و خۆشەویستبوونیان لای خەڵك بریتیبوو لە رەتکردنەوەی ئەو جەنگە ئیمپریالیستییەی کە قەیسەر بەشداربوو تێیدا، بە مەش بەلشەفیکەکان بوونە نمایندەی هیوای ملیۆنان کرێکار و جوتیاری روس. پێویستبوو لەسەر ترۆتسکی دووبارە سوپا رێکبخاتەوە، ئەم کارەشی بۆ نەدەکرا ئەگەر ئەو کەسانەی لە دڵی سوپاکەدا جێگیر نەکردایە کە باوەڕیان بە شۆڕش هەبوو، واتە ئەوانەی شەڕدەکەن لە پێناو بەرگری لە شتێك کە باوەڕی قوڵیان پێی هەیە.

لە یەکەم هەنگاوەکانی دامەزراندنی سوپای سووردا، ترۆتسکی داوای لە خۆبەخشەکان کرد پەیوەندیی پێوەبکەن، دڵی پۆڵاینی سوپاکەی لەو کرێکارانە پێکهێنا کە باوەڕیان بە زەروریەتی بەرگریکردن لە شۆڕش هەبوو. لە ئەپرێلی 1918دا نزیکەی 200 هەزار خۆبەخش بەوپەڕی بڕواوە ئامادەی شەڕکردن بوون.

بەڵام ژمارەی خۆبەخشەکان هێشتا گەلێك لەوە کەمتر بوو کە پێویستە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەو هێزە ئیمپریالیستیانەی بە چەکی زەبەلاح چەکدارکراون، کە بە کەمترین ماوە خۆیان دەخشاند بۆ لێدانی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان، هەربۆیە لەسەر ترۆتسکی پێویستبوو کەسانی زیاتر میلیتاریزە بکات بۆ بونیادنانی سوپا، ئەمەش ژمارەیەکی زۆری لەو جوتیارانە راکێشا کە لە رووی سیاسی و رێکخستنەوە سوپایان شپرزەکرد. زۆرینەی جوتیاران هەڵوێستێکی دژبەریان لەگەڵ بەلشەفیکەکاندا هەبوو، راستە دڵخۆشبوون بە وەرگرتنەوەی زەوی خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکان و فیودالەکان و دابەشکردنی بەسەر جوتیاراندا، بەڵام دژی ئەو داوایەی حکومەتی سۆڤیەتیی بوون بۆ پێدانی بەرهەمی دانەوێڵە بە حکومەت بە مەبەستی پڕکردنەوەی کەمیی خۆراك لە شارەکاندا.

لە ژێر سایەی ئەو بارودۆخە گرانەی رووبەڕوی دامەزراندی سوپای سور بووبۆوە، پێویستبوو ترۆتسکی سوربێت لەسەر دیسپلینێکی توند لە نێو ئەم سوپایەدا. بەڵام لەگەڵ

دامەزراندنی سوپای سور و تەواو بە پێچەوانەی پەیکەر و فۆڕمە ستەمکارییەکەی سوپای قەیسەریی، سەربازەکان مافی ئەوەیان هەبوو لە رێگەی دەنگدانەوە ئەفسەرەکانیان هەڵبژێرن. ئەمە تەنها بۆ یەکجار ئەنجامدرا و دواتر زەروریەتێکی ئاشکرا هەبوو بۆ سێنترالیزەکردنی کارەکانی سوپا لەسەر ئاستی زۆربەی بەرەکانی جەنگ. ترۆتسکی زۆر پەیوەست بوو بە رێزگرتنی تەواوی سەربازەکانەوە، بەوپەڕی توندی و کۆڵنەدانەوە رووبەڕوی هەر مامەڵەیەکی خراپ دەبۆوە کە لەلایەن ئەفسەرەکانەوە بەرامبەر سەربازەکان ئەنجامبدرێت، تەنانەت ئەگەر بەدڕەفتارییەکی زارەکیش بوایە.

بە هۆی نەبوونی هیچ ماوەیەکی ئاشتی کە سوپای سوور بتوانێت بە کاریبهێنێت بۆ گەشەپێدانی تاکتیکە سەربازییەکان و راهێنانی زیاتر، سوپا بێبەش بوو لە کارامەیی هونەری و تەنانەت ئەزمونی سەربازیش، ئەمەش هۆکارێك بوو هەتاوەکو ترۆتسکی پەنابەرێتە بەر هەندێك لە ئەفسەرەکانی سوپای کۆنی قەیسەریی وەك پسپۆڕی سەربازی لە سوپای سووردا، بەڵام هاوکات ئەو کەسانە لە ژێر چاودێرییەکی وردی کۆمەڵە بەرپرسێکی سیاسیدا بوون، کە تایبەت بۆ ئەم ئەرکە لە سوپای سووردا دامەزرابوون. هەروەها ترۆتسکی زۆرێك لە کۆمۆنیستەکانی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی (بەلشەفیکی پێشوو) بانگهێشتکرد هەتاوەکو پەیوەندی بە سوپاوە بکەن و کار بۆ هاندانی سەربازەکان و رۆشنبیرکردنیان لە رووی سیاسییەوە بکەن.

له ماوەی شەڕی ناوخۆدا ترۆتسکی زۆربەی ڕۆڵە بنەڕەتییەکانی دەبینی، کە دواتر لە نووسینەکانیدا وەسفی ئەو ماوەیە دەکات، زیاتر لە دوو ساڵی لە نێو "شەمەندەفەری جەنگ"دا بەسەربرد، کە ئەو شەمەندەفەرە ترۆتسکیی هەڵدەگرت بۆ بەرەکانی جەنگ هەتاوەکو ئاگاداری بارودۆخی سوپا بێت و لە نزیکەوە لەگەڵ سەربازەکاندا بدوێت و ستراتیژییەکانی شەڕ دابنێت.

زیاتر لە جارێك شۆڕش کەوتەوە بەردەم ڕەشەبای شەڕی ناوخۆ. بۆ نموونە لە ساڵی 1919دا، هێزەکانی (سوپای سپی[1]) ی دژە شۆڕش، یەکێك لە شارەکانیان داگیرکرد کە تەنها 10 میل لە پترۆگرادی پایتەختەوە دووربوو، دانیشتوانی پایتەخت دەیانتوانی لە مەودای بینینی ئاسایدا تانکەکانی دوژمن ببینن، لەو کاتەدا لینین ویستی پاشەکشە لە شارەکە بکە، بەڵام ترۆتسکی سووربوو لەسەر مانەوە و ئەنجامدانی شەڕی کۆڵان بەکۆڵان و دەستەویەخە ئەگەر پێویستی کرد. تەنانەت ئەوکات ترۆتسکی ناچاربوو بە سواری ئەسپێك شوێن سەربازە هەڵهاتووەکان بکەوێت و باوەڕیان پێبهێنێت سەبارەت بە زەروریی بەردەوام بوون لە شەڕکردن و بەرگریکردن لە پایتەخت. لە کۆتایدا سوپای سوور توانی سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بە دەست بهێنێت.

هەروەها لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو دوژمنەکاندا، جەنگەکە بە سەرکەوتنی سوپای سوور لە ساڵی 1920دا کۆتاییهات. ئەوە دەستکەوتێکی گەورە بوو کە لیۆن

ترۆتسکی بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەشداربوو تێیدا، بەڵام لە بنەڕەتدا فەزڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێداگیری و قوربانیدان و ئازایەتی دەیان هەزار لەو خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕانەی بە خۆنەویستییەکی بەرزەوە دەجەنگان و باوەڕیان بە ئەوانی دیکە دەهێنا بۆ شەڕکردن لە پێناو بەرگری لە شۆڕشدا.

بەڵام باجی سەرکەوتن قوربانییەکانی جەنگ بوون، کە بریتیبوون لە هەزاران لە باشترین کۆمۆنیستەکان و کرێکارە هەرە دڵسۆزەکان و خاوەن ئەزمونە سیاسییەکان، سەرەڕای وێرانکارییەکی فراوان کە توشی پیشەسازی و ئابوری روسیا بووەوە.

**پەراوێز:**

1. سوپایەکی دژە شۆڕش بوو، لەبەرامبەر سوپای سووری شۆڕشگێڕدا دامەزرابوو، لەماوەی نێوان ساڵی 1927-1921، کە بە ماوەی شەڕی ناوخۆیی لە ڕوسیا ناسراوە، شەڕ و پێکدادانی بەردەوام بوونی هەبوو. بەڕوونی ئەوە دەبینرا کە ئەم سوپایە لەلایەن هێزە ئیمپریالیستە خۆرئاواییەکانەوە هاوکاریی و پڕچەک دەکرا، کە ئەم پڕۆسەی پڕچەک کردنە و هێرشە ڕاستەوخۆکانی خودی ئەو دەوڵەتە سەرمایەدارانە بۆسەر ئەزموونە تازە لەدایکبووەکەی سۆڤیەت، دەرخەری ئەو ترسە گەورەیەیە کە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی لە بڵاوبوونەوەی شۆڕشی سۆسیالیستیی و شەپۆلی کۆمۆنیستیی هەیەتی.

## بەشی (10)
## بڵاوکردنەوەی شۆڕش

ترۆتسکی بەردەوام باسی لەوە دەکرد کە ئەگەر لە چوارچێوەی سیستەمێکی جیهانیی گشتگیردا نەبێت ناتوانین لەم جیهانە تێبگەین، هەروەك لەگەڵ لینینیشدا هەمیشە پەیوەست بوون بە زەروریەتی بڵاوکردنەوەی شۆڕش بە ناو هەموو جیهاندا، بە تایبەت لە دەوڵەتە ئەوروپییە پێشکەوتووەکان، وەك مەرجێکی بنەڕەتی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی روسیا.

ئەو قەیرانە ئابوری و سیاسییە توندەی جەنگی جیهانی یەکەم خوڵقاندبووی، هاوشان لەگەڵ ئیلهامبەخشیی شۆڕشی روسیا، بوونەهۆی بەرەوپێشچوونی گەورەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی تەواوی جیهان لە ساڵانی 1918 بۆ 1920. لە نۆڤەمبەری 1918دا ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا رووخا و "نوێنەرانی گەل" حکومەتێکی نوێیان پێکهێنا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات. لە هەنگاریا شۆڕشگێڕان سەرکەوتووبوون لە دامەزراندنی حکومەتێکی سۆڤیەتی، کە تەنها ماوەیەکی کورت بەردەوام بوو. لە ئیتاڵیاش ساڵانی 1919-1920 کە بە "ساڵە سوورەکان" ناسرابوو [وەك ئاماژەیەك بۆ کاریگەرییەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا و بڵاوبوونەوەی ئایدیا کۆمۆنیستییەکان

لەو سەردەمەدا]، چەندین تێکۆشانی جەماوەری کرێکاران و داگیرکردنێکی بەرفراوانی کارگەکانی بە خۆوە بینی، بەڵام لە ئیسپانیا، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی تەواوی بەشەکانی وڵاتی گرتەوە، تەنانەت ساڵی 1918 لە ڤالەنسیا شۆڕشگێڕان هەستان بە ناونانی هەندێك لە شەقامەکانی شار بە ناوی "لینین" و "شۆڕشی ئۆکتۆبەر" و هتد.

تەنانەت بەریتانیاش شەپۆلێکی مانگرتنی کرێکارانی وڵاتی بە خۆوە بینی، هەروەها لە نێو سوپای بەریتانیاشدا هەندێك نارەزایی و یاخیبوون سەریانهەڵدا، لە هەمان کاتدا بەریتانیا رووبەڕوی بەرگرییەکی جەماوەریی بە هێزی کۆڵۆنییەکانی بووبۆوە، بە تایبەت لە هندستان و میسر، سەرەڕای شەڕی پارتیزانی لە ئیرلەندا. جگە لەوانەش، مانگرتنە کرێکارییەکان ناوچەی بەرفراوانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کەنەدا و ئوستورالیا گرتەوە.

ئەمە ئەو جێرەوتە بوو کە تێیدا بەلشەفیکەکان بە مەبەستی یەکخستنی تەواوی پارتە شۆڕشگێڕییەکانی جیهان بڕیاری دامەزراندنی رێکخراوێکی ئینتەرناسیۆنالیان دا، ئەویش (ئینتەرناسیۆنالی سێ بوو کە بە "کۆمێنترن Comintern" بەناوبانگە). هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی سوپای سوور لەلایەن بەلشەفیکەکانەوە بۆ بەرگریکردن

له دەوڵەتە شۆڕشگێڕییە تازەگەشەکردووەکە لە بەرامبەر ئەو هێزە جیهانییانەی هەوڵی وێرانکردنیان دەدا، ئیدی بەلشەفیکەکانیش هەڵوێستی هێرشبردنیان گرتەبەر، ئەویش لە میانەی یەکخستنی تەواوی هێزە شۆڕشگێڕییەکانی جیهان.

سەرەڕای سەرقاڵیی ترۆتسکی بە سەرکردایەتی سوپای سوورەوە، بەڵام خاوەن رۆڵێکی سەرەکی بوو لە رێکخراوە ئینتەرناسیۆنالە تازە لە دایکبووەکەدا، هەر ئەویش بوو بانگهێشتنامەی نووسی بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکەمی ئینتەرناسیۆنالی سێ لە مارسی 1919، هەروەها بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەشداربوو لە ئامادەکردنی بڕیار و پڕۆتۆکۆڵەکانی ئینتەرناسیۆنال لە پێنج ساڵی یەکەمیدا، سەرەڕای بە دیکۆمێنتکردنی کۆبوونەوە و دیبەیتەکانی ناو ئینتەرناسیۆنال.

"کۆمێنترن" لەسەر دوو پرەنسیپی بنەڕەتی دامەزرا؛ ئینتەرناسیۆنالیزم، لەگەڵ جیاکاریکردن لە نێوان ریفۆرم و شۆڕشدا. ئەم هێڵە جیاکەرەوەیەی نێوان ریفۆرم و شۆڕش لە ئینتەرناسیۆنالی دووەمدا لە لایەن زۆرینەی پارتە سۆسیالیستییەکانەوە فڕێدرایە تەنەکەی خۆڵەوە، ئەویش پاش ئەوەی ئەو پارتانە لە ساڵی 1914دا پشتگیریی حکومەتکانیان کرد بۆ ئەنجامدانی جەنگی جیهانیی یەکەم. ئەمە یەکەمجار بوو لینین و ترۆتسکی پڕبەدەم

باس لە زەروریەتی دامەزراندنی ئینتەرناسیۆنالێکی نوێ بکەن، کە لەسەر پرەنسیپەکانی شۆڕش و ئینتەرناسیۆنالی راستەقینە بونیادنرابێت.

ئەم رادەیە لە روونبێژی لای لینین و ترۆتسکی، گەلێك زەروری بوو لە سەروبەندی شەپۆلی ئەو شۆڕشە بە هێزانەی کە لە سایەیاندا ئینتەرناسیۆنالی سێ دامەزرا، لەو دەمەدا چەندین رێکخستن هەبوون کە بانگەشەی سۆسیالیزمیان دەکرد، کەچی لە راستیدا رێکخستنی ریفۆرمیست بوون، لە هەوڵدا بوون بۆ ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەك لە چوارچێوەی گشتی سەرمایەداریدا. بە پێچەوانەی ئەوەوە، دامەزراندنی کۆمێنترن لەسەر پرەنسیپەکانی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕیی بوو، ئەویش پێویستی بونیادنانی دیموکراسیەتێکی جیهانیی و رەتکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەی پێیوایە دەتوانرێت بە دامودەزگاکانی دەوڵەتی سەرمایەداریی باڵادەست، کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی بونیادبنرێت.

سەرەڕای ئەوەی کۆنگرەی یەکەمی کۆمێنترن لە ساڵی 1919، کۆنگرەیەکی بچوك بوو، بەڵام گەشە و ژیانەوەی بزاوتە شۆڕشگێڕییەکان لە جیهاندا بە ڕادەیەکی زۆر رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر زیاتر بە رادیکاڵیتە بوونی گەلێك لە رێکخراو و پارتە سۆسیالیستییەکان، کە ئەمەش لای خۆیەوە بووەهۆی زیادبوونی ژمارەی ئەو پارتە

شۆڕشگێڕییانەی چوونە ناو کۆمێنترن. ئیدی لە کۆنگرەی دووەمدا لە هاوینی 1920، ئینتەرناسیۆنالی سێ ببووە ڕێکخراوێکی ئینتەرناسیۆنالی جەماوەریی.

ترۆتسکی و لینین باوەڕیان بەوە هەبوو کە مەرجی زەروری بۆ دەستەبەرکردنی ئایندەی شۆڕشێکی جیهانی، سەرکەوتنی شۆڕشە لە یەکێك لە ناوەندە سەرمایەدارییە پێشکەوتوەکانی خۆرئاوا. بەڵام هاوکات بە تەواوی لە گرنگیی ڕاپەڕینی گەلە چەوساوەکانی ژێردەستی دەوڵەتە ئیمپریالیستییە گەورەکان تێگەیشتبوون. وەك ترۆتسکی لە کاتی ئامادەبوونیدا لە بەرەکانی شەڕ و سەرکردایەتیکردنی سوپای سووردا دەنووسێت: "ڕێگەی بەرەو پاریس و لەندەن، بە شارەکانی ئەفغانستان و پەنجاب و بەنگالدا تێدەپەڕێت".

زۆرێك لەو گەلانەی کە گیرۆدەی ژێردەستەیی ئیمپریالیزم بوون، بە ئیلهام وەرگرتن لە سەرکەوتنی بەلشەفیکەکان و سیاسەتی پێشکەوتنخوازانەیان بەرانبەر نەتەوە چەوساوەکان، ڕێچکەی خۆیان گرتەبەر بۆ خەبات لە پیناو ڕزگارییدا. لە لای خۆشیانەوە بەلشەفیکەکان لە هەوڵی بێوچاندا بوون بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ ئەو گەلە ستەملێکراوانەی جیهان. بۆنموونە لە ساڵی 1920دا، بەلشەفیکەکان کۆنگرەیەکیان بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات لە شاری (باکۆ)ی پایتەختی ئازەربایجان گرێدا، نزیکەی

دووهەزار ئەندام لە نەتەوە جۆراوجۆرەکان ئامادەی بوون، مەبەستی کۆنگرەکە روون بوو کە بریتیبوو لە یەکخستنی شۆڕشگێڕەکانی سەرجەم ئاسیا، بۆ گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی شۆڕش لە سەرجەم کیشوەرەکەدا و رزگاربوون لە چەوساندنەوە و ئیمپریالیزم.

## بەشی (11)
## بەرەی یەکگرتوو

کۆمێنترن گشت شۆڕشگێڕانی جیهانی کۆکردەوە بۆ گفتوگۆ و گەڕان بە دوای ستراتیژ و تاکتیکی شۆڕشگێڕانە. سەبارەت بە لینین و ترۆتسکی و ئەوانی دیکەش، کۆمێنترن پانتاییەکی زیندووتری بۆ فەراهەمکردن بە مەبەستی وردبوونەوە لە چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی شۆڕش، بەڵام بە بەستنی کۆنگرەی سێیەمی کۆمێنترنی سێ لە جون و جوڵای 1921دا، ئاشکرابوو کە سەرمایەداری خۆی رزگار کردووە لە شەپۆلی یەکەمی خەباتە شۆڕشگێڕییەکانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم. لە ژێر سایەی ئەم دۆخەشدا، ئەو پرسیارە سەرەکییەی خۆی بەسەر کۆنگرەدا سەپاندبوو بریتیبوو لە چۆنیەتی بونیادنانێکی شۆڕشگێڕانە لەکاتێکدا کە خودی شۆڕش بە شێوەیەکی کتوپڕ ناتوانێت خۆی بەسەر ئەجێندای سیاسیدا بسەپێنێت. ئەم کۆنگرەیە لە لایەن ترۆتسکییەوە بە "قوتابخانەی باڵای ستراتیژیەتی شۆڕشگێڕیی" ناونرا.

گفتوگۆ هەرە گەرمەکانی ئەم کۆنگرەیە دەربارەی "بەرەی یەکگرتوو "united front" بوون. ترۆتسکی لەمیانەی ئەو گفتوگۆیانەوە -هەروەك نووسراوەکانی ئەو دواییانەی- ئایدیاکانی خۆی دەخستنەڕوو سەبارەت

بە زەروریەتی یەکخستنی هەوڵ و کۆششی کرێکارە شۆڕشگێرەکان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەیان کە هێشتا لەگەڵ پڕاکسیسی راستەوخۆی شۆڕشگێڕیی تێکەڵاو نەبوون.

ستراتیژیەتی بەرەی یەکگرتوو لە دوو شتەوە سەرچاوە دەگرێت؛ یەکەم، لە پێویستییەکی بنەڕەتیی کرێکاران بۆ یەکڕیزی دژ بە هێرشە دڕندانەکانی سەرمایەداری، وەك ترۆتسکی دەنووسێت "جەماوەری چینی کرێکار پێویستیان بە ئاستێکی بەرزی یەکڕیزی هەیە لە کارکردندا، هەم بۆ بەرهەڵستی هێرشەکانی سەرمایەداری، هەم بۆ هێرشکردنە سەر سەرمایەداری لەلایەن کرێکارانەوە".

دووەم، جگە لە کاتەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانە، ئایدیا شۆڕشگێڕییەکان تەنها لە نێو کەمینەیەکی کرێکاراندا باڵادەست دەبێت، بەڵام زۆرینەی چینی کرێکاران لەسەر ئەو باوەڕە دەبن کە دەتوانرێت لە چوارچێوەی خودی سەرمایەداریدا بارودۆخی ژیانیان و مەرجەکانی کارکردنیان چاك بکرێت، بەو واتایەی تەنها ئایدیا ریفۆرمیستییەکان پەسەنددەکەن. هەربۆیە لەسەر کرێکارە شۆڕشگێڕەکان پێویستە خۆیان لەو هاوڕێیانەیان جیانەکەنەوە کە هێشتا لەسەر سنوورەکانی ریفۆرمیزم راوەستاون.

ترۆتسکی پێشنیاری ئەوپەڕی ئایدیا شۆڕشگێڕییەکانی

جەماوەری ڕەتدەکردەوە، سووربوو لەسەر ئەوەی ڕێگەی پتەو بۆ بونیادنای یەکڕیزییەکی ڕاستەقینە لە نێو ریزەکانی چینی کرێکاراندا، بە هۆی خستنەڕووی ئایدیا شۆڕشگێڕییەکانەوە نابێت، ئەگەر خەباتی جدی هاوشانی جەماوەری لەگەڵدا نەبێت لە نێو دڵی کێشمەکێشمە ڕۆژانەییەکانیاندا. ئەمە بەو مانەیە نایەت کە ترۆتسکی گرنگی نەدابێت بە ڕاکێشکردنی جەماوەر بۆ سیاسەتی شۆڕشگێڕانە، بەڵکو بە پێچەوانەوە مشتومڕەکانی چڕکردبۆوە دەربارەی ئەوەی هۆشیاری جەماوەر تەنها لەسەر گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی لە پێناو بە دەستهێنای ئامانجە هاوبەشاکاندا دەگۆڕدرێت، لە ڕێی ئەم پڕۆسەیەشەوە توانا و هەلی ڕاستەقینە لە بەردەم شۆڕشگێڕەکاندا فەراهەمدەبێت هەتاوەکو لە لایان ڕوونبێت کە شۆڕشی کرێکاریی ڕێگەچارەیە، لە میانەی ئەزمونی پڕاکتیکی خەباتیشەوە ئەمەیان بۆ دەردەکەوێت.

ئەمە ئەو ڕێگەیە بوو کە بە هۆیەوە بەلشەفیکەکان توانیان لە شۆڕشی 1917دا جەماوەر بە دەستبهێنن، ئەوەبوو بەلشەفیکەکان سەلماندیان کە خەباتگێڕترین و ڕادیکاڵترینن لە بەرهەڵستیکردنی یاخیبوونەکەی ژەنەڕاڵ (کۆرنیلۆڤ). ترۆتسکی بۆچونی جیاوازبوو لەگەڵ ئەوانەی گرنگی بەدیهێنانی هەندێك چاکسازییان فەرامۆشدەکرد،

هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە سەرکەوتنە بچوکەکان و سەرکەوتنە گەورەکان دەتوانن وەها لە جەماوەر بکەن متمانەی بە خۆی و تواناکانی هەبێت.

ئەوکات لە زۆرینەی وڵاتەکاندا گروپی شۆڕشگێڕیی جیابوونەوەی خۆیان لە پارتە ریفۆرمخوازە گەورەکان راگەیاند، ترۆتسکی ئەم جیابوونەوانەی بۆ دروستکردنی رێکخراوگەلی شۆڕشگێڕی ئاڕاستە دەکرد، جەختی لەوەش دەکردەوە کە پێویستە پارێزگاری بکرێت لەمجۆرە سەربەخۆیی و روونییە لە هێڵی سیاسیدا، هەروەها دووپاتی دەکردەوە کە پێویستە لەسەر گروپە شۆڕشگێڕییەکان خۆیان ئامادەبکەن بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ یەکتردا هەتاوەکو لە تێکۆشانە جەماوەرییەکان دانەبڕێن.

هاوکات ترۆتسکی دژی پشتگوێخستنی ئەو رۆڵە بوو کە سەرکردە ریفۆرمیستەکان دەیانبینی، یەکێك لە گرنگترین ئەو ئەرکانەی کە پێویستبوو شۆڕشگێڕەکان بیگرنەئەستۆ بریتیبوو لە رەخنەبارانکردنی ئەو سەرکردانەی کە ناتوانن یاخود نایانهەوێت بە شێوەیەکی جدی سەرکردایەتی خەبات بکەن، بەڵام ئەمە تەنها بە هۆی ئیدانەکردن و ناوزڕاندیان بەدینایەت، بەڵکو لە چوارچێوەی خەباتی چینایەتی و شەڕی رۆژانەدا.

ترۆتسکی بەمجۆرە وەسفی ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییە

دەکات کە پێویستە سیاسەتی بەرەی یەکگرتوو بەڕێوەبەرێت: "هەمیشە لەگەڵ جەماوەردا، هەندێکجاریش لەگەڵ سەرکردە ڕاڕاکاندا، ئەوانەی کە هێشتا لە سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی جەماوەرییدان... گەلێك زەرورییە لەو دەمەی جەماوەر لە پێشڕەویدایە مامەڵە لەگەڵ ئەم سەرکردانە بکرێت، بە بێ ئەوەی بەر ڕەخنە بدرێن و بەجێبهێڵدرێن، هەروەها پێویستە لە کاتی گونجاویشدا بە یەکجاری پەیوەندییان لەگەڵدا بپچڕێندرێت، ئەویش لەوکاتەی لە ڕاڕاییەوە دەبنە دوژمن و ناپاك".

ترۆتسکی هەمیشە و بەردەوام دەگەڕایەوە بۆ قسەکردن دەربارەی بەرەی یەکگرتوو، پێبەپێ بەشیوەیەکی بەرچاو لە نووسینەکانیدا دەربارەی دەرکەوتنی فاشیزم لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیسپانیا لە ناوەڕاستی سییەکاندا، باسی لەم بابەتە دەکرد، ئەو نەیاری ستراتیژیەتی ستالین بوو کە بریتیبوو لە؛ "بەرەی میللی popular front"، کە بووەهۆی بە پاشکۆبوونی چینی کرێکاران بۆ ئەو لیبڕالیستانەی بەرگرییان لە سەرمایەداری دەکرد.

هێشتا بەرەی یەکگرتوو ئامرازێکی ستراتیژیی زیندووە بۆ شۆڕشگێڕەکانی ئەمڕۆ، کە بە هۆیەوە دەتوانرێت هەڵمەتی یەکگرتوو، کاریگەر و جدیانە بەرپابکرێت، لە هەمان کاتدا ئامرازێکی گرنگیشە بۆ خەبات لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی وەهمەکانی ریفۆرمیزم.

## بەشی (12)
## دەرکەوتنی بیرۆکراتیزم

سەرەڕای بە سەرکەوتوویی دەرچوونی بەلشەفیکەکان لە شەڕی ناوخۆدا، بەڵام روسیا نقومی وێرانە و کاولکاریی بووبوو. ساڵی 1921 بەرهەمی پیشەسازی بەراورد بە ساڵی 1913 بە رێژەی 31% کەمیکردبوو، لەکاتێکدا پیشەسازییە قورسەکان لەوە خراپتریان بەسەرهاتبوو، وەك پیشەسازی پۆڵا، کە 4%ی رێژەی ساڵی 1917ی تێنەپەڕاندبوو، هاوکات هۆکارەکانی گواستنەوەش یەکێکی دیکە بوو لەو بوارانەی کە بە هۆی کەمی سوتەمەنیی پێویستەوە هەرەسی هێنابوو. ئەمە جگە لەو برسێتی و نەخۆشییانەی سەرتاپای وڵاتی گرتبۆوە.

هەرەسهێنانی پیشەسازی هاوتەریب بوو لەگەڵ گیرۆدەبوونی چینی کرێکارانی دروستکەری شۆڕش بە دارِمانێکی گەوەرەوە، زۆرێك لە کرێکاران زەرەرمەندی یەکەم بوون لە بەرزی رێژەی بێکاری کە بە هۆیەوە پەنایان بۆ گوندەکان بردبوو بە مەبەستی دابینکردنی ژیانیان. لە ژێر سایەی وەها بارودۆخێکدا، بەلشەفیکەکان بە ناوی چینی کرێکارانەوە وڵاتیان بەڕێوەدەبرد، کە لە راستیدا ئەو چینە لە وڵاتێکدا دەژیان هەژاری و برسێتی شەکەتی کردبوو.

لە بەرامبەردا، حکومەتی کۆمۆنیستی بە رابەرایەتی لینین و ترۆتسکی هەموو رێگەکانی دەگرتەبەر بۆ دووبارە

بونیادنانەوەی ژێرخان و ئابوریی روسیا. گفتوگۆیەکی زۆر دەکرا دەربارەی چۆنیەتی بە ئەنجامگەیاندنی ئەم کارە گرانانە، هیچ کەسێك خاوەن بۆچوونێکی تەواو دروست نەبوو لەم بابەتەدا، بە خودی لینین و ترۆتسکیشەوە.

لە کاتی شەڕی ناوخۆدا، ئابوریی وڵات پشتیبەستبوو بە داواکردنێکی زۆرەملێیانەی بەرهەمی دانەوێڵە لە کرێکاران بە مەبەستی دابینکردنی خۆراك بۆ سوپا و کرێکاران لە شارەکاندا. لە ژێر فشاری سەرهەڵدانی یاخیبوون و ناڕەزایەتی لە گوندەکاندا، بەلشەفیکەکان ناچاربوون هەندێك ریفۆرمی دیاریکراو لە بازاڕدا بکەن، کە بە سیاسەتی نوێی ئابووری (N.E.P) ناسرابوو، ئەمەش بە مەبەستی هاندانی کرێکاران بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر.

لینین و ترۆتسکی ئەوەیان وەك چارەسەرێکی کاتی دەبینی بۆ بارودۆخی نالەباری روسیا، بەڵام باوەڕێکی تەواویان بەوە هەبوو کە چارەسەری راستەقینە پەیوەستە بەوەوە کە تا چی ئاستێك دەتوانن شۆڕش بڵاوبکەنەوە، بە تایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپادا، ئەوە تاکە چارەسەر بوو کە بتوانرێت بە هۆیەوە ئابوریی روسیا لە ژێر چەپۆکی ئەو فشارانە دەرچێت کە تێیکەوتووە، هاوکەت تاکە رێگەشە بۆ دووبارە بونیادنانەوەی چینی کرێکاران لە رووی ژمارەیی و سیاسییەوە.

لە ژێرسایەی هەموو ئەو وێرانکاری و ئاژاوەیەی روسیای پاش شەڕی ناوخۆی تەنیبوو، بیرۆکراتیەتی دەوڵەتی (state

دەستی بە گەشە و فراوانبوون کردبوو، (bureaucracy) مەبەست لەو بەڕێوەبەر و کارمەندە فەرمیانەیە کە خاوەن دەستێکی ڕەهان لە بەڕێوەبردنی کاروبارە ڕۆژانەییەکانی وڵات. ئەو بیرۆکراتانە گەشەیانکرد و بوونە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی خاوەن ئیمتیازاتی زیاتر لە کۆی کۆمەڵگە، هەر ئەم بیرۆکراتیزمە بووەهۆی دروستکردنی دیاردەی ستالین -یەکێك لە نزمترین سەرکردە بەلشەفیکەکان کە بەرجەستەکەری بەرژەوەندییەکانی ئەم پێکهاتەیەی کۆمەڵگە بوو.

ترۆتسکی و لینین گەلێك دڵگران بوون بە گەشەی ڕوو لە زیادبووی بیرۆکراتیزم، لینین لە یەنایەری 1921دا هۆشداریدا لە "شێواندنە بیرۆکراتییەکان"، وەك چۆن ترۆتسکی لە ساڵی 1929 سیمای سیاسی بیرۆکراتیزمی بەمجۆرە وەسفکرد "زۆریی ئەم چینە کۆنزێرڤاتیڤە لە فەرمانبەر و کارمەندی بیرۆکراتیك، کە خۆیان خستبووە پلەیەکی سەرو جەماوەرەوە، بوونە بە هێزترین پاڵپشت بۆ ستالین".

هەتادەهات لینین زیاتر هەستی بە مەترسیی باڵابوونی بیرۆکراتیزم دەکرد لە حزب و دەوڵەتدا، پێش مردنیشی لە ساڵی 1924 وەسیەتە بە ناوبانگەکەی نووسی، کە تێیدا ئامۆژگاری دەدات بە زەروریەتی لابردنی ستالین لە سەرکردایەتی حزبدا، ئەودەم کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا کە ئەم وەسیەتە ئاشکرانەکات، بەڵام ترۆتسکی سەرەڕای هاوڕابوونی تەواوی لەگەڵ وەسیەتەکەی لینیندا، بەڵام هیچ ناڕەزایەتییەکی

دەرنەبڕی لە ڕانەگەیاندنی وەسیەتەکەی لینین، ئەمەش لە ترسی ڕوودانی جیابوونەوەی گەورە لە ریزەکانی حزبدا.

لەو دەمەدا ستالین بە قوڵیی ڕۆچووبووە نێو دڵی بیرۆکراتیزمی حزبەوە، هەروەها لە چەندین پۆست و پلەی جیاوازی دەوڵەتدا کاریدەکرد، بەمجۆرەش مردنی لینینی قۆستەوە بۆ بە هێزکردنی جێپێی خۆی لە حزب و دەوڵەتدا. لەو کاتەشەوە ستالین خۆی وەك جێنشینی لینین و میراتگرێکی شەرعیی سیاسەت و ئایدیاکانی پیشاندا، هەروەها هێرشی توندی کردەسەر ترۆتسکی و گشت سیاسەت و پڕەنسیپەکانی کە هەتاوەکو مردن بەرگری لێکردن.

## بەشی (13)
## سۆسیالیزم لە یەك وڵاتدا

ترۆتسکی مەترسییەکی گەورەی لە گەشەکردنی بیرۆکراتیزمدا دەبینی، هەموو ڕێگەیەکیشی دەگرتەبەر بۆ ریگرتن لە دەرکەوتنی، ئەو ئۆپۆزسیۆنێکی چەپی دروستکرد کە پلانی تایبەتی خۆی بۆ بە پیشەسازیکردن (industrialization) خستەڕوو، ئەمەش بە ئامانجی زیادکردنی قەبارەی چینی کرێکاران و قورسایی کۆمەڵایەتیی ئەو چینە، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و فراوانکردنی ئاستی دیموکراسیەتی کرێکاریی.

بەڵام ستالین و لایەنگرانی بە هەموو جۆرێك ئەو پێشنیارانەیان ڕەتدەکردەوە، لە بەرامبەردا پارێزگارییان لە باڵانسێکی هێواش و وریایانە دەکرد لە نێوان پیشەسازی و کشتوکاڵدا، هاوکات بەردەوامبوون لە دەوڵەمەندکردنی میکانیزمەکانی بازاڕ کە بوو بە هۆی هێنانەئارای کەشوهەوایەکی لەبار بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەداری.

ترۆتسکی چاوی لە بڵاوکردنەوەی شۆڕش بوو وەك تاکە ڕێگە بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئاستەنگانەی بوونەتە هۆی دواکەوتوویی ئابوریی روسیا، رزگاربوون لە فشارەکانی سەرمایەداریی جیهانی. بەڵام بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی جیهان شکستی کەمەرشکێنیان بەرکەوتبوو، بە تایبەت ساڵی

1923 له ئەڵمانیا. شۆڕشگێڕەکانی ئەڵمانیا بە هۆی نەبوونی هەلی شۆڕش و کەمی ژمارەیانەوە شکستیان نەهێنا، بەڵکو هۆکاری شکستەکەیان بریتیبوو لە لاوازی و پەرتبوونی پارتەکەیان و نەبوونی ئەزموونی پێویست بۆ رابەرایەتی کردنی شۆڕش و گەیاندنی بە سەرکەوتن.

لە ژێر کاریگەریی شکستەکەی ئەڵمانیادا، ترۆتسکی نامیلکە بە ناوبانگەکەی خۆی نووسی بە ناوی "وانەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر"، بۆ نیشاندانی رۆڵی یەکلاکەرەوەی پارتی شۆڕشگێڕ لە رێبەرایەتیکردنی شۆڕشەکان و سەرکردایەتی کردنی بەرەو سەرکەوتنی یەکجارەکی، ئەمەش وەك ئاماژەیەکی روون بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی روسیا لە بەرانبەر ئەوەی لە ئەڵمانیادا روویدا.

"وانەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر" دەرگای کردەوە لە بەردەم شەپۆلێکی دیکەی هێرش بۆسەر ترۆتسکی، ستالین و هاوکارەکانی گەلێك درۆیان هەڵبەست بە مەبەستی شیواندن و ناشیرینکردنی ترۆتسکی و ئایدیاکانی، هەروەك داوای بەرپاکردنی جەنگێکیان دەکرد دژ بە ترۆتسکی بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی لە نێو حزبدا. بە شێوەیەکی تایبەتی ئاماژەیان بەوە دەدا کە ترۆتسکی ساڵی 1917 درەنگ پەیوەندیکردووە بە حزبەوە، بەردەوامیش بوون لە هێرشکردنەسەر تیۆرییەکەی ترۆتسکی "شۆڕشی بەردەوام".

شکستی شۆڕشی ئەڵمانی رەشبینی و بەدگومانییەکی زۆری لە نێو کرێکاران و جوتیاراندا بڵاوکردەوە، کە بە

درێژایی چەندین ساڵ بە دەست نالەباری بژێویی و جەنگەوە گیرۆدەبوون.

لە کۆتایی ساڵی 1924دا، ستالین دروشمی "سۆسیالیزم لە یەك وڵات"ی داهێنا، ئەمەش لە وتارێکیدا کە تایبەت بۆ هێرشکردنەسەر تیۆرییەکەی ترۆتسکی "شۆڕشی بەردەوام" نووسیبووی، بەڵام ئەو بیرۆکەیەی پێیوایە کە دەکرێت روسیا دەوڵەتێکی سۆسیالیستی بونیادبنێت کە بە وڵاتانی سەرمایەداری دەورەگیرابێت، گوزارشت لە وەڵامێکی توند دەکات بۆ کارێکی چاوپۆشی لێنەکراوی مارکسیستە شۆڕشگێڕییەکان، کە بریتیبوو لە بڵاوکردنەوەی شۆڕش. ئەم ئایدیا ستالینییە لەناوبەری پڕەنسیپی ئینتەرناسیۆناڵ بوو، کە بریتیبوو لە دڵی مارکسیزم. لە لایەکی دیکەوە ترۆتسکی جەختی دەکردەوە کە یان دەبێت شۆڕش بڵاوبکرێتەوە، یان فشارەکانی سەرمایەداریی جیهانی دواجار دەبێتەهۆی لە ناوبردنی شۆڕش. بەڵام قسەکردنی ستالین دەربارەی ئەگەری بونیادنانی سۆسیالیزم لە یەك وڵاتدا، تەنها ئەم گێرمە و کێشەیەی بەدواوەبوو.

لە ساڵی 1928 گەیشتنی بیرۆکراتەکان بە لوتکەی دەسەڵاتی روسیا بووە دیفاکتۆ، لە ژێر هەڕەشەی هەڵگیرساندنی جەنگ لەگەڵ بەریتانیا و رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی قوڵی گوندەکان، ستالین هەستا بە گۆڕانکارییەکی ترسناك بەرەو کۆکردنەوەی (collectivization) ناچارانەی جوتیاران، ئەوەبوو دەوڵەت دەستیگرت بەسەر زەوی

جوتیاران و پڕۆسەی بە پیشەسازیکردنی خێرا، کاریگەریی زۆر بەهێزی هەبوو لەسەر ژیانی کرێکاران لە شارەکاندا. ئەمە تەواو پێچەوانەبوو لەگەڵ پڕۆگرامی ترۆتسکی بۆ بە پیشەسازیکردن، هەروەها تەواو پێچەوانەش بوو لەگەڵ هەوڵەکان بە ئامانجی گەشەپێدان و فراوانکردنی مەودای دیموکراسیەتی کرێکاریی، پڕۆژە ستالینییەکانی دەوڵەت هەڕەشەیەکی مەترسیدار بوون لەسەر ژیانی ملیۆنان کرێکار و جوتیاری روسیا.

ئەوە دەرئەنجامێکی سروشتی بونیادنانی "سۆسیالیزم لە یەك دەوڵەتدا" بوو، روسیا ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان، هەروەك ساڵی 1931 ستالین لە وتارێکیدا رووونیدەکاتەوە: "ئێمە بە 50-100 ساڵ لە دوای وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپاوەین. پێویستە لە ماوەی 10 ساڵدا قەرەبووی ئەو دواکەوتنە بکەینەوە... یان دەبێت ئەوە بکەین یان تێکماندەشکێنن ".

کێبڕکێی ئابوری و سەربازی لەگەڵ جیهانی سەرمایەداریدا لێکەوتەی ترسناکی هەبوو بۆسەر خودی روسیا؛ پلانی پێنج ساڵەی روسیا کە ساڵی 1929 دەستیپێکرد، بووە هۆی دابەزینێکی کارەساتئامێز لە ئاستی بژێوی جەماوەردا و گیرۆدەکردنیان بە برسێتییەکی گەورە. لە ماوەی نێوان ساڵانی 1928-1930 ژمارەی کرێکاران کە ئۆردوگای کاری زۆرەملێ 20 هێندە زیادیکرد. لە پێناو بە هێزکردنی سیستەمەکەیدا، ستالین پەنای بردەبەر ستەمکاریی و داپڵۆسینێکی زیاد

له‌ راده‌ بۆ له‌ ناوبردنی گشت به‌رهه‌ڵستکارانی، ته‌واوی ئاسه‌واره‌كانی دیموكراسی له‌سه‌ر ده‌ستی ستالین له‌ ناوبران.

"سۆسیالیزم له‌ یه‌ك وڵاتدا" كاریگه‌رییه‌كی كاره‌ساتئامێزی هه‌بوو له‌سه‌ر بزوتنه‌وه‌ی كۆمۆنیزمی جیهانی؛ ئه‌وه‌بوو "كۆمێنترن" له‌ قوتابخانه‌یه‌كی ئینته‌رناسیۆنال بۆ تاكتیك و ستراتیژیی، بووه‌ ده‌زگایه‌ك كه‌ به‌ پێی به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی سیاسه‌تی ده‌ره‌كیی ستالین ره‌نگی گرتبوو. ئه‌مه‌ش به‌ واتای چوونه‌ نێو ستراتیژیه‌تی دژبه‌یه‌ك ئه‌نجامی وێرانكه‌ر به‌ دوای خۆیدا ده‌هێنێت، چونكه‌ جار له‌ دوای جار قوربانی به‌ به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی چینی كاركه‌ر ده‌دات بۆ پركردنه‌وه‌ی پێداویستییه‌كانی بیرۆكراتیزمی ستالینستی.

له‌ ساڵی 1926 ترۆتسكی په‌یوه‌ندیكرد به‌ كامینێڤ و زینۆڤێڤه‌وه‌ -هاوپه‌یمانی پێشوتری ستالین- بۆ دامه‌زراندنی "ئۆپۆزسیۆنێكی یه‌كگرتوو"، به‌ڵام مێژووی پڕ له‌ دوژمنایه‌تی و ململانێی نێوان (ترۆتسكی) و (كامینێڤ و زینۆڤێڤ)، كارێكی گرانی بۆ لایانگرانیان خوڵقاندبوو بۆ متمانه‌كردن به‌ یه‌كتر. بۆ به‌رده‌وامبوونی "ئۆپۆزسیۆنی یه‌كگرتوو" له‌ كاره‌كانی، پێویستبوو له‌سه‌ر هه‌ردوولا هه‌ندێك سازش بۆ یه‌كتر بكه‌ن، ته‌نانه‌ت گه‌یشتبووه‌ ئاستێك كه‌ ترۆتسكی به‌ كه‌می ده‌رباره‌ی "شۆڕشی به‌رده‌وام" قسه‌ی ده‌كرد.

له‌گه‌ڵ ئه‌و لاوازیه‌ی به‌ هۆی جه‌نگ و برسێتییه‌وه‌ توشی كرێكاران و جوتیارانی روسیا بووبوو، ئۆپۆزسیۆن جگه‌ له‌ رێسایه‌كی زۆر دیاریكراو پشتی به‌ هیچی دیكه‌

نەبەستبوو بۆ رووبەڕوبوونەوەی ستالین و بیرۆکراسیەتەکەی. بەمجۆرە ئۆپۆزسیۆن بە تەواوی تێکشکا. کاتێك ترۆتسکی داوای رێپێوانێکی کرێکارانی کرد بە بۆنەی یادی 10 ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی 1917ی روسیا، ئیدی بووە بیانوویەك بە دەست ستالینەوە بۆ دەرکردنی لە پارتی کۆمۆنیست، دوای 10 ساڵ لە رێکخستنی راپەڕینی چەکداریی 1917، دوای 6 ساڵ لە شکستپیهێنانی بەشێك لە بە هێزترین سوپا ئیمپریالیستییەکانی جیهان، ترۆتسکی لە حزب دورخرایەوە و نەفی کرا.

## بەشی (14)
## جیهانێك بەبێ فیزا

لە یەنایەری 1928دا و بە فەرمانی ستالین، ترۆتسکی ڕاگوێزرا بۆ (ئالما ئاتا) لە وپەڕی ڕۆژهەڵاتی ڕوسیا. پاش ساڵێکیش لە (ئالما ئاتا)وە ڕاگوێزرا بۆ تورکیا و لە دورگەی (برینکیبۆ) گیرسایەوە.

بێ خواستی خۆی زیاد لە چوار ساڵی لە تورکیا بەسەربرد. ترۆتسکی ئەو ماوەیەی بە ژیان لە "جیهانێکی بێ فیزا"دا وەسفکرد، هیچ وڵاتێك ئامادەنەبوو ترۆتسکی لە خۆبگرێت، لە چاوی حکومەتەکانەوە وەك تێکدەرێك تەماشادەکرا، تەنانەت ئەو وڵاتانەی ئەوروپاش کە بانگەشەی دیموکراسییان دەکرد هاتنی ترۆتسکییان ڕەتدەکردەوە.

لە کۆتایدا، هەندێك لە لایەنگرانی توانییان مافی مانەوەی لە فەرەنسا بۆ دەستبخەن و دواتر لەوێشەوە بۆ نەرویج، بەڵام کاتێك حکومەتی نەرویج ڕێگەی هاندانی دژ بە ستالین و هێرشە بەردەوامەکانی لێگرت، ترۆتسکی بڕیاریدا زەوییەکی دیکە بدۆزێتەوە تا لەسەری بژیت. لە کۆتایی ساڵی 1936دا هونەرمەندی گەورەی مەکسیکی (دیگۆ ڕیڤێرا) توانی حکومەتی وڵاتەکەی قایلبکات بۆ پێدانی مافی مانەوە بە ترۆتسکی. هەتاوەکو تیرۆرکردنی لەسەردەستی یەکێك پۆلیسە نهێنییە بەکرێگیراوەکانی ستالین لە ئۆگۆستی 1940، ترۆتسکی لە مەکسیك مایەوە.

بە درێژایی مانەوەی لە تاراوگە، ترۆتسکی وزەیەکی زۆری لە نوسیندا خستبووەگەڕ. ئەمە لە کاتێکدا بەکرێگیراوەکانی ستالین لە کاردابوون بۆ شێواندی رۆڵی ترۆتسکی لە شۆڕشی روسیا و پەیوەندییەکانی بە لینینەوە، ترۆتسکی دەستیکرد بە نوسینی زنجیرە کتێبێك بۆ تۆمارکردنی مێژووی خۆی، وەك کتێبی ژیاننامەکەی: "ژیانی من"، هەروەها "مێژووی شۆڕشی روسیا" کە بە یەکێك لە گرنگترین بەرهەمەکانی دادەنرێت.

سەرەڕای دابڕاویی و دوورەپەرێزییەکەی، ترۆتسکی لە نزیکەوە چاودێریی گۆڕانکاری و وەرچەرخانە سیاسییەکانی جیهانی دەکرد، بە چڕی دەربارەی ستراتیژ و تاکتیکی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی زۆرێك لە وڵاتان دەینوسی. هاوشێوەی مارکس و ئەنگڵس و لینین، ترۆتسکیش باوەڕی بە زەروریەتی یەکێتی نێوان تیۆری و پراکتیك هەبوو. تەنانەت لە تاراوگەش کە لە ژێر چاودێرییدا بوو، سەرەڕای لاوازی قەبارەی گروپە شۆڕشگێڕییەکانی دەوری ترۆتسکی بەراورد بە هێزە ستالینییەکان، ترۆتسکی هەرچی لە توانادابوو ئەنجامیدا بۆ ئۆرگانیزەکردنی لایەنگرانی لە سەرتاسەری جیهاندا، لە هەوڵی بەرپەرچدانەوەی ئەو رۆڵە تێکدەرانەیە بوو کە کۆمێنترن لە ژێر سەرکردایەتی ستالیندا دەیبینی، کە هەرە کارەساتئامێزەکەیان بریتیبوو لە رێگەدانی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانی بە - بە سەرپەرشتی راستەوخۆی کۆمێنترن- هاتنەسەر دەسەڵاتی هیتلەر.

## بەشی (15)
## خەبات دژ بە فاشیزم

ترۆتسکی هاتنەسەر دەسەڵاتی فاشیزمی لە ئەڵمانیا بە "گەورەترین شکستی چینی کارکەر لە مێژوودا" وەسفکرد. لە یەنایەری 1933دا هیتلەر گەیشت بە دەسەڵات، ترۆتسکی پێش روودانی بە سێ ساڵ هۆشداری سەبارەت بەم مەترسییە دابوو، لەوباوەڕەدابوو کە سەرکەوتنی فاشیزم بە تەنها شکستی چینی کارکەری ئەڵمانی نییە، بەڵکو شکستی گشت هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئەوروپایە.

ترۆتسکی پێیوابوو کە دەتوانرا بەرپەرچی فاشیزم بدرێتەوە و رابگیرێت، چونکە رێکخستنەکانی چینی کرێکارانی ئەڵمانیا گەورەتر و بەرفراوانتر بوون لە هەر دەوڵەتێکی دیکە. لە ساڵی 1932دا پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی زیاتر لە 1 ملیۆن ئەندامی هەبوو، لە کاتێکدا ئەندامێتی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانی نزیکەی 300 هەزار ئەندام بوو، هەردوو حیزبیش نزیکەی 50 هەزار ئەندامی رێکخراوەکانی لاوانیان هەبوو.

لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی سێپتێمبەری 1930ی ئەڵمانیادا، هەردوو پارتەکە (سۆسیال دیموکرات و کۆمۆنیست) پێکەوە نزیکەی دوو ئەوەندەی پارتی نازی دەنگیان هێنا. تەنانەت لە مارسی 1933دا و دوای گەیشتنی هیتلەر بە دەسەڵات و قەدەغەکردنی پارتی کۆمۆنیست و بەرپاکردنی

تیرۆرێکی دڕندانە دژ بە هێزە چەپەکان، کۆی ئەو دەنگانەی هەردوو پارتی سۆسیال دیموکرات و کۆمۆنیستی ئەڵمانی بە دەستیانهێنابوو بریتیبوو لە نزیکەی 12 ملیۆن دەنگ. ئەوەی لە هەموو شتێك گرنگترە سەبارەت بە ژمارەی دەنگەکان، وەك ترۆتسکی ئاماژەی پێدەدات سەرچاوەی دەنگەکانە، کە بریتییە لە کرێکارە ئۆرگانیزەکراوەکانی ڕێکخراوە کرێکارییەکانی کارگەکان و نێودڵی ئابوریی ئەڵمانیی.

ترۆتسکی لەوباوەڕەدا بوو کە تاکە ڕێگە بۆ ڕاگرتنی هیتلەر و نازییەکان بریتییە لە بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان کۆمۆنیستەکان و سۆسیال دیموکراتەکان، بەڵام تاکتیکەکەی ترۆتسکی دژی سیاسەتی پارتی کۆمۆنیست بوو کە ئەویش پەیوەستبوو بە ستراتیژیەتی ستالینیستییانەی کۆمێنترن.

کۆمێنترن وەرچەرخانێکی دیاری بە خۆوە بینی لە ساڵی 1928دا کە پێی دەوترێت "ماوەی سێیەم". ماوەی یەکەم بریتیبوو لە ساڵانی 1917 بۆ 1923، کە بریتییە لە ماوەی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییە گەورەکان کە ڕوسیا و گشت ئەوروپای گرتبۆوە، هەروەها ماوەی دووەم بریتییە لەو ماوەیەی کە بە جێگیربوونی سەرمایەداری ناسراوە لە 1923 بۆ 1928، وەك ترۆتسکیش ئاماژەی پێداوە بریتییە لە ماوەی هەڵە کارەساتئامێزەکان، کاتێك لە وڵاتی چین پشت بە ناسیۆنالیستەکان دەبەسترێت، لە بەریتانیاش بە سەندیکاییە بیرۆکراتەکان.

بە قسەی ستالین و ڕابەرانی کۆمێنترن بێت، ماوەی

سێیەم بریتییە لە کۆتا قەیرانی سەرمایەداری، بەو مانایەی رابوونێکی بە هێزی هێرشی شۆڕشگێڕانە بۆسەر سەرمایەداری بەڕێوەیە. بەوجۆرە ئەم تێڕوانینە لە دامەزراندنی سەندیکا "سوور"ەکاندا رەنگیدایەوە کە تەنها کۆمۆنیستەکانی لە خۆدەگرت و سیاسەتی بەرەی یەکگرتووی رەتدەکردەوە، بەجۆرێکیش مامەڵەی لەگەڵ "سۆسیال دیموکراتەکان" دەکرد وەك ئەوای "سۆسیال فاشیست" بن، هەربۆیە ئەوانیش بوونە دوژمنی سەرەکی بۆ کۆمۆنیستەکان.

لە بەرامبەردا ترۆتسکی باسی لەوەدەکرد کە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر نییە بیسەلمێنێت قەیرانی ئابوری بە شێوەیەکی حەتمی رادیکاڵیزمی شۆڕشگێڕی لای جەماوەرێکی بەرفراوان دەخوڵقێنێت. زووزوو داوای لە کۆمۆنیستەکان دەکرد فشار بخەنەسەر سۆسیال دیموکراتەکان بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوانیاندا، لە پێناو بەگژداچوونەوەی فاشیزم.

ترۆتسکی لە میانەی شیکارێکی کۆنکرێتیی خودی فاشیزمەوە ئەم ستراتیژییەی دامەزراند، دەڵێت فاشیزم "بزوتنەوەیەکی دژە شۆڕشە" و فۆکوس دەخاتەسەر چینی ناوەڕاست کە بە هۆی ئەو قەیرانە ئابورییەی لە سەرەتای سییەکاندا ئەڵمانیای وێرانکردبوو بە جۆرێك لە جۆرەکان لە هەستکردن بە ترس و نەبوونی ئارامیدا دەژیان. ترۆتسکی دەنووسێت کە پێویستە لەم جێڕەوتەدا لە دیاردەی هیتلەر تێبگەین؛ وەك رەنگدانەوەیەکی زیندوی چینی ناوەڕاستی ترس لێنیشتوو.

راستە چینی ناوەڕاست پێکهێنەری بنەڕەتیی بنکەی جەماوەریی فاشیزم بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ترۆتسکی پێیوابوو بەبێ پشتگیریی هەندێك یەکەی چینی سەرمایەداران، هیتلەر نەیدەتوانی بێتە سەر دەسەڵات. سەرەڕای ئەوەی سەرمایەداران هەمیشە دیموکراسیی بۆرژوازیی بە باش دەزانن، بەڵام لە کاتی قەیرانە قورسەکاندا پەنا بۆ فاشیزم دەبەن. ترۆتسکی ئەمەی بەو نەخۆشە چواند کە لە دکتۆری ددان دەترسێت، بەڵام کاتێك ئازارەکە دەگاتە رادەیەکی بەرگە نەگیراو، ناچارە بچێتەلای دکتۆرەکە. لە کاتی ئەو دارِوخانە ئابورییەی لە سەرەتای سییەکاندا ئەڵمانیا بە خۆیەوە بینی، سەرمایەدارە ئەڵمانییەکان لە چاوی هیتلەرەوە بە دوای هەلێکی نوێدا دەگەڕان بۆ تێکشکاندنی رێکخراو و پارتەکانی چینی کرێکاران، وەك رێگەخۆشکەرێك بۆ گەڕاندنەوەی قازانجەکانیان و رزگاربوونیان لە قەیرانەکە.

ترۆتسکی راڤەی ئەم بابەتەی کردووە، کاتێك وەزیفەی بنەڕەتیی فاشیزم دەستنیشان دەکات کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ لە ناوبردنی تەواوی رێکخستنەکانی چینی کرێکاران، تەنانەت ئەگەر ببێتە مایەی کۆتاییهێنان بە دیموکراسیی پەرلەمانییش. ئەمە دۆخی ئەڵمانیا بوو؛ سڕینەوەی گشت فۆڕمە رێکخراوەییە جەماوەرییەکان -تەنانەت تیمەکانی دیدەوانییش قەدەغەکران-، هەروەها قەڵاچۆکردنی سەرجەم پێکهاتە دیموکراتیکەکان و دامودەزگاکانیان، هەربۆیە هەوڵەکانی پارتی سۆسیال دیموکرات بۆ دامەزراندنی

ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی، بە شکستێکی گەورە کۆتاییهات.

ترۆتسکی هەمیشە بەوجۆرە باسی لە راسیزم دەکرد کە -وەك ئەو دەڵێت (داهێنانی رەگەزە)- لە لایەن نازییەکانەوە بەکاردێت بۆ پاڵپشتیی لە سیستەمەکەیان.

پارتی کۆمۆنیستیش خاوەن هێزێکی وەها نەبوو کە بتوانێت شکست بە فاشیزم بهێنێت. ئەوەی بارودۆخەکەی ئاڵۆزکردبوو بەردەوامبوونی کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا بوو لە ستراتیژیەتێکی کارەساتئامێز، کە سۆسیال دیموکرات وەك دوژمنی سەرەکی دەبینێت، هەروەك پەنایان دەبردەبەر جیاکردنەوەیەکی تەواو لە نێوان بنکە جەماوەرییەکەیان و بنکەی جەماوەری پارتی سۆسیال دیموکرات.

گشت ئارگومێنتەکانی ترۆتسکی لەم بابەتەدا بەو ئاراستەیەدا بوون کە تاکە رێگەی راگرتنی فاشیزم بریتییە لە ئەکتی یەکگرتووی ملیۆنان کرێکاری ئۆرگانیزەکراو لە سەندیکا و پارتە سیاسییەکاندا. هەروەها مشتومڕی لەسەرئەوە دەکرد کە ئەم بەرە یەکگرتووە گەشە دەکات و لە بەرگریکردنەوە بەرەو هێرشکردن دەڕوات، لە میانەی خەباتیشدا وەردەچەرخێت بۆ رێکخستنی کرێکاریی هاوشێوەی سۆڤیەتەکان کە توانییان لەساڵی 1917 دەسەڵاتی سیاسی روسیا بە دەستەوە بگرن، بەڵام کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا گوێی خۆیان لە گشت ئەم مشتومڕانە کەڕکردبوو.

جێبەجێکردنی تێزەکانی ترۆتسکیش لە ئەڵمانیادا هێندە ئاسان نەبوون، زەحمەت بوو کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا لە

بیریانبچێتەوە کە ئەوە سەرکردەکانی سۆسیال دیموکرات بوون پێش چەند ساڵێك ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ تیرۆرکردنی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ  و کارڵ لیبکنێخت . بەڵام ترۆتسکی لەسەر بۆچوونەکانی بەردەوام بوو کە یەکڕیزی نێوان ڕێکخراو و پارتەکانی چینی کرێکارانی ئەڵمانیا کارێکی زەرورییە.

سەرەڕای قورسایی سیاسی و مێژووی ترۆتسکی، زۆر کەس گوێیان بۆ قسەکانی نەدەگرت، تەنها کەمینەیەك لە لایەنگرانی نەبێت کە ژمارەیان لە 500 کەس تێندەپەڕی، ئەم کۆمەڵەش لەهەوڵی بەردەوامی خۆفراوانکردن و گەشەکردندا بوون، بەڵام بێئەنجام بوو. زۆرینەی کتێبەکانی ترۆتسکی چاپ و بڵاودەکرانەوە، بەڵام کاریگەرییەکی وەهایان نەبوو شایەنی باس بێت.

ترۆتسکی تەواو درکی بە دڕندەیی و مەترسییەکانی فاشیزم کردبوو، بەڵام دەستەوەستان بوو لە ڕاگرتنی. بەمجۆرە هۆشداریدا بە کرێکارانی ئەڵمانیا: "ئەگەر فاشیزم بگاتە دەسەڵات، وەك تانکێکی ترسناك بەسەر ئێسك و پروسك و کەللەسەرتاندا دەڕوات ". جێگەی داخە بەوپەڕی تراژیدییەوە، ئەو هۆشدارییە ڕاست دەرچوو.

## بەشی (16)
## شۆڕشێکی غەدرلێکراو

هەتاوەکو ساڵی 1933، ترۆتسکی لەو باوەڕەدا بوو کە کۆمێنترن و پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی دەکرێت چاکسازییان تێدا بکرێت، بەڵام پاش گەیشتنی هیتلەر بە دەسەڵات لە ئەڵمانیا، و بە بێ هیچ خەباتێکی راستەقینە دژ بەم پرۆسەیە لە لایەن پارتیی کۆمۆنیستی ئەڵمانییەوە لەسەر بنەمای ئامۆژگارییەکانی کۆمێنترن، ترۆتسکی گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە شۆڕشێکی "سیاسی" لە روسیا پێویستە، هەروەها پێویستییەکی فەرامۆشنەکراویش هەیە بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی ئینتەرناسیۆناڵی نوێ.

دوای نزیکەی 5 ساڵ، کۆبونەوەیەك لە نێوان 21 نوێنەری 11 وڵاتی جیاجیا لە فەرەنسا رێکخرا و "ئینتەرناسیۆنالی چوارەم" راگەیەندرا. جگە لە نوێنەری ئەمریکا، گشت نوێنەرانی دیکە نوێنەرایەتیی هێزی فرە لاوازی وڵاتەکەیان دەکرد. بە پێچەوانەی "ئینتەرناسیۆناڵی سێیەم" کە لە ژێر سایەی چالاکیی و گڕوتینێکی بێپێشینەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی جیهان سەریهەڵدا، لە ماوەیەکی کورتدا توانی زۆرێك لە هێزە سۆسیالیستییە شۆڕشگێڕەکان بۆ ستراتیژیی و دروشمەکانی خۆی راکێشبکات، ئینتەرناسیۆناڵی چوارەم لە ژێر سایەی ماوەیەکی درێژ لە شکستی یەك بە دوای یەك و باڵادەستبوونی فاشیزم و بەرپابوونی جەنگی جیهانی

دووەم دامەزرا، هەربۆیە ئینتەرناسیۆناڵی چوارەم نەیتوانی ئەو گۆشەگیرییە بشکێنێت کە بە سەریدا سەپێندرابوو.

ساڵی 1936 ترۆتسکی کتێبی "شۆڕشێکی غەدرلێکراو The Revolution Betrayed" دەنوسێت، کە تێیدا بە وردی سروشت و واقیعی روسیای ستالینیستی خستۆتەڕوو. بێگومان ئەوە هەوڵێك بوو بۆ دووبارە بەخشینەوەی مانای راستەقینە بە سۆسیالیزم وەك سیستەمێکی دامەزراو لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی و دیموکراسی. لەو سەروبەندەدا ستالین رایگەیاند کە روسیا کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستیی بونیادناوە، لە کاتێکدا ترۆتسکی جەختی لەوە دەکردەوە کە روسیای ستالینیستی دەوڵەتێکی سۆسیالیستی نییە، بە بەڵگەی ئەوەی بە هیچ جۆرێك یەکسانی لە کۆمەڵگەی روسیادا نییە. لە شیکردنەوەشی بۆ پرسی ژن لە کۆمەڵگەدا، ترۆتسکی دەنوسێت "ناکرێت باس لە سەرکەوتنی سۆسیالیزم بکرێت، لە کاتێکدا لە روسیا لەشفرۆشی لە رادەبەدەر هەبێت ".

تاوانەکانی ستالین لە مرۆڤدا بۆ هەموو کەس روون و ئاشکران، بەڵام لە سییەکانی سەدەی رابردوودا بەمجۆرە نەبوو. ترۆتسکی یەکەم سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ بوو کە شیکارییەکی وردی مارکسیستیی سەبارەت بە روسیای ستالینیستی بخاتەڕوو، رەخنەکانی چەشنی بۆمبێك بوون بە رووی هەمواندا تەقینەوە. ترۆتسکی ئاماژەی بەوەدا کە ستالین گشت دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری لە باربردووە، بۆ نموونە لەسەرئاستی مافی ژنان، ستالین

دووباره مافی لەباربردنی قەدەغەکردەوە، هەروەها تەڵاق لە سەردەمی ستالیندا ببوە ئیمتیازێك بۆ کەسێك کە بتوانێت بە پارە بەدەستیبهێنێت، لەگەڵ چەندین بابەتی دیکە. هەروەها لەسەردەستی ستالین بوو کە رزگاریی نیشتیمانیی نەتەوە چەوساوەکان و مافی چارەی خۆنوسینی گەلان گۆڕدرا بە شۆڤێنیزمی روسی، کە تەواوی مافە نەتەوەییەکانی لە ناوبرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، خەملاندنی ترۆتسکی لە شیکردنەوەی بۆ بیرۆکراسیی ستالینیستی و رۆڵی لە دژە شۆڕشدا بە تەواوی راست دەرنەچوون، ترۆتسکی کەوتە هەڵەوە کە پێیوابوو روسیا لەو سەردەمەدا نوێنەرایەتی "دەوڵەتی کرێکاریی" دەکات، بەڵکو ئەو دەوڵەتەی ترۆتسکی بەم جۆرە وەسفیدەکرد بریتیبوو لە حکومڕانییەکی بیرۆکراتیك لە لوتکەی دەسەڵاتدا. دواتر هەندێك لە سۆسیالیستەکانی وەك (تۆنی کلیڤ)ی دامەزرێنەری رەوتی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕیی، بەشداربوون لە درێژەدان و گەشەپێدانی شیکارییەکەی ترۆتسکی، بەڵام کلیڤ مشتومڕی لەسەر ئەوەدەکرد کە رووسیای ژێر دەسەڵاتی ستالین هەر لە بنەڕەتەوە دەوڵەتێکی پرۆلیتاری نەبووە، بەڵکو فۆرمێکی دیکەی سەرمایەداری بوو، کە لە جیاتی پیاوانی خاوەنکار و ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیا گەورەکان، لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەدەبرا، هەربۆیە پێیدەوت "سەرمایەداریی دەوڵەتیی State capitalism".

لە پێناو دەستدرێژیکردنە سەر ئاستی بژێویی کرێکاران و

جوتیارانی روسیا، ستالین هەستا بە بەرتەسککردنەوەی زیاتری مەودای هەموو جۆرێك لە جۆرەکانی ئۆپۆزسیۆن لە روسیا. لەم بوارەدا ستالین بە دانەپاڵی تۆمەتی تیرۆریست و تێکدەر و داردەستی فاشیزم، ئیدانەی ترۆتسکی و هەموو ئەوانەی دەکرد کە بەرهەڵستیی سیستەمەکەیان دەکرد. ستالین بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو جەماوەردا، کۆمەڵێکی زۆر درۆ و پڕوپاگەندەی ساختەی سەبارەت بە "ترۆتسکیزم" هەڵبەست، تەنانەت تۆمەتی ئەنتی سیمیتیکی ئاراستەی ترۆتسکی و گشت ئەو نەیارانەی دەکرد کە خاوەن رەچەڵەکێکی یەهودی بوون.

ستالین هەستا بە بژارکردنی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، گشت نەیارەکانی لە حزب دەرکرد. هەڵمەتەکە زۆرێك لە لایەنگرە کۆنەکانی ستالینیشی گرتەوە؛ (بەڵشەفیکەکان)، کە پێشتر لە گرتوخانەکانی قەیسەر زیندانیی بوون، هەندێکیان نێردران بۆ گرتوخانە و ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ، زۆرینەشیان پاش تۆمەتبارکردنیان بە بەکرێگیراوی فاشیزم و هەوڵدان بۆ کاری تیرۆریستی لە سێدارەدران. بێگومان لە سێدارەدانەکە پاش ئەوە بوو کە لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا دانیان بەو تۆمەتانەدا دەنا، تەنانەت ئەوانەش کە ئیعترافییان نەدەکرد، لە سێدارەدەدران.

لە نێوان 1935-37دا، ستالین چەندین دادگایی کرد کە دادگاییکراوەکان کۆمەڵێکی زۆر لە سەرکردە کۆنەکانی بەڵشەفیك بوون، وەك (کامینێڤ و زینۆڤیڤ)، کە لە شۆڕشی 1917دا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بەڵشەفیك

بوون، پاشانیش بوونە گرنگترین هاوبیرەکانی ستالین پێش ئەوەی لەگەڵ ترۆتسکیدا پەیوەندی بکەن بە "ئۆپۆزسیۆنی یەکگرتوو"ەوە لە نێو حزبدا. ئەوەبوو ناچارکران بە ئاشکرا و لە بەردەم جەماوەردا دان بە وەدا بنێن کە هاوشانی ترۆتسکی بەکرێگیراوی فاشیزمن، پاشان گوللەباران کران.

لە راستیدا ستالین گشت هاوڕێکانی لە کۆمیتەی ناوەندیی بەڵشەفیکی ساڵی 1917ی لەسێدارەدا، جگە لە ترۆتسکی کە دوورخرایەوە بۆ تاراوگە، هەروەها (ئەلیکساندرا کۆلۆنتای) کە لە کاتی ئەو دادگاییە کارتۆنییەدا لە پۆستی باڵیۆزی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەوروپا کاریدەکرد.

ستالین هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا کە خۆی وەك میراتگری شەرعیی لینین پیشانبدات، تەنانەت هەتاوەکو ئەمڕۆش زۆرن ئەوانەی لینین و تاوانەکانی ستالین پێکەوەدەبەستنەوە. جگە لە پێویستیی ستالین و هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ سڕینەوەی کۆی میراتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر پێویست بە خستنەڕووی هیچ شتێکی زیاتر نییە کە ببێتە دابڕانێکی تەواوەتی لە نێوان شۆڕشی بەلشەفیکیی ئۆکتۆبەر و تاوانە نامرۆڤانەکانی ستالین. هەروەك چۆن ترۆتسکی دەنووسێت "هەوڵەکانی بژارکردنی ناو حزب نەك تەنها هێڵێك لە خوێن، بەڵکو رووبارێك لە خوێنی کێشاوە لە نێوان بەڵشەفیزم و ستالینیزمدا ".

لە ئۆگۆستی 1940دا، یەکێك لە بەکرێگیراوەکانی ستالین هەستا بە تیرۆرکردنی ترۆتسکی لە ماڵەکەی خۆیدا لە مەکسیك.

ستالین هەر بە تەنها ترۆتسکی نەکوشت، بەڵکو تەواوی خێزانەکەشی لە ناوبرد. یەکێك لە کچەکانی ترۆتسکی پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشی سیل مرد، ئەوەش پاش دوورخستنەوەی لە پارتی کۆمۆنیست و رێگرتن لە کارکردنی. کچێکی دیکەی بە ناوی (زینا) پەنای بۆ خۆکوشتن برد پاش ئەوەی مێردەکەی و مێردی خوشکەکەی نێردران بۆ ئۆردوگای کاری زۆرەملێ لە سیبریا. کوڕە گەورەکەی ترۆتسکی (لیۆن سیدۆڤ) کە بە (لیۆڤا) ناسراوە - لە تاراوگە زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ ترۆتسکیدا کاری دەکرد- ساڵی 1938 لە لایەن پۆلیسی نهێنی ستالینەوە دەرمانداو کرا. تەنانەت بچوکترین کوڕی ترۆتسکی کە زانایەك بوو دووربوو لە کاری سیاسی، بە هەمانشێوە ساڵی 1934 دەستگیرکرا و پاشان نێردرا بۆ ئۆردوگای کار، دوایین هەواڵی ئەوەبوو کە ساڵی 1936 مانی لە خواردن گرتووە. سەبارەت بە ژنی یەکەمی ترۆتسکی (ئەلیکساندرا سکۆلۆڤسکایا)، کە رۆڵێکی چالاکی هەبوو لە ریزی ئۆپۆزسیۆندا، لە ساڵی 1936 لە شاری (لینینگراد) دەرکراو دواجار لە ساڵی 1938 گوللە بارانکرا.

ئەمە تەنها چیرۆکێکی تراژیدیی ترۆتسکی نییە، بەڵکو ئاماژەی ئامادەیی تەواوی ستالینە بۆ لە ناوبردنی نەیارەکانی و سڕینەوەی میراتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر. وەك کوڕەکەی ترۆتسکی (سیدۆڤ) دەنووسێت "ستالین وەك کەسێتیی رقی لە ترۆتسکی نەبوو، بەڵکو لەبەرئەوە رقی لێیبوو کە بەرجەستەکەرێکی زیندوی میرات و ئایدیاکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو ".

## بەشی (17)
## ئایا ترۆتسکی دەیتوانی شکست بە ستالین بهێنێت؟

زۆرێك لە مێژوونووسان ململانێی نێوان ترۆتسکی و ستالینیان وەك ململانێی دوو کەس لەسەر دەسەڵات وێناکردووە. تەنانەت ئەگەر بابەتەکە لە فۆڕمێکی کەسییشدا وەربگرین، بە ئاسانی دەردەکەوێت کە تواناکانی ترۆتسکی چەندین قۆناغ لەسەرو ستالینەوەیە، بە پێچەوانەی ترۆتسکییەوە، ستالین رۆڵێکی لاوەکی و پەراوێزیی هەبوو لە شۆڕشی 1917. وەك مێژوونووسی روسی (سۆخانۆڤ) دەڵێت "ستالین ئەو بەرهەستەی -نەك تەنها لای من- لای هەمووان دروستکردووە کە تەنها دەستێکی خۆڵەمێشی بووە لە شۆڕشدا ". بەڵام ترۆتسکی دۆست و دوژمن شایەتی لەسەر تواناکانی دەدەن لە گوتاردان و هاندان و رێکخستندا، هەر ترۆتسکی رێکخەری راپەڕینی چەکداریی ئۆکتۆبەری 1917 بوو، هەروەها سەرکردایەتی سوپای سووری کرد بۆ سەرکەوتن لە شەڕی ناوخۆی 1918-1921.

کاتێك ساڵی 1921 کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ هات، بەراورد بە چینی کرێکاران، بیرۆکراتیزم چەندین هێندە گەشەیکرد، نزیکەی 5,9 ملیۆن فەرمانبەری بیرۆکراتی لە دەوڵەتدا هەبوون، لەکاتێکدا ژمارەی کرێکارانی کەرتی پیشەسازی 1,25 ملیۆن کرێکار بوون.

کاتێکیش دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆ پیشەسازیی روسیا دووبارە بونیادنرایەوە، ژمارەی چینی کرێکاران بە شێوەیەکی زۆر بەرزبۆوە، بەڵام کرێکاران هێشتا گیرۆدەی لاوازیی و ماندوویی سیاسی بوون، ئەمە سەرەڕای کەمی ژمارەیان بەراورد بە فەرمابەرە بیرۆکراتەنی دەوڵەت و بڵاوبوونەوەی نائومێدیی لە نێو ریزەکانیاندا. گشت ئەمانە هۆکاربوون کە کرێکاران نەتوانن هیچ خەباتێکی بەرچاو دژ بە ستالین و سیاسەتەکانی ئەنجامبدەن.

لە بەرئەوە سەرەڕای قورسایی سیاسیی ترۆتسکی و هەبوونی رێز و شکۆیەکی بەرفراوان وەك سەرکردەیەکی شۆڕشی روسیا و سوپای سوور، بەڵام لەو دەمەی بیرۆکراتیزمی ستالینی تەنگی پێهەڵچنی و لە حزب دەرکرا و نەفیکرا بۆ دەرەوەی روسیا، هیچ بە دەنگەوەهاتنێکی جەماوەریی بۆ پشتگیری لە ترۆتسکی بوونی نەبوو.

بە هۆی ئەوەی کەوتە ناو چەند هەڵەیەکی تاکتیکییەوە، ترۆتسکی لە لایەن بەشێك لە لایەنگرانیەوە رووبەڕوی چەندین رەخنە بووەوە، بۆ نموونە بێدەنگبوونی لە نوسینێکی لینین کە وەك وەسیەتێك ئامۆژگاریی دابوو بە لابردنی ستالین. راستە ترۆتسکی لە زۆربەی ئەوکاتانەی دەبوو قسەبکات بێدەنگی هەڵبژارد، تەنانەت هەندێك سازشی دەکرد کە نەدەبوو بیانکات، بەڵام هەموو ئەو هەڵانە جەوهەریی و یەکلاکەرەوە نەبوون لە ململانێیدا لەگەڵ ستالین.

چارەنووسی شۆڕشی روسیا پەیوەست بوو بە بڵاوکردنەوەی شۆڕش لەسەر پنتەکانی دیکەی گۆی زەوی، لە کاتێکدا سەرمایەداریی جیهانیی لە هەوڵدابوو بۆ تەواو بە دابڕاویی هێشتنەوەی روسیای سۆڤیەتیی لە گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی دیکەی جیهان، بە دیارییکراوی ئەمە بوەهۆی باڵادەستبوونی ستالین.

وەك باسمانکرد ستالین لە لایەك پشتی بە بنکەیەکی بیرۆکراتیکی نێو دەوڵەت دەبەست، لە لایەکی دیکە بە لاوازی و داڕوخانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی کرێکاران. لە هەمان کاتدا رووادنی هەر شکستێکی شۆڕش لە جیهاندا، دەبێتەهۆی داڕمانی متمانە و ئیرادەی شۆڕشگێڕیی لای چینی کرێکاران. هەرچەندێك بارودۆخی ستالین رووی لە بە هێزی بکردایە، هێندەش زیاتر دەیتوانی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بەسەر پارتە کۆمۆنیستییەکانی جیهاندا بسەپێنێت، کە ئیدی وردە وردە دەبوونە بەکرێگیراوی سیاسەتی دەرەکی روسیا، کە ئەویش بەردەوام بوو لە ستراتیژییە کارەساتئامێزەکانی و جگە لە نشوستی زیاتر هیچی دیکەی بەدوای خۆیدا نەهێنا.

سەرەڕای ئەوەی دواجار ترۆتسکی توشی شکستهات، بەڵام نەیارییە مەبدەئیەکەی میراتێکی تەواو جیاواز لە وەی ستالینی لە دوای خۆی جێهێشت، ترۆتسکی وەك وەفادارێکی رۆحیی دیموکراسی و ئینتەرناسیۆنالی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

مایەوە. ئایدیای سێنترالّی مارکس بۆ شۆڕش ئەمەیە؛ پێویستە کرێکاران خۆیان جیهان بگۆڕن "رزگاریی چینی کرێکاران بە دەستی کرێکاران نەبێت بە دینایەت". ئەمە ئەو میراتە بوو کە هەمیشە ترۆتسکی دەگەڕایەوە بۆی، ئەگەر وەك پێویستیش دژ بە ناپاکییەکان خەباتی نەکردبێت، لانی کەم توانیویەتی میراتە رەسەنەکە داببڕێت لە تاوان و لادانەکانی ستالین.

## بەشی (18)
## میراتی لیۆنترۆتسکی

دوو پرەنسیپی بنەڕەتی هەن کە ترۆتسکی بە درێژایی ژیانی دەگەڕایەوە بۆیان: "ئینتەرناسیۆناڵ" و "سۆسیالیزم لە خوارەوە". ئەمڕۆش لەگەڵ هەڵکشانی بزوتنەوە جەماوەرییە جیهانییەکان دژ بە نیۆلیبڕالیزم و سیاسەتەکانی سەرمایەداری، هۆشیاریی جەماوەر گەشەیکردووە و گەیشتۆتە ئەو رادەیەی درك بە گرنگیی پشتیوانیکردنی تێکۆشانە جیاجیاکانی جیهان بکات. ترۆتسکی پشتیوانێکی سەرسەختی گشت چەوساوە و مافخوراوەکانی جیهان بوو، بەڵام هەمیشە جەختی لەوەدەکردەوە کە ئینتەرناسیۆناڵ تەنها لە پشتیوانیدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو زیاترە لەوە. پێش چەندین دەیە لە تییۆرییەکانی "جیهانگیریی سەرمایەداریی"، ترۆتسکی لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێت وەك گشتێکی یەکپارچە لەم جیهانە - ئابورییەکی جیهانی و خەباتێکی جیهانی- بڕوانین.

ترۆتسکی لە کتێبەکەیدا؛ "شۆڕشی بەردەوام" جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئینتەرناسیۆناڵ تەنها پرەنسیپێکی ئەبستراکت نییە، بەڵکو رەنگدانەوەیەکی سیاسی و تیۆریی سروشتی ئابوریی جیهانییە، رەنگدانەوەی گەشەسەندنی جیهانیی هێزەکانی بەرهەمهێنان و خەباتی چینایەتییە لەسەر ئاستی گشت جیهان .

گۆشەنیگای ترۆتسکی بۆ جیهان وەك گشتێکی یەکپارچە، خاڵی جێگیر و نەگۆڕی گشت ئایدیا و چالاکییەکانی بوو، لە نێویاندا پەرەپێدان بە تیۆریی شۆڕشی بەردەوام، بەرهەڵستیکردنی

جەنگی ئیمپریالیستی، پرەنسیپە نەگۆڕەکەی دەربارەی زەروریەتی بڵاوکردنەوەی شۆڕش لەسەرئاستێکی ئینتەرناسیۆناڵ، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بێگومان خۆجیانەکردنەوەی لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانیی.

تێڕوانینی ترۆتسکی، هاوشان لەگەڵ تێگەیشتنی بۆ سروشتی گەشەسەندنی تێکەڵاو و نایەکسان، ئاماژەن بۆ ئەنجامگیرییەکی ستراتیژیی پەیوەست بە خەبات دژ بە سەرمایەداری ئەمڕۆ. لە مڕۆدا ژمارەی کرێکارانی جیهان گەلێك لەو سەردەمە کەمترە کە ترۆتسکی تێیدا ژیاوە و ئایدیاکانی فۆرمولە کردوون، ئیدی ئێستا ئەوانەی لە زەوییەکاندا کاردەکەن کرێکاری کشتوکاڵیین و چارەنوسی ژیان و کارەکەیان لە ژێردەستی سیستەمی سەرمایەداری و کۆمپانیا گەورەکاندایە.

لە لایەکی دیکەوە چەندین شاری هەرەمەکی و بەربڵاوی وڵاتانی جیهانی خواروو [هەژارنشین] هەن کە خانوەکانیان لە تەنەکە دروستکراوە و بە شێوەیەکی ناڕێك لە پەراوێزی ئابوریی جیهانییدا دەژین. لەو شارانەدا، بۆ نموونە لە ئەمەریکای لاتینی، زۆرێك لەو دانیشتوانانەی دەیان ساڵ لە ژێر سایەی جیاکاریی رەگەزیدا ژیانیان بەسەربردووە، لە ئێستاشدا بە دەست دواپلەی هەژاریی و چەوساندنەوەوە دەناڵێنن. ئەم بارستە جەماوەرییە لە کرێکاری هەژار و ناڕێکخراو، چەشنی کۆگایەکن لە تەقەمەنیی وزەی شۆڕشگێڕیی، کە لە میانەی راپەڕین و شۆڕشی گەورەوە دژ بە چەوساندنەوە و هەژاری سەردەردەهێنن، بەڵام ئەو خەباتانە پێویستییەکی گەورەیان بە پێکەوەگرێدان هەیە لەگەڵ هێزی

خەباتی چینی کرێکارانی رێکخراو لە کارگە و ئەو شوێنی کارانەی کەوتوونەتە نێودڵی ئابوریی سەرمایەدارییەوە. ئەم یەکخستنەی نێوان خەباتەکان دەشێت هەلی گەورەی شۆڕش و سەرکەوتن بخوڵقێنێت.

تیۆریی شۆڕشی بەردەوام ئەوە روووندەکاتەوە کە چۆن خەباتەکان لە پێناو مافە سیاسییەکان و ریفۆرمە دیموکراتییەکان سەرپێدەخرێن بەرەو خەباتی راستەوخۆ لە پێناو رزگاریی ئابوری و کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان لە لایەن کرێکارانەوە، هەروەها تیۆرییەکە ئەوەش روووندەکاتەوە کە بۆچی ناتوانرێت ئەم رزگارییە بە شێوەیەکی تەواوەتی بە دەستبهێنرێت و کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی لە سنوری نەتەوەیی تاکە وڵاتێکی دابڕاو لە جیهان بونیادبنرێت.

لە دەوڵەتە هەرە هەژارەکانی ئەمڕۆی جیهان، لە چوارچێوەی تەسکی ئەو دەوڵەتانەدا هیچ چارەسەرێك نییە. بۆ نموونە سەبارەت بە کێشەی فەلەستین، کلیلی چارەسەری رزگاریی بریتییە لە خەباتی فراوانی کرێکاریی لە گشت ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەت لە میسردا، کە گەورەترین هێزی کارکەری خاوەن ئەزموونی تێکۆشانی لە ناوچەکەدا هەیە. لە بەرئەوە بونیادنانی سۆسیالیزم لە تاکە دەوڵتێکدا کارێکی ئەستەمە تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکی دەوڵەمەندیش بێت. دروستیی ئەم راستییە بە شێوەیەکی روون لە وڵاتانی دواکەوتوو لە رووی ئابورییەوە دەردەکەوێت.

پەیوەستبوونی ترۆتسکی بە پرەنسیپە شۆڕشگێڕییەکانەوە

تەنها تایبەت نەبوو بە ڕێکخستنی راپەڕینی چەکداریی یاخود ئامادەکاری بۆ مانگرتن، بەڵام بە تەواوی -هەروەك مارکس- باوەڕی بە وەبوو کە رزگاریی دەبێت لەسەر دەستی خودی جەماوەر بەدیبێت، لە نیو دڵی ئەو جەماوەرەشدا؛ چینی کرێکاران، بەڵام یەکێك لەو بەربەستانەی لە بەردەم ئەم ڕێگەیەدا هەیە، ئەوەیە گەلێکجار زۆرینەی جەماوەر درك بە پێویستی ئازادبوونیان ناکەن، یاخود متمانەی تەواویان بە ئیرادە و هێزی بە کۆمەڵی خۆیان نییە بۆ دروستکردنی شۆڕش. لێرەوە ترۆتسکی گرنگییەکی زۆری دەدا بە ستراتیژیی و تاکتیك لە بونیادنانی بزوتنەوە جەماوەرییە فراوانەکاندا بۆ بەدەستهێنان و راکێشانی بەشی زۆری ئەم جەماوەرە لە ژێر کۆنترۆڵی ریفۆرمیزم و ئاڕاستەکردنیان بەرەو ئایدیا و خەباتی شۆڕشگێڕەکان.

ئەمڕۆ زیندوبوونەوەیەکی بێپێشینەی بزوتنەوە جەماوەرییەکانی سەرتاسەری جیهان دەبینین، کە دەکرێت لە ژێر سایەی بێمتمانەبوونی جەماوەر بە پارت و هێزە ریفۆرمخوازەکاندا، ئەم بزوتنەوانە بتوانن شتێك بۆ جەماوەر بکەن. لەم بارەدا ستراتیژییەتی ترۆتسکی لە بەرەی یەکگرتوودا خاوەن گرنگییەکی تایبەتە لە بەڕێوەبردنی هەڵمەتی فراوان بۆ بەرزکردنەوەی داوا هاوبەشەکانی کەرتەکانی کرێکاران و هەژاران. لە هەموو خەباتێکدا، ئەگەر گەورە بێت یان بچووك، چەندین مشتومڕ دێنەئاراوە لە نێوان: (تاکتیکە ریفۆرمخوازییەکان) واتە گۆڕانکاری لە ئاستی سەرەوەدا و لەو سنورانەی سەرمایەداری دەیانسەپێنێت، لەگەڵ (تاکتیکە شۆڕشگێڕییەکان) کە بریتییە لە بەرفراوانکردنی

بەشداریی جەماوەریی لەسەر ئاستی خوارەوە و ڕێکخستنی ریزەکانی شۆڕشگێڕان و ڕووبەڕووبوونەوەی کۆتوبەندەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری. لە میانەی ئەم خەباتانەوە ئایدیاکان بە شێوەیەکی کردارەکی دەست بە گۆڕانکاری دەکەن.

ئەوەی جێگەی ستایشە لە لیۆن ترۆتسکیدا ئەوەیە کە تەنانەت دوای دەرکردنی لە پارتی کۆمۆنیست و دوورخستنەوەی بۆ دەرەوەی روسیا، هەرگیز تەسلیمی ستالین و بێهیوایی نەبوو، بەردەوام بوو لە خەبات، خەباتێك کە تەنانەت لە سەختترین بارودۆخەکانیشدا هەمیشە ئاگردانی میراتی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕیی بە گەشاوەیی هێشتەوە، ئەو میراتەی بنەماکانی دەگەڕێتەوە بۆ یەکسانیی و رزگاریی و ئینتەرناسیۆناڵ.

ئایدیاکانی ترۆتسکی بە هەمانشێوەی مارکس لە پێشووتردا، دۆگماتیك نەبوون، لە هەندێك باردا ئایدیای دروست نەبوون. پێش تیرۆرکردنی بە ماوەیەکی کورت، ترۆتسکی پێشبینی ئەوەی کرد هەریەکە لە سەرمایەداریی خۆرئاوایی و روسیای ستالینی لە ئەنجامی جەنگی جیهانی دووەمەوە دەکەونە قەیرانێکی قوڵەوە، دواتر گۆڕانکارییەکان نادروستیی پێشبینییەکەی ترۆتسکییان دەرخست، کە بووەهۆی پەرشوبڵاوکردنەوە و شڵەژانی لایەنگرەکانی لە پاش کۆتایهاتنی جەنگ، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە ئەرکی نەوەکانی داهاتووە کە کار لەسەر ئایدیاکانی ترۆتسکی بکەن و گەشەیان پێبدەن. بێگومان ئایدیاکانی ترۆتسکی پڕن لە وانەی گرنگ بۆ نەوەی نوێ کە دژ بە سەرمایەداری و جەنگ خەبات دەکەن. سەبارەت بە ئێمە -سەبارەت بە ترۆتسکیش هەروەها- ئەم ئایدیایانە چەکی زیندوون بۆ گۆڕینی جیهان و خەبات لەپێناو داهاتوودا.

١. سەرجەم پەراوێزەکان لە لایەن وەرگێڕی کوردییەوە زیادکراون.
٢. هەر وشە و ڕستەیەك لە نێو ئەم دوو هێمایەدا [ ] نوسرابێت، زیادکراوی وەرگێڕی کوردییە بە مەبەستی روونکردنەوەی زیاتر.
٣. ئەم دوو کتێبە لە بنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزی نوسراون بە ناونیشانی (A rebels guide to Marx)، (A rebels guide to Trotsky)، بەڵام لە وەرگێرانە عەرەبییەکەدا کراون بە (تروتسکی - مارکس، النظریه والممارسه)، وەرگێڕانە کوردییەکەش لەبەر ڕۆشنایی ناونیشانە عەرەبییەکەدا کراوە بە )مارکس - ترۆتسکی، تیۆری و پڕاکتیك).

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەک | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل<br>مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَرکة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنه | هشام جعیط<br>سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | سۆران عەلی | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | 105 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | 106 |
| 2016 | سۆران عەلی | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | 107 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | 108 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | 109 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | 110 |
| 2016 | بابان ئەنوەر | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | 111 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | 112 |
| 2016 | سەرهەنگ‌عەبدولڕەحمان | ئومێدی خۆرەتاوی من | 113 |
| 206 | ئەرسەلان حەسەن | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | 114 |
| 2016 | فوئاد مەجید میسری | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | 115 |
| 2016 | نەوزاد جەمال | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | 116 |
| 2016 | بابان ئەنوەر | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | 117 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | ماركسیزم له هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەكان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆكی ورچەكانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەكانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | كوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. كەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە كارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوكانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەكە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | ماركسیزم چۆن كار دەكات | بابان ئەنوەر | 2016 |